# حزبی شیوعیی عێراق

# هەڵگیرسێنەری شەڕی ناوخۆ

## 1981–1983

دەرسیم پێشەوا

پەرتووکی ئەلکترۆنی

2026

# حزبی شیوعی عێراق

# هەڵگیرسێنەری شەڕی ناوخۆ

## 1983-1981

نووسینی: دەرسیم پێشەوا

2026

پەرتووکی ئەلکترۆنی

* ناوی کتێب: **حزبی شیوعی عێراق هەڵگیرسێنەری شەڕی ناوخۆ**
* نوسەر: **دەرسیم پێشەوا**
* بابەت: **مێژوویی**
* پێداچوونەوە : **ڕێکار ئەحمەد**
* بەرگ و دیزاین: **محەمەد قادر**
* ساڵی چاپ: 2026
* چاپ: **ئەلکترۆنی**

**مافی لەچاپدانەوەی تەنیا بۆ نووسەرە، کۆپیکردن، ڤیدیۆکلیپ دروستکردن، لەبەرگرتنەوەو دانانی لەسەر ماڵپەڕەکان بەبێ مۆڵەتی نووسراوی نووسەر، تووشی سکاڵای یاسایی دەبنەوە.**

| | |
|---|---|
| 4-4 | ناوەڕۆک |
| 7-5 | پێشەکی |
| 50-8 | حزبی شیوعی عێراق هەڵگیرسێنەری شەڕی ناوخۆ |
| 71-51 | حزبی شیوعی عێراق و پێشێلکردنی ڕێککەوتنەکان لەگەڵ یەکێتی |
| 101-72 | سوپای بەعس شوێنی پێشمەرگەکانی یەکێتی تۆپباران دەکات |
| 116-102 | حزبی شیوعیش دیل دەکوژێت |
| 123-117 | ژمارە و بەڵگەکان دەدوێن |
| 126-124 | سەرچاوەکان |
| 139-127 | بەڵگەکان |

# پێشەکی

گومانم لەوەدا نییە کە حزبی شیوعی عێراق، حزبێکی عەرەبی نەتەوەیی عێراقیە نەک حزبێکی ئینتەرناسیۆنالیست، مارکسیست و کۆمۆنیست. هەردەم و لە هەشتاکانی سەدەی ڕابردوودا ئێستاشی لەگەڵدا بێ ئەوە بۆچوونی من بووە کە لادەر بووە لە ڕێبازی مارکسیزم، بەڵام ئەو بۆچوونەم وەکو ڕێزێک بۆ هاوڕێکانم شاردۆتەوە و ڕەخنەی توندم لێنەگرتوون، جگە لەوانەی کە زۆر بەتوندی لەکاتی شەڕەکانی ناوخۆدا ڕەخنەیان لە کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان و یەکێتی دەگرت، تەواوی تۆمەتەکانی ئەو شەڕەیان دەدایە پاڵ کۆمەڵە و یەکێتی، منیش ئەو بۆچوونەم لای ژمارەیەک لە هاوڕێکانم دەردەبڕی و حزبی شیوعی عێراق-م بە لادەر (ڕیڤیژینست) و هەڵگیرسێنەری شەڕەکە دەزانی.

دوو لەو هاوڕێیانەی حزبی شیوعی کە زۆر گفتوگۆمان دەکرد، یەکێکیان لەژیاندا ماوەو پۆستێکی باڵای لەو حزبەدا هەیە، ئەوەی دیکەشیان شەهید بووە و لەژیاندا نەماوە، لای ئەوان حزبی شیوعیم بە لادەر، ئاژاوەگێڕو هەڵگیرسێنەری شەڕی ناوخۆ دەهێنا. ئەوەی لەژیاندا نەماوە زوو توڕە دەبوو، زۆر جار جنێو و قسەی ناشرینی بە کورد، کوردستان، سەرکردەکانی کۆمەڵە و یەکێتی دەدا کە بە توندوتیژی لەدژی کورد و کوردستان پەروەردە کرابوون، بەڵام ئەوەی یەکەمیان بۆ تەنیا جارێکیش پەنای نەبردە بەر قسەی ناشرین و جنێودان.

لەم ساڵانەی دواییدا زۆر جار لەگەڵ هاوڕێیانی حزبی شیوعی کوردستان و عێراق گفتوگۆی توندم هەبووە، ئەوان هەردەم خۆیان بەلاوە ڕاست و نەیارەکانیان بە ناڕاست و ناهەق زانیوە، بۆیانم باسکردووە کە لەسەر بەڵگەنامە کاردەکەم و بەگوێرەی بەڵگەنامە و مێژووی پێکدادان و شەڕەکانی ناوخۆ حزبی شیوعی عێراق هەڵگیرسێنەری شەڕی ناوخۆ بووە نەک یەکێتی، چەند دانەیەکیان نکۆڵیان لە دەستپێشخەری شیوعی لە شەڕی ناوخۆ نەکردووە، بەڵام داوایان کردووە کە ئەو بەڵگەنامانە بڵاونەکەمەوە، بەدڵنیاییی مەبەستیان لەو داوایە مانەوەی درۆ و بوختانەکانی حزبی شیوعی عێراق وەکو خۆیەتی کە نزیکەی (43) ساڵە بە فیشاڵ یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان تۆمەتبار دەکەن، کە زۆربەیان تا ئەو ڕادەیە کەللە ڕەقن کە مێژوو، بەڵگەنامە و ڕاستییەکان فەرامۆش دەکەن، کە ئەوان بوختان و درۆ بکەن، بێشەرمانە جنێوبدەن سەرەڕای ئەو هەموو بوختان هەڵبەستن، درۆکردن و سووکایەتی کردنانەیان، ئیتر بۆ ڕەچاوی هەستی ئەوان بکەم و ڕاستییەکان نەنووسم.

شەڕێک کە حزبی شیوعی عێراق هەڵیگیرساندبێ و سەپاندبێتی، تا یەکی ئایار، یەکێتی (21) کوژراو و (37) بریندراری دابێ، لە یەکی ئایار (10) کوژراو و کۆمەڵێک بریندار، لە شەڕی دووەمی قەندیل (15) کوژراو و ژمارەیەک بریندار، کە کۆی شەهیدەکانی یەکێتی بە ناوچەی سلێمانی کە بەدەستی پارتی و حسک کوژران ژمارەیان (24) کوژراو بوو دەکاتە (60) کوژراو، کە هەمووی حزبی شیوعی عێراق و بەرەی جود لێی بەرپرسن بەتایبەت کە ئێران فشاری دەخستە سەر پارتی و حسک بۆ هەڵگیرساندنی ئەم

شەڕە، چونکە لە ساڵی (1982)دا یەکێتی پشتیوانی لە کوردانی ڕۆژهەڵات کردبوو لەدژی ئێران.

ئەوەی لەم پەرتووکەدا دەیخوێیننەوە بەشێکە لەو بەڵگانەی کە دەیسەلمێنێ حزبی شیوعی عێراق هەڵگیرسێنەری شەڕەکانی ناوخۆی باشووری کوردستان بووە، ئەمەش بەو مانایە نایەت کە لایەنەکانی (پارتی دیموکراتی کوردستان، حزبی سۆسیالیستی کوردستان، پارتی سۆسیالیستی کورد (پاسۆک) و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان)، تەواو بێتاوان و پەرێز پاک بن، بەڵام حزبی شیوعی عێراق لەژێرەوە هەوڵی بێوچانی داوە بۆ هەڵگیرساندنی ئەو شەڕە کە پێی وابووە بە بەرژەوەندی ئەو و هاوپەیمانەکانی لە بەرەی جود کۆتایی دێت.

هیوادارم بەم نووسینە توانیبێتم ڕاستییەکانی شەڕی ناوخۆ تۆمار بکەم و خزمەتێک بە مێژوو بکەم.

**دەرسیم پێشەوا**

**پێنجشەممە** (2026.01.15)

**دانمارک**

**حزبی شیوعی عێراق هەڵگیرسێنەری شەڕی ناوخۆ**

کتێبی هەواڵنامە

ئەوەی لەم لێکۆڵینەوەیەدا نووسراوە، هەڵبژاردەیەکە لە پەرتووکی (پشتئاشان تاوان، یان تۆڵە؟)، کە یەک بەش لە شازدە بەشی لێکۆڵینەوەکەیە و لە قۆناغی کۆتاییدایە، واتە هێشتا چاپ نەکراوە. ئەوەی لێرەدا نووسیومە مێژووە نەک داکۆکی لە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، چونکە ئامادەنیم تەنیا بە یەک وشە داکۆکی لە یەکێتی دوای ساڵی (1985) و ئیمڕۆکە بکەم، بەڵام ئەوەش مانای ئەوە نییە کە ڕێ بە کەسانێک بدەم بە ئارەزووی خۆیان و بۆ بەرژەوەندی پارتەکەی خۆیان ڕاستییەکانی شەڕی ناوخۆی ساڵانی (1981–1986)، کە بە شەڕی براکوژی ناسراوە بشێوێنن و تەواوی ململانێ و مێژووەکە هەڵبگێڕنەوە و چەواشەی بکەن.

بەرەی جود کورتکراوەی بەرەی نیشتمانیی دیموکراتی (الجبهة الوطنية الديمقراطية)یە، لە ڕۆژی (1980.11.28)دا لە گوندی ڕاژان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانی داگیرکراو لەنێوان سێ نەیاری یەکێتی (پارتی دیموکراتی کوردستان، حزبی سۆسیالیستی یەکگرتووی کوردستان و حزبی شیوعی عێراق)، لەسەر داوای عەزیز محەمەد و هەوڵی ئەحمەد قادر محەمەد سەفەر بانیخێڵانی، فاتیح ڕەسوڵ عەبدوڵڵا ئەحمەد و یوسف حەنا یوسف ئەلقەس شێرە ناسراو بە ئەبو حیکمەت لەدژی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان دامەزرا، کە عەزیز محەمەد پێی باش نەبوو حزبی شیوعی عێراق هاوپەیمانی یەکێتی بێت لە بەرەی جەوقەد، چونکە ئەو پارتی بەلاوە باشتر بوو لە یەکێتی، بۆیە حزبی شیوعی عێراق و سۆسیالیست لە بەرەی جەوقەد (1980.11.12) دەرچوون و تەنیا دوای شازدە ڕۆژ لەگەڵ پارتی (بەرەی جود)یان دامەزراند. حزبی شیوعی عێراق و

عەزیز محەمەد پارتیان بەلاوە لە یەکێتی باشتر بوو، شانبەشانی بەرەی جود شەڕیان لەدژی یەکێتی دەکرد، چونکە (کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان)یان بە مەترسی و شوێنگرەوەی حزبی شیوعی عێراق دەزانی لە باشووری کوردستان، هەروەها دەروازە سنوورییەکانی سوریا، تورکیا و ئێران هەمووی بەدەست پارتی دیموکراتی کوردستانەوە بوون و لەوە دەترسان پارتی دەروازەی دەرەوەیان لێ بگرێت، سەرەڕای ئەو دوو هۆکارەی سەرەوە چەند هۆکارێکی دیکەش هەبوون، لەنێویاندا حزبی شیوعی عێراق خۆی بە شەرمەزاری پارتی دیموکراتی کوردستان دەزانی و دەیویست بەو نزیکبوونەوەیە بەرانبەر بنەماڵەی بارزانی کەمێک لە گرێی ئەو شەرمەزارییە لە دەروونی خۆیان سووک بکەن، چونکە لە سالانی (1975-1973)دا شانبەشانی سوپای ڕژێم، ئەمن، هەواڵگری و میلیشیاکانی بەعس شەڕی شۆڕشی کوردستان، پارتی و بنەماڵەی بارزانیان کردبوو، کە لە شەڕەکاندا (120) چەکداریان لەدژی کوردو بۆ خزمەتی ڕژێمی بەعس کوژران، لە دوو بەڵگەنامە کە لە خوارەوەدا دایدەنێم ناوی (64) چەکداری حزبی شیوعی عێراقی تێدایە کە جاشی حزبی ڕژێمی بەعس بوون و بۆ بەرژەوەندی ئەوان لە دژی کورد کوژران، سەرەڕای ئەوەی کە حزبی شیوعی (82) پێشمەرگە و ئەندامی پارتی لە شەڕەکان و نێو شارەکاندا گرت و ڕادەستی ڕژێمی بەعسی کردن، دواتر هەموویان لە موسڵ لەسێدارەدران، کە تەواوی ناوەکانم لای خۆم تۆمار کردوون، دەبێ ئەوەش بڵێم کە عیسا سوار مزوری لە ڕۆژی (1973.8.15)دا لە

هەواڵنامەی ڕێبەر

کاردانەوەی بەرەی نێوان حزبی شیوعی و حزبی بەعس، دوازدە شیوعی بێتاوانی لە زاخۆ گوللەباران کرد.

حزبی شیوعی عێراق، مەکتەبی سیاسی، کۆمیتەی ناوەندی و ئەندامانیان، لە یەکەم ڕۆژی پێوەندییان بە حزبی بەعس عەرەبی و حکومەتەوە لە ساڵی (1970)ەوە، دواتریش لە بەرەی فەرمی نێوانیان (1973.7.17-1979.5.27)، حزبی بەعسی عەرەبی بەناو سۆشیالیست و حکومەتە دیکتاتۆرە ڕەگەزپەرستەکەی (بەکر و سەدام)، بەلای ئەوانەوە حزبێکی سۆسیالیستی پێشکەوتنخواز، حکومەتی عێراق حکومەتێکی نیشتمانیی دیموکراسی و سەدام-یش کاسترۆی عێراق و دامەزرێنەری بیری سۆسیالیزم بووە، لە بەرانبەردا پێیانوابوو پارتی دیموکراتی کوردستان پارتێکی کۆنەپەرست و بەکرێگیراوی (ئێران، ئەمریکا و ئیسرائیل)ن، وەلێ کە لە ساڵی (1979)دا بەعس و سەدام بە شەق حزبی شیوعیان لە بەرەی نێوانیان دەرپەڕاند، لەم ساڵە بەدواوە یەکسەر بەلای ئەوانەوە پارتی دیموکراتی کوردستان و مەلا مستەفا بارزانی کە بە بووکەڵەی بەکرێگیراو (جیب العمیل) ناویان دەبردن، بوونە پارتێکی نیشتمانیی، دیموکراسی، نەتەوەیی و پێشکەوتنخواز و سەرۆک و ڕابەری شۆڕشی کوردستان، کە هەموومان دەزانین پارتی هەر پارتی ساڵی پەنجاکان، شەستەکان و حەفتاکان و تا ئێستاکەش هەر وابووە و نەگۆڕاوە، لە بەرانبەردا ئەم جارە حزب و حکومەتی بەعس بوونە کۆنەپەرست، کرێگرتە، دیکتاتۆر و بەکرێگیراو کە ئەوانیش وەکو پارتی ڕێژەی نەگۆڕ بووینە، ئەمەش بەڵگەی ڕاڕایی، هەڵپەرستی، خۆپەرستی، کورتبینی، هەردەم خۆبەڕاستزان، نەیاران



هەواڵنامەی کتێب

بە هەڵەزانین و لووتبەرزی نەتەوەیی و حزبی سەرانی حزبی شیوعی عێراق دەسەلمێنن کە لە داڕشتنی بەرنامە و هەڵبژاردنی هاوپەیمانەکانیان هەمیشە هەڵە بووینە. سەرانی حزبی شیوعی عێراق بە کورد و عەرەبەوە، زۆربەی کادر و ئەندامەکانیان هەردەم بە خەسڵەتی نادروستی خۆیان، لە هەر بەرەیەک بن، ناپاکی، کرێگرتەیی و جاشێتی خۆیان لە نەیارەکانیان بەلاوە ڕاستتر بووە و خۆیان لە بەرەی گەل و نیشتمان داناوە و نەیارەکانیشیان هەردەم لە بەرەی ناپاکی، کرێگرتەیی، نانیشتمانیی و دژ بە گەل، کە ئەمەیان نەخۆشی خۆ بە زلزانین، لوتبەرزی نەتەوەیی و حزبییە لە حزبی شیوعی عێراق دا هەبووە. کاتێک کە لەگەڵ کەریم قاسم دابوون لە ماوەی نێوان (1958.7.14–1963.2.8)دا هەرچی کاری خراپە لە دژی کورد و هێزە نەتەوەپەرستە عەرەبەکان کردیان، سەرەڕای ئەوەی کە عەبدولکەریم قاسم بە چاوی کرێگرتە و بەکرێگیراو سەیری حزبی شیوعی عێراقی دەکرد، هەر بۆیە حزبی بەعسی عەرەبی عەفلەقی لە ماوەی یەکەم دەسەڵاتی خۆیدا (1963.2.8–1963.11.18)، زۆر بەخێرایی تۆڵەی خۆی لە حزبی شیوعی عێراق کردەوە و نزیکەی (300) ئەندامی بە دڕندەترین شێواز لێ کوشتن، بەکوشتدانی ئەو ئەندامانەی حزبەکەیان لەلایەن بەعسییەکانەوە هۆکارەکە هەر خۆیان بوون، چونکە سەلام عادل دوو بەیاننامەی زۆر توندی ئاگرینی لە دژی کۆدەتای بەعسییەکان دەرکرد و داوای لە شیوعیەکان کرد چەکهەڵگرن و کۆتایی بەو بەعسیە گەمژە، خۆفرۆش، کرێگرتانەی ئیمپریالیزم و نۆکەران بێنن،

لەکاتێک کە حزبی شیوعی عێراق ئەو هێزو توانا سەربازیەی نەبوو بەرگری لە مانەوەی ڕژێمی دیکتاتۆری قاسم بکات.

دکتۆر عیسام عەزیز شەریف، لە لاپەڕە (78)ی (مذکرات عزیز شریف)، سەبارەت بە جاشێتی و چەک هەڵگرتنی حشع بۆ حکومەت و حزبی بەعس لە دژی شۆڕشی کوردستان لەسەر زاری عەزیز شەریفی باوکی هۆکاری قایلبوون بە خۆچەکدارکردن بە چەکی حزبی بەعس دەگەڕێنێتەوە بۆ هاندانی باڵی ڕاستڕەوی نێو حزبی شیوعی عێراق، عەزیز شەریف وا باسی دەکات کە پێوەندی ئەم باڵە بە سەرکردایەتی بەعس ناسراوە، بەڵام ئەو نایەوێت قووڵ بێتەوە لە کەسایەتی ئەم باڵە و پێوەندییەکانیان. هەروەها عەزیز شەریف پێیوایە خۆچەکدارکردن بە چەکی دەسەڵات، بووە هۆی ئەوەی هەڵەی دووەم ڕووبدات و حشع لە شەڕێکی سنووردار لەدژی هێزەکانی بزووتنەوەی کوردی لە هاوینی ساڵی (1973) بەشداری بکات، پاشان هەڵەیەکی گەورەتر کە حزبی شیوعی عێراقی هاتە نێو جەنگی پێنجەمی دژ بە بزووتنەوەی کورد لە ساڵانی (1974-1975)، شانبەشانی حزبی بەعس. دکتۆر عیسام لەسەر زاری عەزیز شەریف، لە لاپەڕە (79)ی هەمان سەرچاوە، باسی دوو ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی حشع دەکات کە سەر بە باڵی ڕاستڕەوی ئەو حزبەن، ناویان ناهێنێت، بەڵام ئاماژە بەوە دەدات کە هەردووکیان ئەندامی ئەنجومەنی ئاشتی و هاوکاری عێراقی بووینە. ئەو دوو نوێنەرەی حشع کە عەزیز شەریف باسیان دەکات و ناویان نابات، عامر عەبدوڵڵا و نەزیهە دلێمی بووینە، چونکە ئەوان هەردووکیان ئەندامی ئەنجومەنی ئاشتی و هاوکاری عێراقی

بووینە. کاتێک کە عەزیز شەریف باسی باڵی ڕاستڕەوی نێو حزبی شیوعی عێراق دەکات واتە باڵی شۆڤینیزمی عەرەبی لەنێو سەرکردایەتی ئەو حزبە کە عامر عەبدوڵلا و نەزیهە دلێمی بووینە، هەر بۆیەشە بەعس لە ڕۆژی (1972.5.14)دا عامری بە وەزیری دەوڵەت دامەزراند و لە سەردەمی بەرەی شیوعی و بەعس زۆریش نزیک و دۆستی سەدام بوو.

بەرەی نیشتمانیی نەتەوەیی دیموکراسی عێراق (جەوقەد)، لە کورتکراوەی ناوە عەرەبییەکەی (الجبهة الوطنية القومية الديمقراطية) هاتووە، کە لە ڕۆژی (1980.11.12)دا لەنێوان یەکێتی، حسک، شیوعی و ژمارەیەک پارت و ڕێکخراوی عێراقی لە دیمەشق لە سوریا لەدژی حکومەتی عێراق دامەزرابوو. جێهێشتنی یەکێتی و چوونە پاڵ پارتی، هەرگیز پاساوی ڕاستەقینەی ئەوە نییە کە گوایە پارتی بە تەنیا مابۆوە، ئەی بە چوونیان بۆ لای پارتی، یەکێتی بە تەنیا نەمایەوە؟ ئەی کە حزبی شیوعی عێراق دەچێتە بەرەیەک کە پارتی تێدایە و لە کارەساتی هەکاری لە مایس و حوزەیرانی ساڵی (1978)دا نزیکەی (800-900) پێشمەرگەی یەکێتی لەنێوبرد، حسیک-یش لەگەڵ یەکێتی خوێن لەنێوانیان ڕژابوو، بەڵام حسیک کە دواتر بوون بە حسک و وشەی (یەکگرتووی)یان لە ناوەکەیان کردەوە، بەهۆی بەرەی جەوقەد نێوانی لەگەڵ یەکێتی تا ڕادەیەک ئاسایی ببۆوە، کەچی کتوپڕ حزبی شیوعی ئەوانیشی بردە لای پارتی، بۆیە ناکۆکییەکانی نێوان یەکێتی و حسک دیسان سەریان هەڵدایەوە.

حزبی شیوعی عێراق، دەبوو بیزانیبایە کە دەچێتە بەرەیەک لەگەڵ دوو دوژمنی یەکێتی، کە لەو باوەڕەدام و دڵنیام زۆر باش دەیزانی خۆی دەبێتە دوژمنی سێیەم، کەچی گوێی بەهیچ نەدا و هەرچوو، هەروەکو بەهائەدین نوری لە یاداشتەکانیدا نووسیویەتی هەروەها لە دیمانەیەکی تەلەفزیۆنیش باسی ئەوەی کرد عەزیز محەمەد سکرتێری یەکەم لە نامەیەکدا لە ڕوسیاوە بۆ کەریم ئەحمەد دەنووسێت: (لەگەڵ بارزانی ڕێکبکەوە لە تاڵەبانی باشترە. لەگەڵ پارتی هەماهەنگی بکەن لەدژی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان)، کە ئەو نامەیە لەخۆڕا، بێ مەبەست و پلان نەبووە؟ هەر بۆیە حزبی شیوعی عێراق دەستی حسک-ی گرت و بەپەلە چوونە ڕاژان بۆ لای پارتی و بارزانی، تەنیا شازدە ڕۆژ دوای دامەزراندنی بەرەی جەوقەد، بەرەی جود لەنێوان ئەو سێ نەیارەی یەکێتی دامەزرا! کاتێک عەزیز محەمەد دەنووسێت (لەگەڵ پارتی هەماهەنگی بکەن لەدژی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان)، تەنیا ئەو ڕستەیە بەڵگەی تەواوە کە بەرەی جود لەسەر داوای عەزیز محەمەد و حزبی شیوعی عێراق لەدژی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان دامەزراوە، لە سەرەتا و کۆتاییش هەروا دەرچوو، چونکە هەرگیز بەرەی جود بەو ژمارە زۆرەی هێزو پێشمەرگەکانی کە هێرشیان کردە سەر مەڵبەندی چواری بالیسان، ڕۆژێک لە ڕۆژان و بۆ تەنیا جارێکیش بە نیوەی ئەو ژمارەیە هێرشیان نەکردە سەر هیچ سەربازگە و مۆڵگەیەکی بەعس! سەرانی حزبی شیوعی عێراق، دەبوایە ئەوەیان بزانیبایە هەروەکو پەندە کوردییەکە دەڵێت: (ئەوەی سنگ بخوات، سنگ دەکوتێت)، ئەوانیش

هەواڵنامەی کێش

لە شەڕی پشتئاشان و شەڕی دووەمی قەندیل لە تۆڵەی تاوانەکانیان لە (گەرەوان، وەرتێ، باداوان، بالیسان، ڕەزگە، ڕمکان و مارەدوو) لەدژی یەکێتی سنگ دەکوتن، کە ئەو دوو شەڕەیان بە هاوکاری بەرەی جود (حسک، پارتی و پاسۆک) و پشتیوانی پاسدارارانی ئێران کردا! محەمەدی حاجی مەحمود، لە یاداشتەکانی خۆیدا باسی ئەوە دەکات کە تەنیا پارتی بۆ شەڕی قەندیلی دووەم (120) پاسداری لەگەڵ خۆی هێنابووە سەر یەکێتی، کە چەند شیوعیەکیش لە بیرەوەرییەکانی خۆیاندا باسی هێنانی پاسداریان لەلایەن پارتی کردووە، بەڵام حەمەی حاجی مەحمود باسی هێنانی پاسداری نەکردووە لەلایەن حسک و خۆی کە بەدڵنیایی ئەوانیش لە شەڕی قەندیل پاسداریان بۆ سەر یەکێتی هێناوە.

ڕەفیق سابیر، لە لاپەڕە (304-305)ی (لە ستایشی ژیاندا ئەزموونی نووسەرێک)، دەڵێ: (سەرکردایەتیی حزبی شیوعی، پێشتر لەگەڵ سەرکردایەتیی پارتی و سۆشیالیست ڕێک کەوتبوون، کە ئەگەر پارتی لە بەرەی (جەوقەد) قبوڵ نەکرا، پڕۆژەیەکی هاوکاری تایبەت لەگەڵ پارتی ئامادە بکەن. ڕۆژی (1980.9.27)، حزبی شیوعی پڕۆژەکەی ئامادە کرد و بۆ هەردوو حزبی نارد. تەنیا دوو مانگ دوای پێکهێنانی بەرەی جەوقەد، لە (1980.11.28) بەرەی نیشتمانیی دیموکراتی (جود) لەنێوان حزبی شیوعی، پارتی و سۆشیالیست پێک هات. هاوڕێیانمان بۆ ئەوە چووبوون کە پڕۆژەی هاوکاریی لەگەڵ پارتی ئیمزا بکەن، نەک بەرەیەکی نوێی سیاسی دروست بکەن. بەڵام بە داوای پارتی، ڕێککەوتنەکە کرا بە بەرە و ناوی (بەرەی نیشتمانیی دیموکراتی - الجبهة الوطنية

هەواڵنامەی کتێب

الديموقراطية – جود)ی لێ نرا. ئەو بەرە نوێیە بە تایبەت لە بەر پارتی پێک هات، چونکە حزبی شیوعی عێراق و سۆشیالیست پێکەوە ئەندامی بەرەی (جەوقەد) بوون. یەکێتیی نیشتمانی پێیوابوو ئەو بەرەیە بۆ دوژمنایەتیی ئەو پێکهێندراوە، بۆیە لە دژی وەستا). سەرەتا دەمەوێت ئەوە بۆ دکتۆر ڕەفیق سابیر ڕاست بکەمەوە کە تەنیا شازدە ڕۆژ دوای پێکهێنانی بەرەی جەوقەد (1980.11.12)، بەرەی جود لە ڕۆژی (1980.11.28)دا دامەزرا نەک وەکو ئەوەی دوو مانگ دواتری نووسیوە. باوەڕم وایە کۆمیتەی ناوەندی و مەکتەبی سیاسیی حزبی شیوعی عێراق، بە تەواوی پشتیوانی ئەوە بووینە کە لەجیاتی بەرەی جەوقەد، بەرەی جود لەگەڵ پارتی پێک بهێنن، پێکهێنانی بەرەی جود بکەنە پاساو بۆ دەرچوونیان یان دەرکردنیان لە بەرەی جەوقەد، ئەگینا هەروەکو دکتۆر ڕەفیق سابیر لە لاپەڕە (293)ی هەمان سەرچاوە باسی کردووە کە چەند ئەندامێکی سەرکردایەتیی حزبی شیوعی عێراق لە سەرەتای بەهاری ساڵی (1979)، ویستیان لە پارتی نزیک ببنەوە، لەکاتێکدا کە بارەگای حزبی شیوعی عێراق لە خڕی ناوزەنگ لە تەنیشت بارەگاکانی سەرکردایەتی یەکێتی بوو، ئەحمەد بانیخێلانی و بەهائەدین نوری ڕێککەوتنیان لەگەڵ سامی عەبدولڕەحمان سکرتێری قیادە موەقەتە (پارتی) لە تاران مۆرکردبوو، مەکتەبی سیاسی بە نامەیەک، کە بۆ ئەحمەد بانیخێلانی و بەهائەدین نوری ناردبوویان، ڕێککەوتنەکەیان هەڵوەشاندەوە. ئەی بۆ مەکتەبی سیاسی ئەم جارەیان بەرەی جودی بە ئەحمەد بانیخێلانی، فاتیح ڕەسوڵ و ئەبو حیکمەت هەڵنەوەشاندەوە؟

لە ڕاستیدا حزبی شیوعی عێراق، دەیویست بە پشتیوانی پدک، پاسۆک و حسک هێزەکانی یەکێتی لەنێو بەرێت، چونکە لە کوردستان ژمارەیەکی زۆری ئەندامانی حزبی شیوعی پێوەندیان بە کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان کردبوو، کە بەهۆی بەرەی سازشکاری نێوان شیوعی و بەعس لە (1973.07.17)دا، وازیان لە حزبی شیوعی هێنابوو، هەرچەندە بەرەی نێوانیان بە فەرمی لەو ڕۆژەدا پێکهات، بەڵام بە نافەرمی لە سەرەتای ساڵی (1970)دا دامەزرابوو، چونکە حزبی شیوعی عێراق لە ڕۆژی (1970.1.16)دا بەهۆی موکەڕەم جەمال محەمەد تاڵەبانی ڕژێمی بەعس و سەرۆک کۆمار ئەحمەد حەسەن ئەلبەکر لە کۆدەتای عەبدولغەنی ئەلڕاوی ئاگادار دەکاتەوە. موکەڕەم تاڵەبانی، عەبدولڕەزاق ئەلسافی و سەیف عەدنان ئەلقەیسی لە پەرتووکەکانیاندا ئاماژەیان بەوە داوە کە موکەڕەم نامەیەکی کۆمیتەی ناوەندی حزبی شیوعی عێراقی سەبارەت بە ئاگادارکردنەوەی ڕژێم و حکومەتی بەعس لە هەوڵی کۆدەتای عەقید عەبدولغەنی محەمە سەعید عەبدولغەنی ئەلڕاوی (1919/ بەغدا – 2011.12.26)، گەیاندوتە سەرکۆمار، یان دەتوانرێت سەرەتای بەرەکە بە ساڵی (1971) دابنرێت کە لەم ساڵەدا حزبی شیوعی بە دوو وەزیر بەشداری لە حکومەتی بەعس کرد.

شەڕی ناوخۆی ساڵی (1983)ی نێوان بەرەی جود و یەکێتی، وەکو شیوعیەکان باسی دەکەن تەنیا هێرشی یەکێتی نەبوو بۆ سەر بارەگای پشتئاشان لە ڕۆژی (1983.05.01)دا، بەڵکو پێشتر هێزەکانی شیوعی و بەرەی جود لە ڕۆژی (1983.04.15)دا لە

گوندی باداوان لە خەلەکان چوار پێشمەرگەی یەکێتی، لە هێرشی ڕۆژی (1983.04.27)دا بۆ سەر مەڵبەندی چواری بالیسان هەشتی دیکەیان کوشت و لە بۆسەی نزیک گوندی ڕەزگە لە ڕۆژی (1983.4.30)دا کادرێکیان کوشت و فەرماندەیەکیش بە سەختی لەگەڵ دوو پێشمەرگەی دیکەش بریندارکران، هەروەها بەرەی جود پلانی ئەوەیان دانابوو کە یەک لەدوای یەک هێرش بکەنە سەر مەڵبەندی سێی وەرتێ، بارەگاکانی سەرکردایەتی یەکێتی لە ناوزەنگ، مەڵبەندی دوو لە سەرگەڵوو و مەڵبەندی یەک لە گوندی بەلەکجاڕ و بەقسەی خۆیان یەکێتی ڕاوبنێن تا بەکرەجۆ و بیانکەن بە جاشی شەست و شەش، بۆیە یەکێتی پەلاماری دان، شکستی بە پلانەکەی ئەوان هێناو هەمووی ئاودیوی ئێران کردن و بۆ ماوەیەکی باش لە خزمەت و میوانداری پاسداران مانەوە.

کاتێک کە شۆڕشی نوێی گەلی کوردستان بە ڕابەرایەتی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە ڕۆژی (1976.06.01)دا لە شاخەکانی کوردستان هەڵگیرسا، حزبی شیوعی عێراق هێشتا لە ڕێی بەرەی سازشکاریەوە خزمەتی بەعسی فاشی دەکرد، لە تەواوی سیاسەتی ڕژێمی ڕەگەزپەرستی حکومەتی بەعس لە کوردستان هەر لە تەعریب (بەعەرەب کردن)، تەهجیر (ڕاگواستن) و تەبعیس (بە بەعسی کردن) بەشدار بوو، لە گەرمەی جاشێتی و سەما بوو بۆ ڕژێمی دیکتاتۆری بەعسی عەفلەقی، پشتیوانی بەعس بوو لە دژایەتیکردنی شۆڕشی نوێی گەلەکەمان و تانەو تەشەر لێدانی، هەروەکو پێشتریش بە چەک دژایەتی شۆڕشی کوردستانی ساڵانی (1974-1975)ی کردبوو، سووکایەتی بە کورد، کوردستان و

سەرانی شۆڕشەکە دەکرد، ئەوان و ئیسلامییەکان دوو ڕووی یەک دراو بووینە و هەردەم تا جیابوونەوەی هەرێمی کوردستانی حزبی شیوعی عێراق و دامەزراندنی حزبی شیوعی کوردستان لە ڕۆژی (1993.6.30)دا، دواتریش دامەزراندنی پارتی کاری سەربەخۆیی کوردستان لە ڕۆژی (1993.10.22)دا، شیوعیەکانی کوردستان وەکو ئیسلامییەکانی کوردستان دژی کورد و لە خزمەتی عروبە، عێراق، دوژمنانی کورد و داگیرکەرانی کوردستاندا بووینە، بەڵام دوای دامەزراندنی ئەو دوو پارتە کودستانییە، شیوعییەکان وەکو کوردو کوردستانییەکان بیردەکەنەوە و لەم ڕووەوە گلەییان لێ ناکرێت، وەلێ ژمارەیەکیان بەشێوەی پاسۆک بیردەکەنەوە.

حزبی شیوعی عێراق، هەر لەدوای دامەزراندنی بەرەی جود لەنێوان (شیوعی، حسک و پارتی)، دواتریش پاسۆک بووە ئەندامی ئەو بەرەیە، بە ئاشکرا لە کۆڕ و کۆبوونەوەکانیاندا لەناوچە ئازادکراوەکان ناوی (یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان)یان بە جەلالی و جاشی بەکرەجۆ یان شەست و شەش دەهێنا، لەکاتێکدا کە یەکێتی هەڵگیرسێنەری شۆڕشی نوێ بوو لە ساڵی (1976)ەوە، حزبی شیوعی-ش بەئاشکرا و بەفەرمی لە ساڵانی (1973-1979) جاش و کرێگرتەی حزبی بەعسی عەرەبی حکومەتی شۆڤینی (بەکر - سەدام) بوون. ئایە یەکێتی وەکو ساڵانی جاشێتی حزبی شیوعی عێراق (1970-1979)، بارەگای ئاشکرای لە بەغداو شارەکانی کوردستان هەبوو؟ ئایە یەکێتی وەکو حزبی شیوعی دوو جاش وەزیر (موکەڕەم تاڵەبانی و عامر عەبدوڵلا)ی هەبوو؟ ئایە یەکێتی وەکو شیوعی سێزدە جاش تەشریعی و سێ جاش ئەمین عامی

تەنفیزی (وەزیر)ی هەبوو؟ ئایە یەکێتی وەکو حزبی شیوعی بیست سریەی جاشی چەکداری هەبوو بۆ شەڕکردن لەدژی شۆڕشی کوردستان، کە حزبی شیوعی بیست سریەی جاشی هەبوو بە چەک، تەقەمەنی، مەشق، مووچە و خواردنی حکومەت شەڕی شۆڕشی کوردستان یان دەکرد لە ساڵانی (1974-1975)، کە ناوی هەر بیستیانم تۆمار کردووە؟ ئایە یەکێتی وەکو حزبی شیوعی سەدامی بە دیموکراسیخواز، پێشکەوتنخواز و کاسترۆی عێراق ناودەبرد و حکومەتی بەعسی فاشیش بە حکومەتی نیشتمانیی، پێشکەوتنخواز کە گوایە وەکو شیوعیەکان بانگەشەیان بۆ دەکرد بە ڕێگەی گەشەی ناسەرمایەداری هەنگاو دەنێت بەرەو سۆسیالیزم؟ ئایە یەکێتی وەکو شیوعی سەری کزکردو ڕێگەی دا حزبی بەعس پێشمەرگەیەکی ئەوان شەقتڕێن بکات، یان بەپێچەوانە دوای ئەوەی ڕژێم لە ڕۆژی (1984.3.7)دا لە تانجەرۆ شازدە ڕاکردووی سەربازی گوللەباران کردو لە ڕۆژی (1984.5.12)دا سێ خوێندکاری خۆپیشاندەری کوشت، هێزی پێشمەرگەی یەکێتی لە تۆڵەی ئەوانەدا چوونە سەر شوعبەی عوسمان فائق و بیست ڕەفیق حزبی و جەیشی شەعبیان کوشت، تەنانەت چەند دانەیەکیان لەسەر باڵاخانەکەدا فڕێدا خوارەوە؟

حزبی شیوعی عێراق، هەردەم لە هەوڵی خۆشکردنی ئاگری شەڕی نێوان یەکێتی و بەرەی جود بوو، چونکە ئەوان لاواز بوون، شیوعی و پارتی خۆیان لە پەنا حسک نابوو بۆ دژایەتیکردن و شەڕکردنی یەکێتی کە خۆیان ئەو هێزەیان نەبوو شەری یەکێتی بکەن. دەیانویست بە شکستهێنان و لەناوبردنی یەکێتی خۆیان

بەهێز بکەن، نەیانزانی دەبن بە تەیرە مەعقولەکە و ئەوەندەی دیکە لاوازتر دەبن. سەرکردایەتی حزبی شیوعی عێراق، پشکی شێری لە هەڵگیرساندن، تاوانەکانی شەڕی ناوخۆ و شەڕی پشتئاشان بەر دەکەوێت، چونکە:

1. خۆیان بە بڕیاری مەکتەبی سیاسیی و مەکتەبی سەربازی، شانبەشانی بەرەی جود بڕیاریان دابوو لە شەڕەکانیان لە دژی یەکێتی بەشداری بکەن، فەرموون ئەم سەرچاوانەی خوارەوە سەیربکەن:

**یەکەم:** فاتیح ڕەسوڵ، لە لاپەڕەکانی (247-249)ی بەرگی سێیەمی (چەند لاپەڕەیەک لە مێژووی خەباتی گەلی کورد)، سەبارەت بە کۆبوونەوەی دووقۆڵی سەرکردایەتی بەرەی جود لەگەڵ حزبی سۆسیالیستی کوردستان (حسک)، لە ڕۆژی (1983.4.13)دا، قسەکانی کەریم ئەحمەدی لە خاڵەکانی (3+4)دا یاداشت کردووە و نووسیویەتی: (لە ڕۆژی 1983.4.13دا هاوڕێیان کەریم ئەحمەد و عەبدولڕەزاق سافی و فاتیح بۆ بارەگای م. س حسک لە قڕناقاو چووین، لەگەڵ ڕەسوڵ مامەند، قادر جەباری، عەبدولخالق زەنگەنە، سەید کاکە کۆبووینەوە. هاوڕێ کەریم کەوتە وەرامدانەوە: لەگەڵ ئەوە داینە هێز و توانای چەکداری بەرەی نیشتمانی دیموکراتی (جود) بکرێت بە یەک هێز، بەرانبەر بە دەست درێژی چەکدارەکانی ینک. داوا لە پارتی دیموکراتی کوردستان (پدک) بکرێت هێزی چەکداری خۆیان بەپەلە بگێڕنەوە مەڵبەندی هەولێر). بە پشتبەستن بەو قسانەی کەریم

ئەحمەد، بۆمان ساغ دەبێتەوە کە حزبی شیوعی بە دوو ڕۆژ بەر لە کوژرانی (شەماڵ، سەرباز، سەعدی و کامەران) لە گوندی باداوان و پەلاماری تەواوی هێزەکانی بەرەی جود بۆ سەر مەڵبەندی بالیسان، بڕیاری شەڕکردنیان لەدژی یەکێتی داوە، بۆیە داوای یەکگرتنی سەربازی هێزەکانی بەرەی جود کراوە لە دژی یەکێتی، کەواتە کەریم ئەحمەد و سەرانی حشع نەک بێلایەن، نێوبژیکەر و بێتاوان نەبووینە هەروەکو خۆیان پڕوپاگەندەی بۆ دەکەن، بەڵکو هاندەر، پێشەنگ، پلاندانەر و ئەندازیاری شەڕی دژ بە هێزەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بوونە، هەروەها کەریم ئەحمەد و سەرانی حشع تا سەر ئێسقان لەگەڵ شەڕی براکوژی دابووینە و بەئاواتی ئەوە بووینە کە هێزی پێشمەرگەی کوردستان و کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان قڕ بکەن و بە تەواوی لەناویان بەرن.

حزبی شیوعی عێراق، بەهاوبەشی لەگەڵ (حسک)، لە بۆسەی ڕۆژی (1983.4.15)، لە گوندی باداوان-ی دۆڵی خەلەکان چوار فەرماندە و پێشمەرگەی یەکێتی کوشت و دووی دیکەشی بریندار کرد، کوژراو و بریندارەکان ئەمانەن:

1. محەمەد شێخ مەحمود محەمەد عەبدولڕەحمان ناسراو بە شێخ شەماڵ (1952/ باخ/ پیرەمەگرون/ سلێمانی)، فەرماندەی تیپی (93)ی کۆیە، پێشمەرگەی مەفرەزە سەرەتاییەکان و لە ڕۆژی (1976.9.2)دا پێوندی بە شۆڕشی نوێ و هێزی پێشمەرگەی کوردستان کردبوو.

هەوراز کتێب

2. سەرباز ئەحمەد خدر ئەحمەد کۆیی (1957/ کۆیە)، جێگری فەرماندەی تیپی (93)ی کۆیە.

3. سەعدی محەمەد عەبدوڵڵا ناسراو بە سەعدی گەرمکی (1957/ تەقتەق/ گەرمک)، پێشمەرگەی تیپی (93)ی کۆیە.

4. کامەران فارس محەمەد ئیبراهیم ناسراو بە ڕەشۆ (1961.7.1/ کۆیە/ سەرباغ)، پێشمەرگەی تیپی (93)ی کۆیە، کە ڕۆژی دوایی بەر لە نیوەڕۆی (1983.4.16) کۆچی دوایی کرد.

بریندارەکان:

1. عومەر ئیبراهیم مەحمود (عومەر بیکەیسی)، بە سووکی بریندار دەبێت.

2. نەهرۆ خەزای مەحمود، دەستی ڕاستی بەسەختی بریندار و دواتریش ئیفلیج بوو.

لە پەلاماری هاوبەشی حزبی شیوعی عێراق و تەواوی هێزەکانی (بەرەی جود) بۆ سەر مەڵبەندی چواری بالیسان-ی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، لە ڕۆژی (1983.4.27)دا، زیانی یەکێتی، کوژرانی (8) پێشمەرگە و برینداربوونی (12)ی دیکە بوو، کە ئەمانەی خوارەوە بوون:

1. ئەحمەد ئۆمەر ئەحمەد ئەیوب ناسراو بە ئەحمەد قەمبەری (1952/ هەولێر/ تەقتەق/ قەمبەر)، فەرماندەی کەرتی (2)ی سەر بە تیپی (86)ی دەشتی هەولێر. لە ساڵی (1976) بۆتە پێشمەرگە و لە

هەواڵنامەی کتێب

قۆڵی پشتی بالیسان، لە بەردەلانک بە دەستی سۆسیالیست و پارتی کوژرا.

2. حەیدەر سادق یابە پیرداود ناسراو بە وەستا حەیدەر (1955/ هەولێر/ مەخمور/ گردەپان). لە ساڵی (1982) لە تیپی (83)ی هەورێ دەبێتە پێشمەرگە و دواتریش لە تیپی مەڵبەند و لە قۆڵی شێخ وەسانان و بەدەستی شیوعیەکان کوژرا.

3. شاهین قادر مەحمود محەمەد (1966/ کەرکووک)، لە بالیسان کوژرا.

4. ساڵح حاجی ڕەسوڵ ساڵح ناسراو بە کاکە ساڵح کاموسەکی (1960.7.1/ هەولێر/ هیران/ کاموسەک)، پێشمەرگەی تیپی (83)ی هەورێ و لە کانیبەرد بەدەستی حشع کوژرا.

5. شێروان مەحمود حەمەد مەحمود جاف ناسراو بە پیرمام (1951/ هەولێر/ کۆیە)، جێگری فەرماندەی کەرتی (4) لە تیپی (90)ی باواجی، لەنێوان مەلەکان و دەرەشێر لە قۆڵی شیوعیەکان کوژرا.

6. عوسمان سەعید حەسەن زێندین (هەولێر/ مەخمور). پێشمەرگە لە تیپی (91)ی سەفین، لە قۆڵی شێخ وەسانان و بەدەستی شیوعیەکان کوژرا.

7. قادر خدر تەها مستەفا ناسراو بە پیرۆت گردجانی (1964/ ڕانیە/ گردجان)، لە قۆڵی بالیسان لە بەردەلانک بەدەستی سۆسیالیست و پارتی کوژرا.

8. نامیق حەمە شوکر کەریم ناسراو بە پێشڕەو (1956/ کەرکووک/ چەمچەماڵ)، بەرپرسی کەرتی ڕێکخستنی ڕواندزی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان، لە لوتکە شاخی (تیخی سپی) لە نزیک گوندی مەلەکان و بەدەستی شیوعی کوژرا.

ناوی هەشت لە دوازدە بریندارەکانی بالیسان ئەمانەن:

1. ئیبراهیم عومەر سوور محەمەد ناسراو بە برایم برنۆ (1956/ ئۆمەراوە/ قوشتەپە/ هەولێر).

2. دڵزار بەکر عەبدولکەریم حەویزی (1957/ کۆیە)، فەرماندەی کەرتی (4)ی تیپی (90)ی باواجی و لە مەلەکان هەر دوو چاوەکانی بە گوللەیەک کوێر بوون و دەستێکیشی بریندار بوو.

3. سەباح عەلی مەولود حەمەد وەسمان (1954/ داربەسەر/ تەقتەق/ هەولێر)، پێشمەرگەی تیپی (86).

4. عەباس حەمەدئەمین ئۆمەر ناسراو بە مام عەباس ئێلنجاغی (1934/ ئێلنجاغ/ تەقتەق)، پێشمەرگەی تیپی مەڵبەند و دواتر لە ڕۆژی (2005.3.24)، کۆچی دوایی کرد.

5. عەلی نەبی عەلی ئەلیاس ناسراو بە عەلی نەبی (1953/ ڕانیە/ سەرکەپکان/ مێدێرە)، فەرماندەی تیپی پارێزگاری مەڵبەند، کە لەم شەڕەدا بریندار بوو و گوللەیەک بەر سنگی کەوتوو لە پشتی دەرچوو. عەلی نەبی، دواتر لە قەلادزێ لە ڕۆژی (1994.5.2)دا بەدەستی عەلی حەسۆ میرخان غەزالی ژاژۆکی شێروانی کوژرا، کە ئەویش هەر لەوێ کوژرایەوە.

کتێبخانەی ئەلیکترۆنی

6. عەیزوڵڵا عەوێز سەعید ناسراو بە عەیزوڵڵا مەرزانی (1957/ مەرزان/ تەقتەق)، پێشمەرگەی کەرتی (2)ی تیپی (86).

7. کازم عومەر عوبێد ناسراو بە کازم ئاومالێ.

8. محەمەد عەباس عەولا وەسمان ناسراو بە شاخەوان (1952/ قوڵتەپە/ قوشتەپە)، فەرماندەی تیپی (86)ی دەشتی هەولێر، کە دواتر لە کارە تیرۆرستییەکەی ڕۆژی (1ی شوباتی 2004) لەناو مەڵبەندی سێی ڕێکخستنی هەولێر، کە جێگری بەرپرسی مەڵبەند و ئەندامی سەرکردایەتی بوو کوژرا.

**دووەم**: سابت حەبیب ئەحمەد ئەلعانی، باسی ئەوە دەکات کە مەکتەبی سیاسی و مەکتەبی عەسکەریی حزبی شیوعی بە بڕیارێک بەشداریکردنی شەڕی لە دژی یەکێتی بۆ سەر مەڵبەندی (4)ی بالیسان ڕاگەیاندووە. سابت ئەلعانی، لە لاپەڕەکانی (548-549)ی (صفحات من السیرة الذاتیة 1922-1998)دا نووسیویەتی: (لە ڕۆژی 1983.4.21دا عومەر عەلی شێخ ئەندامی مەکتەبی سیاسی و بەرپرسی مەکتەبی سەربازیی سەردانی کردم، دەستپێشخەری و پێشنیازەکانی خۆمم لە پێناوی چارەسەرکردنی قەیرانەکەدا خستەڕوو. ئەو وەڵامی دامەوە کە کاتی چارەسەر بەسەرچووە. سەرەڕای جەختکردنەوەم، ئەو هەر سوور بوو لەسەر هەڵوێستی خۆیی و لەکاتی گفتوگۆدا داوای بۆچوونی منی کرد لەسەر دوو پرس کە لە مەڵبەندی هەولێری (حشع)ەوە هاتبوو. یەکەمیان هەڵسان بە هێرشکردنە سەر بارەگای یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە گوندی بالیسان. سەرکردایەتی پارتی دیموکراتی

هەواڵنامەی تێڕێ

کوردستان و سۆسیالیست بڕیاری هێرشکردنە سەر بالیسانیان دابوو، هەروەها داوایان لە سەرکردایەتی مەڵبەندی هەولێری ئێمە کردبوو کە بەشداری هێرشەکە بکەین لەگەڵیاندا، دەرکەوت کە سەرکردایەتی دابەش ببوون و داوای بۆچوونی مەکتەبی سیاسیی دەکەن، عومەر عەلی شێخ-م لەم ئاراستەیە ئاگادارکردەوە، کە ململانێکە قوڵتر و کێشەکەش ئاڵۆزتر دەکاتەوە، بەتایبەت کە بارەگای یەکێتی لە بالیسان بارەگایەکی سەرەکییە. هەروەها پرسی دووەم کۆکرنەوەی هێزە بەشداربووەکانمانە لە شەڕەکەدا، دیسان دژی کۆکردنەوەی هێزەکانمان وەستامەوە. پێم گوت ئەمە تەڵەیەکە و لەوانەیە زیانمان پێ بگەیەنێت. سەرەڕای ئاگادارکردنەوەش مەکتەبی سیاسی و سەربازی ڕەزامەند بوون لەسەر بەشداریکردن لە هێرشکردنە سەر بارەگای یەکێتی لە گوندی بالیسان و کۆکردنەوەی سەرجەم هێزەکانمان، کە ئەنجامەکەی ئەوەبوو 6 کوژراو و پێنج هاوڕێمان دیل بوون، هەروەها کێشانەوەمان لە ناوچەکە بۆ ڕۆست، چۆڵکردنی ناوچەکە لە هێزەکانی جود و کۆنترۆڵ کردنی تەواوی ناوچەکە لەلایەن یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان. هەمان بابەتم لە ڕۆژی 1983.4.29 بە ئامادەبوونی مام قادر لەگەڵ ئەحمەد بانیخێلانی باسکرد و لێم پرسی ئایە پێوەندی تەلەفۆنیتان لەگەڵ جەلال تاڵەبانی هەیە، پێم گوت کە تەنیا نێردەیەک بنێرێت بۆ (نێوزەنگ) داوای چاوپێکەوتنی جەلال بکەن (مەبەستی لە جەلال، مام جەلال-ە)، وەڵامەکەی ئەوە بوو: مەترسە بروسکەیەکمان لە پارتی دیموکراتی کوردستان بۆ هاتووە کە ئاماژە بەوە دەدات ئەوان هەزار پێشمەرگە بۆ پشتیوانی ئێمە

دەنێرن). بەگوێرەی قسەکانی سابت ئەلعانی، سێ شتمان بۆ دەردەکەوێت:

1. هێرش کردنە سەر بارەگای مەڵبەندی چواری بالیسان کە بەقسەی عومەر عەلی شێخ ئەندامی مەکتەبی سیاسیی و بەرپرسی مەکتەبی سەربازیی کە لە ڕێکەوتی (1983.4.21)دا بۆ ئەلعانی باسکردووە، لەلایەن بەرەی جود و حزبی شیوعی عێراق بەر لە ڕۆژی (1983.4.21)دا، بڕیاری لەسەر دراوە.

2. حشع نەک هەر بێئاگا نەبووە لە هێرشی هێزی پێشمەرگەی کوردستان بۆ سەر پشتئاشان و ئاشقوڵکە، بەڵکو ئەوان خۆیان بە بڕیاری مەکتەبی سیاسیی بەشدارییان کردووە لە هێرشکردنە سەر مەڵبەندی بالیسان، بۆیە دەبێ چاوەڕێی ئەوە بکەن شەڕ هەموو ناوچەکان بگرێتەوە.

3. کاتێک کە عومەر عەلی شێخ بە ئەلعانی دەڵێت: (کاتی چارەسەر بەسەرچووە) و ئەحمەد بانیخێلانی-ش دەڵێت: (مەترسە، بروسکەیەکمان لە پارتی دیموکراتی کوردستان بۆ هاتووە، کە ئەوان هەزار پێشمەرگە بۆ پشتیوانی ئێمە دەنێرن)، ئەم قسانە دەیسەلمێنن کە مەکتەبی سیاسیی حزبی شیوعی و مەکتەبی سەربازییان بڕیاری شەڕیان لەدژی یەکێتی داوە، مادام ئەوان بە بڕیاری مەکتەبی سیاسیی و سەربازی بەشداری شەڕی بالیسان بووینە، هەر خۆیان بەرپرسن لە دەرئەنجامی هێرش و شەڕەکان، پێویستیش ناکات بەدرۆ خۆیان بکەن بە فریشەی ئاشتی و بێتاوان!

هەواڵنامەی کتێب

**سێیەم:** بەهائەدین نوری، لە لاپەڕە (562)ی (مذكرات بهاءالدين نوري)، باسی ئەوە دەکات کە مەکتەبی سیاسیی حزبی شیوعی چەندین بروسکەیان بۆ ناردوون بۆ ئەوەی بەشداری شەڕەکانی بەرەی جود لە دژی یەکێتیدا بکەن. هەر بەهائەدین نوری، لە ئەڵقەی (5)ی بەرنامەی خوتا (خطى) بۆ کەناڵی ئاسمانی (قناة العراقية الإخبارية)، لە ئامادەکردن و پێشکەش کردنی (عەلا هادی ئەلحەتاب)، کە دواتر لە ڕۆژی (2018.1.18) لە کەناڵی (یوتوپ) دانراوە، گوتی: (حشع لە سەرەتای هەشتاکان ڕێککەوتنی ستراتیژی لەگەڵ یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان مۆرکرد، بەڵام دوای چەند مانگێک بروسکەیەکمان لە حزبەوە بۆ هات و تیایدا نووسرابوو: (لەگەڵ پارتی هەماهەنگی بکەن لە دژی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان. عەزیز محەمەد لە مۆسکۆ بۆ کەریم ئەحمەد داودی نووسیبوو: لەگەڵ بارزانی ڕێکبکەوە لە تاڵەبانی باشترە).

بروسکەکانی مەکتەبی سیاسیی حزبی شیوعی عێراق و قسەکانی عەزیز محەمەد سەلمێنەری ئەوەن کە حزبی شیوعی عێراق، بەخۆشحاڵییەوە چۆتە نێو بەرەی جود بە مەبەستی دژایەتی کردن و هەوڵی لەناوبردنی یەکێتی و کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان، ناردنی ئەو بروسکەیە بەڵگەیەکی حاشاهەڵنەگرە کە حزبی شیوعی پیلانگێڕ و بەرنامەی شەڕی یەکێتیی هەبووە! بۆیە حزبی شیوعی هەر پاساوێک (درۆیەک)ی بۆ دەرچوون لە بەرەی جەوقەد و چوونە نێو بەرەی جود هێنابێتەوە، جگە لە بیانۆیەکی بێبنەما شتێکی دیکە نییە، ئەی ئەوە نییە عەزیز محەمەد داوای هەماهەنگی نێوان حشع و پارتی دیموکراتی کوردستان دەکات لەدژی یەکێتیی

نیشتمانیی کوردستان؟ ئەی ئەوە نییە عەزیز محەمەد بە کەریم ئەحمەد دەڵێت: (لەگەڵ بارزانی ڕێکبکەوە لە تاڵەبانی باشترە)؟ ئەی ئەوە نییە مەکتەبی سیاسییان بروسکە دەنێرێت بۆ ئەوەی شیوعیەکانی سلێمانی بەشداری شەڕەکان بکەن لەدژی یەکێتی؟

**چوارەم:** کەریم ئەحمەد داود، جێگری سکرتێری یەکەمی حزبی شیوعی، لەنێوان (1983.5.1–4.15)، واتە لە ڕۆژی کوشتنی شەماڵ و هاوڕێکانی، داگیرکردنی بالیسان و هێرش بۆ سەر پشتئاشان، بە بەردەوامی وتارێکی بە زمانەکانی کوردی و عەرەبی لەژێر ناوی (لەوێدا هەندێک کەللە سەری گەرم هەن دەبێ سارد بکرێنەوە/ بإن هناك رؤوسا ساخنة یجب تبریدها؛ سەرچاوە: الدکتور محمد ئەلحەجاج، تجربتي، ص92)، لە ئێزگەی شیوعی (دەنگی گەلی عێراق) بڵاودەکرایەوە، کە مەبەستی لە ساردکردنەوەی کەللە سەری گەرم، کوشتنی پێشمەرگەی یەکێتی بوو. خۆم بە کوردی (سۆرانی، بادینی) و بە زمانی عەرەبی گوێم لەم وتارە بووە، بەڵام تا پەرتووکەکەی محەمەد ئەلحەجاج-م نەخوێندەوە، نەمدەزانی نووسەری وتارەکە کەریم ئەحمەدە. عەبدولڕەزاق جەمیل عەبدولکەریم سافی، ئەندامی لیژنەی مەرکەزی و بەرپرسی ڕاگەیاندن و بەڕێوەبەری دەنگی گەلی عێراق، دەیان وتاری ئاگرینی دەنووسی و گڕی شەڕەکانی خۆشتر دەکرد، وتارەکانیش هەمووی لەم ڕادیۆیەدا بەدەنگی موفید محەمەد جەواد ناسراو بە موفید ئەلجەزائیری (1939/ بابل) و ڕەجا ئەحمەد خەلیل ئیبراهیم ئەلزەنبوری بێژەرانی عەرەبی و بە دەنگی پرشەنگ سەعید محەمەد ئەمین بە کوردی دەخوێندرایەوە و دەیانگوت

تێکدەرەکانی یەکێتیی نانیشتمانیی ناکوردستانی (مخربي ألالإتحاد ألالاالوطني ألالاكوردستاني)، ئەم وتارانە هەمووی بەر لە شەڕی پشتئاشان، پەلاماری بەرەی جود بۆ سەر مەڵبەندی چواری بالیسان و ماوەی نێوان گرتنی بالیسان لەلایەن بەرەی جود و ڕۆژی یەکی ئایار (4.27-1983.5.1) بوو. بەگوێرەی ئێزگەی دەنگی گەلی عێراق، حزبی شیوعی عێراق بڕیاری شەڕی دژ بە یەکێتی دابوو، کەچی دەیەوێت ڕاستییەکان بشارێتەوەو بە بەردەوامی مێژوو چەواشە بکات؟ ئەوەی حزبی شیوعی عێراق لە باداوان (1983.4.15)، بالیسان (1983.4.27)، بەردبیرۆ لە نزیک دێی ڕەزگە و مارەدوو (1983.4.30) و ئێزگەکەیان لەنێوان (4.15–1983.4.30)دا لە خەرمانی دوژمنایەتی، تاوان و ڕق لەدژی یەکێتی چاندی، لە یەکی ئایار بەرهەمەکەی دوورییەوە!

کەریم ئەحمەد جێگری سکرتێری یەکەمی حزبی شیوعی عێراق، یەکێک بوو لە سەرکردە هەرە توندڕەوەکانی دژ بە یەکێتی و لەگەڵ بەشداری پێکردنی حزبی شیوعی عێراق بوو بۆ هێرشکردنە سەر یەکێتی، بەم وتارەی سەرەوە و دەیان وتاری دیکەی، حزبی شیوعی هاندەدا تا شەڕی یەکێتی بکەن، ئایە ئەو بڕیاری شەڕی لە دژی یەکێتی داوە، یان فەرهاد سەنگاوی بێژەری دەنگی شۆڕشی عێراق بڕیاری شەڕی لە دژی حزبی شیوعی داوە، کە فەرهاد سەنگاوی ئەندامی سەرکردایەتی نەبووە و بڕیاری شەڕیش درابێت ئەو کاریگەری لەسەر بڕیارەکە نەبووە، چونکە تەنیا بێژەر بووە، هەواڵی شەڕ، بەرگریکردن و هێرشەکانی دەخوێندەوە، لەگەڵ پێشکەشکردنی بەرنامەی کاروانی شەهیدان و چەند وتارێک کە بۆ

ئێزگە دەنووسران؟ باشە ئەو هەموو ڕق و کینە ڕەشەی شیوعیەکان دژ بە سەنگاوی لە پای چییە؟ ئایە دەکرێت لەسەر ئەو وتارەی کەریم ئەحمەد و ناوهێنانی یەکێتی بە (تێکدەرانی یەکێتیی نانیشتمانیی ناکوردستان)، یەکێتییەکان ڕقیان لە پڕشنگ سەعید محەمەد ئەمین بێژەری کوردی، موفید محەمەد ئەلجەزائیری و ڕەجا ئەحمەد خەلیل ئیبراهیم ئەلزەنبوری بێژەرانی عەرەبی دەنگی گەلی عێراق (صوت الشعب العراقي) حزبی شیوعی عێراق بێتەوە، کە ئەوان نووسینەکانی ئەحمەد بانیخێڵانی، کەریم ئەحمەد، عەبدولڕەزاق ئەلسافی، عامر عەبدوڵڵا، ماجد عەبدولڕەزا و بابەتی دەیانی دیکەیان دەخوێندەوە و لە کاتێکدا کە (پڕشنگ، ڕەجا و موفید) کاریان تەنیا بێژەری بووە؟

**پێنجەم**: قادر ڕەشید ناسک، لە لاپەڕە (29)ی (پشتئاشان لە نێوان ئازار و بێدەنگییدا)، نووسیویەتی: {نامەیەکی بە پەلەم پێگەیشت لە هاوڕێ عومەری مامەشێخەوە (ئەبو فاروق)، لێپرسراوی مەکتەبی عەسکەری بوو لە پشتئاشان، ئەمەش دەقی نامەکەی بوو: (هاوڕێ ئەبو شوان، بە گەیشتنی ئەم نامەیە خۆت و مەفرەزەکەتان بە پەلە و بێ دواکەوتن و بەشێوەیەکی نهێنی تەواو و بێ ئەوەی سەرکردایەتی یەکێتی لە ناوزەنگ پێتان بزانن، نۆکان بەجێبهێڵن و ئەگەنە پشتئاشان). لەدوای خوێندنەوەی نامەکە دەستبەجێ هەر چیەکمان هەبوو پێچامانەوە و بارمانکرد لە چەند ولاخێک و بە شەوێکی تاریک و ناوەخت کەوتینە ڕێ بە دامێنی ڕووبارەکەی نۆکاندا و زۆر بە نهێنی و بێورتە شۆڕبووینەوە}.

دوو ڕۆژ بەر لە هێرشی بەرەی جود بۆ سەر مەڵبەندی (4)ی بالیسان، قادر ڕەشید ناسک و هاوڕێکانی لەسەر داوای عومەری مام شێخ ئەندامی مەکتەبی سیاسیی و بەرپرسی مەکتەبی سەربازیی بنکەی نۆکانیان بەجێهێشت، کە بنکەی پێوەندی نێوان حزبی شیوعی و یەکێتی بوو، واتە لە شەوی (1983.4.25) ئەوان ڕەویان کرد و لە بەرەبەیانی ڕۆژی (1983.4.26)دا دەگەنە پشتئاشان. بەگوێرەی ئەم داوایەی عومەری مام شێخ لە قادر ڕەشید ناسک دەربارەی داخستنی بنکەی نۆکانی حشع و ڕاکردنی نهێنییان، دەیسەلمێنێت کە حزبی شیوعی پێشوەخت بڕیاری بەشداری کردنی شەڕی لە دژی یەکێتی داوە، ئەگینا بۆ بنکەی پێوەندی لەگەڵ یەکێتی دەگوازنەوە؟

**شەشەم**: هاوکات لەگەڵ ڕاکردنی قادر ڕەشید ناسک، یان ماوەیەک پێشتر، حزبی شیوعی عێراق بنکە و بازگەیەکیان لە گوندی سونێ دانابوو، مەحمود فەقێ خدری قەڵادزەیی کە پێشتر کۆنە ئەندامی ئەنجومەنە کارتۆنیەکەی تەشریعی حکومەتی بەعس بوو، بەرپرسی ئەو بنکەیە بوو، ئەویشیان داخست و گواستیانەوە بۆ پشتئاشان. گوندی سونێ، دەکەوێتە نزیک گوندی گۆڕەشێر و نزیک شاخی مامەندەی سنووری باشوور و ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بارەگاکانی سەرکردایەتیی حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران لەو گوندە بوون، ڕێی سەرەکی هاتووچۆی ئەوان بوو بۆ ناو باشووری کوردستان و عێراق. حدکا، هەردەم داوای لە حشع دەکرد کە ئەو بنکەیە هەڵگرن و ئەوەندە بەربەست نەخەنە بەردەم هاتوچۆی ئەوان، وازبێنن لە گێچەڵی ڕۆژانەیان بە حدکا، کەچی

حشع ئامادە نەبوو بنکەکە چۆڵ بکات و وازبێنێ لە تەشقەڵەکردن بە ئەندامانی حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران، بەڵام شیوعیەکانی بازگەی سونێ بۆ خۆ ئامادەکردن بۆ شەڕی بەرەی جود لەدژی یەکێتی بەر لە قادر ڕەشید ناسک بەنهێنی گواستیانەوە بۆ پشتئاشان، چونکە ئەوان باش دەیانزانی مانەوەیان لەوێ بە زیانی خۆیان کۆتایی دێت، ئەمەش بەڵگەیەکی دیکەیە کە ئەوان بەدڵنیایی پێشتر بڕیاری بەشداری کردنی شەڕیان لە دژی یەکێتی دابوو.

حشع لە مانگی نۆی ساڵی (1982)، بە بڕیارێکی کۆمیتەی سەرکردایەتیی و بە پاساوی ئەوەی گوشاری هێرشی سوپای پاسدارانی ئێرانی لەسەرە، ناوزەنگی چۆڵکرد و بارەگاکانی سەرکردایەتیی خۆی بۆ گوندی پشتئاشان و قڕناقاو گواستەوە تا لە هێزەکانی یەکێتی دوور بێت و لەکاتی شەڕدا هەم پارێزراو بێ، هەم هاوکاری بەرەی جود بکات. ئەوە لە کاتێکدا کە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان ناوزەنگی چوڵنەکرد، سەرەڕای ئەوەی کە لە شەڕێکی سەخت دابوو لە دژی جمهوری ئیسلامی ئێران و بەرەی جود، کە سوپای پاسداران و ئەرتەشی ئێران بە هاوکاری و ڕێنمایی پارتی دیموکراتی کوردستان و حسک دوو ئەندامی بەرەی جود، هاوکار و پشتیوانی حشع ڕۆژانە بارەگاکانی سەرکردایەتی یەکێتی تۆپباران دەکرد! حشع سەرکردایەتی و بارەگاکانی خۆی لە ناوزەنگ گواستەوە بۆ پشتئاشان و قڕناقاو، کەچی قادر ڕەشید ناسکی لە نۆکان هێشتەوە تا لە ڕۆژی (1983.4.25)، تەنیا دوو ڕۆژ بەر لە هێرشی بەرەی جود بۆ سەر بارەگای مەڵبەندی چواری

یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە بالیسان، بە بڕیاری مەکتەبی سیاسیی بە شەو هەڵات و ئەوێی چۆڵکرد، کە ئەم کارانە هەمووی بە پلان کراوە بۆ ئەوەی کە هێرش کرایە سەر بالیسان، قادر ڕەشید و هاوڕێکانی نەکەونە بەر شاڵاوی تۆڵەی یەکێتی! شێوەی بروسکەکەی عومەر عەلی شێخ و هەڵاتنی قادر ڕەشید کە داوا دەکەن سەرکردایەتیی یەکێتی پێی نەزانێت، سەدان و هەزاران گومان دروست دەکات! ئاخر بۆ دەبێت تەنیا یەک یان دوو ڕۆژ بەر لە هێرشی بەرەی جود بۆ سەر مەڵبەندی چواری هەولێر لە بالیسان، مەکتەبی سیاسیی حزبی شیوعی عێراق داوا لە قادر ڕەشید و سەید باقی (باقی محەمەد تەها/ 1932.7.14-2013.6.25) بکات کە بنکەی نۆکان بە زووترین کات، بەنهێنی، بێت ئاگاداری یەکێتی داخەن و خۆیان بگەیەننە پشتئاشان، لەکاتێکدا ئەو بنکەیەی ئەوان لە نۆکان مەکتەبی پەیوەندی نێوان حزبی شیوعی عێراق و یەکێتی بووە؟ چۆڵکردنی بنکەی نۆکان، مانای کۆتایی هێنانە بە پەیوەندی نێوانیان و ئاشکراکردنی نیازخراپی حزبی شیوعی دەگەیەنێت لە ڕاگەیاندنی شەڕی ئاشکرایان بەرانبەر بە یەکێتی، کە ئەوان سەری ڕمەکە بوون!

2. حشع لای یەکێتی خۆیان بێلایەن نیشان دەدا کە گوایە ئەوان نێوەندگیری لە نێوان یەکێتی و (حسک، پاسۆک و پارتی) دەکەن، کەچی لە ساڵی (1981 و 1982)ەوە، ڕاپرسییەکیان لەناو ئەندامانی خۆیان کردبوو، بۆ ئەوەی پێکەوە لەگەڵ هێزەکانی بەرەی جود شەڕی یەکێتی بکەن یان نەیکەن، زۆربە دەنگی بۆ ئەوە داوە کە بیکەن؛ سەرچاوە: (جەلال تاڵەبانی، شۆڕشی نوێ لەپراکتیکدا

لەسۆنگەی دیدارێک و کۆبوونەوەی کادرانی خەتێ - 1983، ل112)، کە خۆیان ڕاپرسیان کردبێت و دەنگیان دابێت بۆ ئەوەی هاوشانی بەرەی جود شەڕی یەکێتی بکەن، کە لە نێرەگین، لە کوشتنی شەماڵ و هاوڕێکانی لە باداوان و داگیرکردنی مەڵبەندی چواری بالیسان، کردیان؛ ئەی بۆ یەکێتی بۆی نەبێت تێیان بسرەوێنێت، کە بەرگری لەخۆکردن و تۆڵەکردنەوە مافی ڕەوای هەموو کەس و لایەنێکە. فاتیح ڕەسوڵ، لە لاپەڕە (204)ی بەرگی سێیەمی (چەند لاپەڕەیەک لە مێژووی خەباتی گەلی کورد ڕووداوو بەڵگەنامە 1982-1990)، پەردە لەسەر درۆکان و دیماگۆجیەتی حزبی شیوعی عێراق سەبارەت بە بانگەشەی نێوەندگیری و بێلایەنیان هەڵدەداتەوە و نووسیویەتی: (بەکردەوە و هەڵوێست لە ڕووی پڕوپاگەندە و ڕاگەیاندن، حشع پارسەنگی ناوبژی کردنی بۆ لایەن گرتنی پدک و حسک دادەشکاندەوە)، ئەمەش بەڵگەیە بۆ ئەوەی کە حزبی شیوعی هەرگیز بێلایەن و ناوبژیوان نەبووە لە شەڕەکانی بەرەی جود لەدژی یەکێتی، بەڵکو بەردەوام، بە کردەوە و هەڵوێست لە ڕاگەیاندن و پێکدادانی چەکداری بەرەی جود لەدژی یەکێتی، حزبی شیوعی چۆتە پاڵ پارتی و حسک!

دکتۆر ڕەفیق سابیر، لە لاپەڕە (405)ی (لە ستایشی ژیانمدا ئەزموونی نووسەرێک)، سەبارەت بە دووڕوویی حشع کە لە سەرەوە خۆیان بە (بێلایەن، ناوبژیکەر، ڕیش سپی) و لەژێرەوەش هەردوو مەکتەبی سیاسی و سەربازییان بڕیاری بەشداری کردنی شەڕی بەرەی جودیان لە دژی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان دابوو، دەنووسێت: (ئەو کاتەی لە کوردستان بووم، لێم ڕوون بوو

شەڕەکە فراوانتر و خوێناویتر دەبێت، چونکە سەرکردایەتی حیزبی شیوعی ژێر بە ژێر خۆی یەکلایی کردبۆوە)، ئەم نووسینەی ڕەفیق سابیر بەڵگەی ئەوەیە کە حزبی شیوعی دەمێک بوو بڕیاری بەشداریکردنی شەڕی بەرەی جودی لەدژی یەکێتی دابوو. هەروەها لە لاپەڕە (313)ی هەمان سەرچاوە دەنووسێت: (حزبی شیوعی بڕیاری دابوو، کە کار و چالاکیی خۆی لەگەڵ دوو هێزەکەی تری بەرەی جود، پتەو بکات. بارەگای سەرکردایەتیی خۆی لە نێوزەنگەوە بۆ پشتئاشان گواستەوە، تا لە سەرکردایەتیی یەکێتی دوور بێت و پارێزراو بێت)، ئەمەش وەکو لە سەرەوە باسم کردووە، بەڵگەی سەلمێنەرە کە حزبی شیوعی بڕیاری شەڕی لە دژی یەکێتی دابوو. هەر بەو هۆکارەوە حزبی شیوعی عێراق سەرکردایەتی خۆی لە نێوزەنگ بۆ پشتئاشان گواستۆتەوە، کەواتە پاساوی بێلایەنی، ناوبژیکەر و بێئاگاییان لە پەلاماری یەکێتی بۆ پشتئاشان هەمووی ناڕاستە.

3. حزبی شیوعی عێراق بەشدار بوون لە کوشتنی شەماڵ، سەرباز، سەعدی و کامەران لە ڕۆژی (1983.4.15)، کە محەمەد حەمەدئەمین عەبدوڵڵا ناسراو بە محەمەد حەلاق (1995.11.2-1955)، جێگری فەرماندەی لقی کۆیەی حزبی شیوعی شەماڵ-ی بۆ حسکەکان دەستنیشان کردبوو، ئەگینا حسکە شیلانییەکان کە خزمی ڕەسوڵ مامەند بوون شەماڵیان نەدەناسی و شۆڕش حاجی بە شەماڵ تێگەیشتبوون و لوولەی چەکەکانیان ئاراستەی ئەو کردبوو، چونکە شۆڕش شاڵی لەبەر بووەو کڵاشی پەڕۆیینی لە پێ بووە، کاتێک کە حەمەی حەلاق بەدەنگی بەرز دەڵێت: (کاک شەماڵ

چۆنی)، لوولەی چەکەکانیان لەسەر شۆڕش دەسوڕێنن و تەقە لە شەماڵ دەکەن. کاتێک کە شێرکۆی برای سەرباز کۆیی و نەوزاد لەتیف فەتحوڵڵا ناسراو بە نەبەز دەگەنە لای سەرباز کۆیی کە بریندارە و لە چاڵێک کەوتووە، دەیانەوێت بچنە لای سەرباز و هاوکاری بکەن، سەرباز پێیان دەڵێت: (واز لە من بێنن، بە دوای حسک و شیوعیەکان بکەون کە لە شەماڵ و ئێمەیان دا)، دوای لێدانی سەرباز کۆیی و هاوڕێکانی واتە بۆسەی دووەم شیوعیەکان بەرە شاخەکانی دەوروبەری گوندی باداوان ڕادەکەن و بە عەرەبی و کوردی هاوار دەکەن: (إنسحاب رفاق إنسحاب/ بکشێنەوە هاوڕێیان بکشێنەوە)، کە ئەمەش بەڵگەیە بۆ بەشداری حزبی شیوعی عێراق لە تاوانی کوشتنی (شەماڵ، سەرباز کۆیی، سەعدی و کامەران)، خۆ ناشێت حسکەکان بە عارەبی قسەیان کردبێت، خاڵی سێیەم هەمووی لەوتەی ئەو پێشمەرگانەی یەکێتی وەرگیراوە کە بە ڤیدیۆ تۆمارکراون و ڤیدیۆکە لەلایەن هێرۆ ئیبراهیم ئەحمەدی هاوسەری مام جەلال تۆمارکراوەو پارێزراوە. هەر لەم بۆسەیەدا محەمەد عومەر خالید ناسراو بە حاجی بەختیار بریندار بوو، کە دواتر لە ساڵی (1989)، لەلایەن ئەمنی هەولێر گیراو گوللە باران کرا.

ڕزگاربوانی بۆسەی باداوان لە ئێوارەی (1983.4.15)، هەریەک لە:

ئەحمەد عەبدولڕەحمان محەمەد عەبدولڕەحمان ناسراو بە شێخ هەژار (1963/ باخ/ پیرەمەگرون)، خزمی شێخ شەماڵی سەرتیپ.

جەعفەر حەمەد ئەحمەد دەروێش کۆیی (1959/ کۆیە)، پاشان لە ڕۆژی (1991.3.20)، لە ڕزگارکردنی کەرکووک کوژرا.

خەلیل کەریم وەسمان مستەفا ناسراو بە خەلیل چاوڕەش (1964/ سەرە قەڵا/ کۆیە).

دلێر عەبدوڵڵا تاهیر عەبدوڵڵا ناسراو بە دلێر تاقانە (1957.2.2/ کۆیە)، لە ڕۆژی (2008.12.18)، کۆچی کردووە.

سەباح بەکر عەبدوڵڵا ناسراو بە سەباح بەکر مەلا (1963/ کۆیە).

سەعید ساڵح ئۆمەر ناسراو بە سەعید موخەڕەسی (1953/ موخەڕەس/ تەقتەق)، دواییتر لە ڕۆژی (1985.2.28) لە ڕەبیەی بانوی تاڵەبان کوژرا.

سیامەند مامەند ساڵح حەمەد ناسراو بە سیامەند دۆنداری (1957/ دۆندار/ کۆیە).

شۆڕش مستەفا ڕەسوڵ ناسراو بە شۆڕش حاجی (1958/ قەڵادزێ)، ڕابەر سیاسی تیپ.

شێرکۆ ئەحمەد خدر ئەحمەد ناسراو بە شێرۆ کۆیی (1965/ کۆیە)، برای فەرماندە سەرباز کۆیی جێگری سەرتیپ.

عومەر ئیبراهیم مەحمود ناسراو بە عومەر بیکەیسی (1963/ قەڵادزێ - 2006.11.17).

نەهرۆ خەزای مەحمود (1959/ کۆیە)، لە بۆسەی باداوان دەستێکی ئیفلیج بوو.

نەوزاد لەتیف فەتحوڵڵا ناسراو بە نەبەز (1964/ کۆیە)، خزمی شێخ شەماڵی سەرتیپ.

وشیار شەفیق نادر (1959/ کۆیە).

یاسین سابیر فەرەج (1962/ باخ/ پیرەمەگرون).

کاتێ پێشمەرگەکانی یەکێتیی تیپی (93)ی کۆیە، لە ڕۆژی (1983.4.19)دا دەگەنە سەرکردایەتی یەکێتی، هێرۆ ئیبراهیم ئەحمەد هاوسەری مام جەلال، لە ڕۆژانی (23-1983.4.24)دا، لە ناوزەنگ بە ڤیدیۆ چاوپێکەوتن لەگەڵ (بریندارەکانی شەڕی باداوان، ڕزگاربوانی بۆسەی یەکەم و دووەم و چەند پێشمەرگەیەکی نێو ئۆتۆمۆبیلی سێیەم) دەکات، ئەوان بە وردی باسی بۆسە و تاوانەکەی حزبی شیوعی و حسک لە باداوان دەکەن، کە چۆن شێخ شەماڵ، سەرباز کۆیی، سەعدی گەرمکی و کامەرانیان بەناڕەوا کوشتووە. خۆم دواتر ئەو دیدارە ڤیدیۆییەم لە ئێوارەکانی (2019.3.17) و دوو شەو دواتر، لە (دەروازەستی 2) لە سلێمانی دیوە، کە باسی تاوانی کوشتنی شێخ شەماڵ و هاوڕێکانی دەکەن، کە هاوڕێیەکم ئەو ڤیدیۆیەی بە نهێنی بۆ هێنام، بەڵێنی لێ وەرگرتم و سوێندی دام کە ناوی نەهێنم. بەگوێرەی ڤیدیۆی ڕزگاربوانی بۆسەی گوندی باداوان، ئەو (شیوعی و حسک)انەی ناسراون، ئەمان بووینە:

مەقسود حەمەدئەمین عەبدوڵڵا کۆیی، لە چنارۆک بە ئامێری هۆکی تۆکی محەمەد حەلاقی برایی و حسکی لە چوونی شەماڵ، سەرباز و هاوڕێکانی بۆ باداوان ئاگادار کردۆتەوە.

عەلی نادر محەمەد ناسراو بە عەلی حاجی نادر، فەرماندەی بەتالیۆنی (31)ی ئازار.

محەمەد حەمەدئەمین عەبدوڵڵا ناسراو بە محەمەد حەلاق جێگری فەرماندەی لقی کۆیەی حشع.

ملازم ئەحمەد شەفیق جبوری.

مەحمود نادر محەمەد ناسراو بە مەحمود حاجی نادر، فەرماندەی لقی بتوێن.

خدر عەبدوڵڵا خدر ناسراو بە مەلا جەلال (1939- 2014.10.20/ گوندی ماجید/ کەندێناوە). دوای بەدیلگرتنی جەلال حاجی مەحمود مایل ناسراو بە حاجی جەمال (1941/ دیبەگە- 1992.7.17/ هەولێر بە کارەساتی ئۆتۆمۆبێل)، لە پشتئاشان، یەکێتی ئەوەیانی بۆ ماوەی نزیکەی (9) مانگ هێشتەوە، چونکە حاجی جەمال بە مەلا جەلال (خدر عەبدوڵڵا خدر) تێگەیشتبوو، کە ئەوەی کۆتایی لە کوشتنی شەماڵ و هاوڕێکانی دا، لەگەڵ هێزەکەی حزبی شیوعی بووە.

محەمەد عومەر خالید حەمەد مەرزانی ناسراو بە حاجی بەختیار/ 1957/ مەرزان/ تەقتەق)، کە لەو بۆسەیەدا بریندار دەبێ، بۆ چارەسەرکردنی برینەکەی لە کۆتایی ئەم ساڵەدا دەنێردرێتە

سوریا و لەوێشەوە بۆ ڕووسیا، دواتر لە ناوەڕاستی ساڵی (1986)دا گەڕایەوە کوردستان و نێو حزبی شیوعی، وەلێ پاشان لە ڕۆژی (1989.3.25)، بەهۆی مەناف تەها ئۆمەر شێخانیەوە کە ئەویش هەر لە ڕیزی حزبی شیوعی دابوو، لەلایەن ئەمنی هەولێر لەگەڵ مریەمی خوشکی و چوار شیوعی دیکە دەستگیر دەکرێن، پاشان پێکەوە لە ڕۆژی (1989.4.24)دا، گوللە باران دەکرێن. بریندابوونی حاجی بەختیار لەو بۆسەیەی گوندی باداوان، بەڵگەیەکی سەلمێنەرە بۆ بەشداری کردنی شیوعیەکان لە کوشتنی شێخ شەماڵ و هاوڕێکانی.

حسکە شیلانەیی و بەردەشانییەکانی خزمی ڕەسوڵ مامەند بە فەرماندەیی ڕەسوڵ حەمەد مستەفا شیلانەیی جێگری فەرماندەی هەرێمی ئاسۆسی حسک (45–50) چەکدار دەبوون.

مەحمود حەمەد مستەفا شیلانەیی.

لەتیف ئیبراهیم هەنجیرەیی، بۆتە پارتی و لە هەولێرە.

4. حزبی شیوعی عێراق، لە ڕۆژی (1983.4.27)، بەشداری لە هێرش و داگیرکردنی مەڵبەندی (4)ی یەکێتی کرد، کە یەکێتی هەشت کوژراو و دوازدە بریندای هەبوو.

5. حزبی شیوعی عێراق، سەنگەرێکی لە گوندی ڕمکان نزیک گوندەکانی ڕەزگە و مارەدوو بۆ پاراستنی پشتئاشان دانابوو. محەمەد خدر پشدەری بەرپرسی ئەو سەنگەرە بوو، پاش نیوەڕۆی ڕۆژی (1983.4.30)، لەکاتی تێپەڕبوونی هێزەکەی یەکێتی بە

سەرکردایەتی نەوشیروان مستەفا ئەمین، تەقە لە دوا کاروانی پێشمەرگەکانی یەکێتی دەکەن، وریا قادر عەبدوڵڵا ڕەشید ناسراو بە وریای مام قادر (1954/ ڕانیە) دەکوژن و حەمە غەریب سەعید تۆفیق ناسراو بە غەریب عەسکەری فەرماندەی تیپی (99)ی بتوێن بەسەختی زامدار دەکەن! ئەگەر حشع بڕیاری بەشداریکردنی لە شەڕی بەرەی جود نەدابێت، بۆچی تەقە لە دوا کاروانی هێزەکەی یەکێتی دەکات؟ یان حزبی شیوعی عێراق پێیوایە مادۆنی (إجازة)ی کوشتن و هێرشکردنە سەر یەکێتی هەیە و یەکێتی لە بەرانبەردا ئەوان مافی وەڵام دانەوە و بەرگری لەخۆکردنیان نییە؟

6. حزبی شیوعی عێراق بە هاوبەشی لەگەڵ سەرکردایەتی جود، پلانیان بۆ داگیرکردنی مەڵبەندی (3)ی وەرتێ، سەرکردایەتی یەکێتی لە ناوزەنگ، زەڵێ و شێنێ، مەڵبەندی (2)ی سەرگەڵوو و مەڵبەندی (1)ی حاجی مامەند دانابوو، هەروەکو نەوشیروان مستەفا ئەمین، لە لاپەڕە (281)ی (پەنجەکان یەکتری ئەشکێنن دیوی ناوەوەی ڕووداوەکانی کوردستانی عیراق 1979-1983)، نووسیویەتی: (بەڵگە گیراوەکان دەریانخست: سەرکردایەتی جود، لەناو خۆیاندا پێکهاتبوون گەلەکۆمەکی چوار قۆڵی سیاسیی - چەکدار بکەن بۆ گرتنی بارەگای مەڵبەندی یەک لە حاجی مامەند و گرتنی بارەگای مەڵبەندی چوار لە بالیسان، ئینجا گرتنی جادەی کۆمتان - خانەقا، لە دوا قۆناغی لەشکرکێشییەکەدا بارەگاکانی سەرکردایەتی لە ناوزەنگ، دیارە لە هەڵسەنگاندنی هێزەکانی خۆیاندا تووشی ژور - هەڵسەنگاندن و لە هی هێزەکانی یەکێتی دا تووشی ژێر - هەڵسەنگاندن بوبون)، کە نەوشێروان هەندێک لە

بەڵگەنامە گیراوەکانی داناوە. هێزەکانی یەکێتی لە سنووری مەڵبەندی یەکی حاجی مامەند، بەرلەوەی بەرەی جود هێرشیان بکاتە سەر، یەکێتی تەنیا پەلاماری حسک، پاسۆک و پارتی دا و شیوعی هاوێرکرد، کە لە ڕۆژانی (19–1983.4.20)، تەواوی پارتی، پاسۆک و حسکی ئاودیوی ئێران کرد، چونکە حسک سەرەڕای کوشتنی شەماڵ و هاوڕێکانی ژمارەیەک پێشمەرگەی یەکێتی کوشت و پارتیش لە گۆڕەدێ. لە تۆڵەی جەزای عەلی کاتب کە بەهەڵە لە ڕۆژی (1983.4.1)دا لەلایەن یەکێتی کوژرا، ئەوانیش ڕۆژی دواتر یازدە پێشمەرگەی یەکێتی دەکوژن.

کاکە عومەر ئیسماعیل خدر ناسراو بە سەید کاکە (1932/ مورتکە/ قوشتەپە – 2025.8.24)، ئەندامی مەکتەبی سیاسیی حزبی سۆسیالیستی کوردستان و بەرپرسی مەکتەبی سەربازی حسک، لە لاپەڕە (252)ی (بیرەوەری پێشمەرگەیەک)، دەست پێکردنی قۆناغی دووەمی پەلامارەکانی بەرەی جود بۆ سەر یەکێتی بە گرتن و دەرکردنیان لە دەرگەڵە، خانەقا، زارگەلی، سەران و گەرەوان دادەنێت، کە دەکاتە مەڵبەندی سێی وەرتێ، هەرووەکو باسی کردووە کە قۆناغی یەکەمیان گرتنی بالیسان بووە، ئەمەش بەڵگەیە بۆ نیازی سەرانی بەرەی جود بۆ قۆناغی دووەم و زیاتریش کە پەلاماردانی مەڵبەندی سێی یەکێتی لە وەرتێ و دواتریش پەلاماردانی بارەگاکانی سەرکردایەتی لە ناوزەنگ.

چەند بەڵگەیەک دەخەمەڕوو کە پلانی بەرەی جود ئاشکرا دەکەن بەوەی کە ویستوویانە دوای داگیرکردنی مەڵبەندی چواری

بالیسان، پەلاماری سەرکردایەتی و مەڵبەندی سێی یەکێتی لە گوندی وەرتێ بدەن و داگیری بکەن. بەڵگەنامەکانیش لە پشتئاشان بارەگای حزبی شیوعی عێراق، ئاشقولکان بارەگای حسک و پاسۆک، هەروەها لە کونەکۆتر و قەندیل لەنێو جانتاکەی حەسۆ میرخان ژاژۆکی دەستیان بەسەردا گیرا، ئەو ڕاستیە دەسەلمێنن و هەمان ساڵ لە سێ نامیلکەدا بڵاوکرانەوە، کە بریتین لە:

**یەکەم:** چۆن حزبی شیوعی عێراقی شەڕی بەسەرماندا سەپاندەوە.

**دووەم:** بەڵگەنامەکانی شەڕی جود.

**سێیەم:** من وثائق تدين مؤامرات أطراف الجود.

**بەڵگەی یەکەم:** نامەیەکی ئەحمەد قادر محەمەد سەفەر بانیخێڵانی ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی (حشع)، کە لە ڕۆژی (1983.4.30)دا بۆ مام ڕەسوڵ (ڕەسوڵە سوور)ی جێگری فەرماندەی لقی پشدەر ناردووە و باسی ئەوە دەکات کە ملازم هوشام و هاوڕێ (باوکی خالید)ی بۆ ناردوون لە پێناوی هەماهەنگی کارەکان و هیوای ئەوە دەخوازێت کە پەلاماری داهاتوویان شێرانە بێت و خراپتر بەسەر ئەو سەرلێشێواوانە بهێنن کە لە بالیسان بەسەریان هێنان. هەروەها مژدەی ئەوەیان پێ ڕادەگەیەنێت کە هێزەکانی حزبی شیوعی هەولێر وا بەرەو لای حسک بەڕێوەن بۆ سەران. بە هەمان شێوە موژدەی ئەوەشیان دەداتێ کە هێزەکانی پارتی لە ماوەی دوو ڕۆژدا دەگەنە لای ئەوان (دەگەنە لای حسک لە گوندی سەران) و

هێزەکانی پارتی و حشع لە بادینانەوە بە ڕێوەن بۆ ئەم ناوچەیە (سەران). بەگوێرەی ئەم بروسکەیەی ئەحمەد بانیخێڵانی کە بۆ ڕەسوڵە سووری جێگری فەرماندەی لقی پشدەری ناردووە، ئەگەر هێزەکانی یەکێتی دەستی خۆیان پێش دەستی بەرەی جود نەخستبایە و چەند ڕۆژێک هێرشەکەیان دوابکەوتنایە، ئەوەی کە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بەسەر ئەمانی هێنا، ئەوانیش بەسەر یەکێتییان دەهێنا هەروەک بانیخێڵانی ئاواتی بۆ دەخوازێت کە لە بالیسان خراپتریان بەسەردا بێنن، بەڵام ئاواتەکەی بردە ژێر گڵ، چونکە بەگوێرەی بروسکەکەی بانیخێڵانی ناردنی ملازم هوشام، باوکی خالید، هێزی پارتی و حشع بۆ سەران بەدڵنیایی بۆ پەلامار و داگیرکردنی مەڵبەندی سێی وەرتێ و سەرکردایەتی یەکێتی بووە! ئای چەند شەرمە بۆ سەرکردەیەکی وەکو ئەحمەد بانیخێڵانی داوای هەڵمەتی شێرانە لە چەکدارانی خۆی بکات، خۆیشی لەکاتی شەڕدا سەنگەر چۆڵ بکات، لەپەڕینەوە بەرەو ئەو دیو سنوورەکان، بێ ئەوەی فیشەکێک بتەقێنێت ڕێوی ئاسا بەدیل بگیرێت!

**بەڵگەی دووەم:** بەگوێرەی بەڵگەنامەیەکی مەکتەبی سیاسیی حسک، کە نامەیەکی فەرمییە و لە ڕۆژی (1983.4.28)دا لەلایەن قادر عەزیز محەمەد ناسراو بە قادر جەباری (1946/ کۆڵەبان/ جەباری/ کەرکووک - 2016.11.12) و ڕەسوڵ مامەندی سکرتێری حسک بۆ ئەحمەدی فەقێ ڕەش (ئەحمەد فەقێ ئەحمەد سلێمان، ئەندامی سەکردایەتی و فەرماندەی هەرێمی (9)ی باڵەکی حسک) نێردراوە: (چۆن حزبی شیوعی عێراق شەڕی بەسەرماندا سەپاندەوە، ل34)، لە نامەکەدا داوا لە ئەحمەدی فەقێ ڕەش دەکەن

کە بە پەلە لەگەڵ سەرجەم هێزەکانی حسک و حشع بەرەو گوندی لیۆژێ بکەونە ڕێ بۆ ئەوەی (لە وەرتێ و ئەو ناوەش تێیان سرەوێنن). بەدڵنیاییەوە مەبەستیان لە (ئەو ناوەش تێیان سرەوێنن)، دوای داگیرکردنی وەرتێ لێدان و هێرشکردنە بۆ سەر بارەگاکانی سەرکردایەتی لە ناوزەنگ و ئەو ناوە، تا لەوێش بە گفتی خۆیان بە دەردی بالیسانیان ببەن، کەچی نەیانزانی خۆیان تێیان دەسرەوێندرێت و بە دەردێک دەچن، کە تا ماون نەک نەتوانن لەبیری بکەن، بەڵکو ببێتە گرێیەک لەسەر دڵ، زمان و مێشکیان! لە نامەکەی حسک-دا هاتووە: (ئەوەبوو یەکێتی لە بالیسان چەند جارێک گێچەڵ و شەڕیان دەفرۆشت. هێزەکانی جودیان ناچار کرد دوێنێ 4.27 هەموو هێزەکانی جود پێکەوە لێیان بدەن و مەڵبەندی چواریان تێک و پێک بشکێنن و ڕاویان بنێن بەرەو وەرتێ و کوشتاری زۆریان لێ کردوون. بۆ ئەوەی ڕێگایەکی ئەمین. مەنتیقەیەکی ئەمین دروست کەین بۆ جود پێویستە لە وەرتەو ئەو ناوەش تێیان بسرەوێنین. پێویستە هەموو قوەتەکەتان لەگەڵ قوەتی برایانی حزبی شیوعی بکەونە ڕێ بۆ لیۆژێ بێ دواکەوتن. تکایە زۆر ئیهتیمام بدەن بەم نامەیە و بێ دوا کەوتن لەگەڵ قوەتەکەی ئەوان بەڕێ بکەون. دەبێ بە ڕێگایەکی ئەمیندا بێن چونکە دواکەوتنتان نەخشەی ئەم ناوەمان لێ تێک دەدات)، هەر بەگوێرەی ئەم نامەیە ئەوان دەخوازن ڕێی پەڕینەوەی نێوان وەرتێ و بالیسان واتە مەڵبەندەکانی سێ و چواری یەکێتی بۆ خۆیان مسۆگەر بکەن، ئەو کۆپلەیە لەلایەن ڕەسوڵ مامەند نووسراوە کە داوا لە هێزەکەی خۆیان دەکات و نووسیوێتی: (دەبێ بە ڕێگایەکی ئەمیندا بێن چونکە

دواکەوتنتان نەخشەی ئەم ناوەمان لێ تێک دەدات)، کە نەخشەی گرتنی مەڵبەندی وەرتێ، بنکە و بارەگاکانی سەرکردایەتیە لە (ئێندزە، توژەڵە، دۆڵەتوو، سەکران، شێنێ، زەڵێ و ناوزەنگ)، بەڵام یەکێتی بە سەرکردایەتی ئازاد هەورامی هێزێکی شەڕکەری باشی لەوێ دانابوو، هەر بۆیەش هیچ هێزێکی بەرەی جود لە هەولێر و بالیسان نەیتوانی بگاتە هێزەکانیان لە ئاشقوڵکە، پشتئاشان، سەران، لێوژێ و قڕناقا.

**بەڵگەی سێیەم:** نامەی ژمارە (235)ی ڕۆژی (1981.11.1)ی حزبی شیوعی عێراق بۆ کۆمیتەی هاوبەشی بەرەی جود ناردوویانە و لە بڕگەی (2)دا هاتووە: (وەک پێشتر و ئەم ئێوارەیە بۆمان نووسین، دوو جار کۆمەڵی مام جەلال هاتن بۆ لامان داوای بێلایەنی ئێمەیان کرد لە باڵەک، گوتمان شتی وا نییە و نابێ. داوای ئاگربەستی کاتیان کرد تا دەگەینە چارەسەرێکی مامناوەندی، گوتمان ئێمە هاوکاری جود دەکەین). زۆر بەڵگەی دیکەی هەن کە دەیسەلمێنن حزبی شیوعی عێراق زۆر بە پەرۆشی هەڵگیرساندنی شەڕەکانی ناوخۆی ساڵی (1983)ی دژ بە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بووە، بەڵام تەواوی بەڵگەکان لە پەرتووکی (پشتئاشان تاوان، یان تۆڵە) دانراون، گەر پێویست بکات ئەوانیش وەکو بەشی دووەمی ئەم پەرتووکە کە یەک لە شازدە بەش، یان (6.25%)ی پەرتووکی (پشتئاشان تاوان، یان تۆڵە)یە بڵاودەکەمەوە.

بەگوێرەی ئەو نامەیەی حشع دەردەکەوێت کە ئەوان نەک هەر ناوبژیکەر نەبووینە، بەڵکو بە بەردەوامی لایەنگری سەرسەختی

حسک و پدک بووینە لە شەڕ و ئاژاوەکانیان لە دژی یەکێتیدا! ئەوە خۆیانن دەڵێن: (ئێمە بێلایەن نین و شتی وا نییە، شەڕ ناوەستێنین و هاوکاری بەرەی جود دەکەین)، هەرچەندە ئەوان هەرگیز قسەی وا ڕاشکاوانەیان لای یەکێتی نەکردبوو، بەڵام دیارە بۆ خۆهەڵکێشان ئەو نامەیان بۆ کۆمیتەی هاوبەشی بەرە نووسیوە، لە ساڵی (1983)دا یەکێتی ناوەڕۆکی نامەی ژمارە (235)ی لە ئیزگە و لە بڵاوکراوەکانی خۆیدا بەدرۆ خستەوە. هەڵوێستی سەرانی حزبی شیوعی عێراق و خۆبەستنەوەی ئەوان بە بەرەی جود، هەر لە سەرەتاو یەکەم ڕۆژی دامەزراندنی بەرەی جود لە ڕۆژی (1980.11.28)دا تا ڕۆژی هەڵوەشاندنەوەی بەرەکەیان لە ڕۆژی دامەزراندنی بەرەی کوردستانی (1988.5.2)دا، هەر ڕێژەی نەگۆڕ (7/22) بووە! کەچی حزبی شیوعی هەردەم لە پێناو گەیشتن بە مەرامەکانی، خۆی وەکو فریشتەی ئاشتی و ناوبژیکەری نێوان یەکێتی و لایەنەکانی بەرەی جود بە کۆمەڵانی خەڵک نیشان داوە! یەکێتی هەردەم داوای بێلایەنی حزبی شیوعی کردووە، ئەوان بە بەردەوامی لە وەڵامی یەکێتی و لای جەماوەر خۆیان وەکو بێلایەن نیشان داوە، کەچی هەمیشە دووڕوو بووینە و لای بەرەی جود وەکو لە نامەی سەرەوەدا نووسیویانە کە (ئەوان بێلایەن نین، شەڕ ناوەستێنن و هاوکاری بەرەی جود دەکەن)، کە ناوەڕۆکی نامەکە هەڵوێستی ڕاستەقینەی حزبی شیوعی عێراق بووە، بەڵام بە شاردراوەیی و تەمومژاوی، کە بەردەوام ویستویانە یەکێتی پێ هەڵبخەڵەتێنن! ئەو نامەیەی حزبی شیوعی عێراق دەیسەلمێنێت، کە سەرانی ئەو حزبە لە ڕاگەیاندنەکان خۆیان دەکەن بە فریشتە و لە

ڕاستیشدا لە ئاڵوگۆڕی بروسکە و نامەکانی نێوان خۆیان و بەرەی جود، نووکی ڕم و سەری مارە ژەهراوییەکەن، ڕۆڵی گەورەی ئاشوب و ئاژەوەگێڕی بەردەوام دەگێڕن. بەدرێژایی کێشە و شەڕەکانی یەکێتی و بەرەی جود، بۆچوونی نێو نامەی ژمارە (235)ی ڕۆژی (1981.11.1)، کە پێموایە لەلایەن ئەحمەد قادر بانیخێڵانی نووسراوە، بۆچوونی فەرمی شاردراوەی حزبی شیوعی عێراق بووە، ئەگینا ئەوان (قەت و قەت لەلای یەکێتی شتی وایان نەگوتووە، بەڵکو دەیانگوت: ئێمە بێلایەنین و ناوبژیکارین)، هەروەها نکۆڵی ئەوەشیان دەکرد کە جود نیازی شەڕکردنی لەگەڵ یەکێتیی نیشتمانیی کوردستاندا هەبیت، بەڵام وا دەرکەوتووە کە ئەمەشیان هەر فێڵبازی و ساختە بووە بۆ دەرفەت هێنان لە یەکێتی و لەناکاو پەلاماردانی هێزی پێشمەرگەی کوردستان؛ سەرچاوە: چۆن حزبی شیوعی شەڕی بەسەرماندا سەپاندەوە، ل12–13).

7. حزبی شیوعی عێراق، پێشتر هەر ڕێککەوتنێکی لەگەڵ یەکێتی کردبێت، تەنیا بۆ خافڵاندنی یەکێتی بووە، چونکە یەکێتی بچووکترین کێشەو شەڕی لەگەڵ هەر لایەنێکی هاوپەیمانی شیوعی لە بەرەی جود (حدک، پدک و پاسۆک) هەبووبێت و کردبێت، حزبی شیوعی هاوشانی ئەوان شەڕی یەکێتی کردووە، کەواتە هەموو ڕێککەوتنەکانی لەگەڵ یەکێتی لەسەر بنچینەی درۆ و فێڵکردن بووە.

## حزبی شیوعی عێراق و پێشێلکردنی ڕێککەوتنەکانی لەگەڵ یەکێتی:

حزبی شیوعی عێراق، پابەندی هیچ کام لە ڕێککەوتنە دوو قۆڵی و چەند قۆڵیانەی خۆیی و یەکێتی نەبووە، هەرکاتێ دەرفەتی بۆ هەڵکەوتبێت لە پەنا ڕێککەوتنەکان پێشمەرگەی یەکێتی کوشتووە، بە دیلی گرتوون، چەکی کردوون، یان بە هاوبەشی لایەنەکانی بەرەی جود پەلاماری یەکێتی داوە و بەشداری شەڕی لایەنەکانی بەرەی جودی کردووە لەدژی یەکێتی. هەر جارێکیش لە دەرفەتێکدا نەک لە شەڕەکان بە فڕتوفێڵ پێشمەرگەی یەکێتی چەک کردبێت، چەکەکانی بردوون و دواتریش نەیگەڕاندۆتەوە بۆ یەکێتی، نموونە چەککردنی پێشمەرگەکانی وەرتێ لە ڕێکەوتی (1981.11.8)دا. بۆ نموونە، حزبی شیوعی عێراق پابەندی هیچ کام لەم ڕێککەوتنانەی خوارەوە نەبووە:

**یەکەم**: ڕێککەوتنی ڕۆژی (1982.7.27)ی نێوان یەکێتی و حزبی شیوعی عێراق، کە لەژێر ناوی (بەیاننامەی هاوبەشی ڕاگەیەندراوی حشع و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان/ البيان المشترک الصادر عن الحزب الشيوعي العراقي وألإتحاد الوطني الكوردستاني)دا ڕاگەیەندرا و بڵاوکرایەوە، کە لە پەرتووکی (صحف الإتحاد الوطني الكوردستاني في أوروپا وبأللغة العربية – صوت الإتحاد، الإتحاد، كفاح الأنصار – 1976–1983)ی دکتۆر نەوزاد عەلی ئەحمەد وەرگیراوە و تیایدا هاتووە: (پێویستی کارکردن بۆ تێپەڕاندنی ناکۆکییەکانی نێوان هێزە نیشتمانییەکان، دوورکەوتنەوە لە شەڕی

نێوانیان یان هەر بارودۆخێک کە هەڕەشە لە تواناکانیان بکات، لەگەڵ پووچەڵ کردنەوەی هەوڵە بەردەوامەکانی ڕژێمی دیکتاتۆری بۆ دابەشکردنی یەکێتیی ڕیزەکانی هێزە نیشتمانیەکان، یان سەرنجی هێزەکان بەرەو چارەسەری بەشەکی، مامناوەندی و کاتی لابدات.

**دووەم**: ڕێککەوتنی (1983.2.6)ی ناوزەنگ.

بەگوێرەی نامەیەکی قادر عەزیز کە بەر دەستی یەکێتی کەتووە، تەنیا دوو ڕۆژ دوای ئەو ڕێککەوتنە، حزبی شیوعی دەستێکی باڵای لە ئاژاوە نانەوە و هەڵگیرسانی شەڕی نێرەگین هەبوو، کە هانی پێشمەرگەکانی حسک-ی داوە بۆ ئەوەی شەڕی هێزەکانی یەکێتی بکەن و سەد پێشمەرگەشیان بۆ دەنێرن! هەروەها لەکاتی شەڕی (نێرەگین)، بەرەی جود بەیاننامەیەکی لە دژی یەکێتی دەکرد و چەندان تۆمەتی بێ بنەمای دایە پاڵ، بە پەلاماردەر و هەڵگیرسێنەری ئەو شەڕەی ناوبرد، بۆیە مەکتەبی سیاسیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، لە ڕۆژی (19832.18)دا، بە ژمارە (4)، ئەم نامەیەی کە کۆپییەکەی لە خوارەوە دانراوە، بە هەڕەشەوە بۆ مەکتەبی سیاسیی حزبی شیوعی نارد، کە جەخت دەکاتەوە لەسەر دوو شت:

1. دەرکردنی بەیاننامەی بەرەی جود و تۆمەتبارکردنی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بە هەڵگیرسێنەری شەڕەکان، بەتەواوی پێچەوانەی بەرەی بەرفراوان و ڕێککەوتننامەی (1983.2.6)ی

نۆزدە قۆڵی تەرابلوس (لیبیا) و ڕێککەوتنی هەمان ڕۆژی ناوزەنگی دوو لایەنەی نێوان یەکێتی و حشع ناو دەبات.

2. دەست بەسەردا گرتنی بەڵگەنامەیەک (مەبەست نامەکەی قادر عەزیز-ە)، کە بەر لە شەڕی نێرەگین لە بەستی شەرغە بۆ سەرکردایەتی (حسک)ی ناردووە، تیایدا باسی هاندان و هاوکاری حشع بۆ حسک لە شەڕی دژ بە یەکێتی دەکات و دەنووسێت کە حشع گفتی پێ داون سەد پێشمەرگە بنێرن بۆ ئەوەی بە حسک و حشع پەلاماری یەکێتی بدەن!

باشە ئەوەیە پابەندبوونی حشع بە ڕێککەوتنامەی نۆزدە قۆڵی لیبیا و دوو قۆڵی نێوان یەکێتی و شیوعی، کە لە هەمان ڕۆژ، ڕۆژی (1983.2.6)، هەردوو ڕێککەوتنامەکە مۆرکران؟ بەپێی ئەو نامەیەی حزبی شیوعی بۆ قادر عەزیز و حسک، دەردەکەوێت کە حزبی شیوعی لە جیاتی ڕۆڵی نێوبژیوان و ڕیش سپی ڕۆڵی ئاژاوەگێڕی و دووڕوویی بینیوە، چونکە بوختانی کردووە کە یەکێتی نیازی پەلاماردانی حسکی هەیە، هەروەها پێشنیاری ئەوەی بۆ حسک کردووە کە سەد پێشمەرگەیان بداتێ بۆ ئەوەی بە هەردوو لایان پەلاماری یەکێتی بدەن. حشع، ئەگەر ڕاستی دەکرد بۆ سەرکردایەتی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانی لەم بەناو نیازە خراپەی هێزەکانی یەکێتی لە دەشتی هەولێر و کۆیە بەرانبەر بە هێرشکردنە سەر حسک ئاگادار نەدەکردەوە و داوای وەستاندنی ئەم پەلامارەیان نەدەکرد؟ هەر ئەو نامەیەی شیوعی بوو وای کرد هێزەکانی بەرەی جود بەردەوام لەم ماوەیەدا بە کاروانی پەنجا بۆ

شەست ئۆتۆمۆبێلی لە بەستی شەرغە و دەروبەری نێرەگین بگەڕێن تا شەڕی نێرەگین ڕوویدا.

**سێیەم:** ڕێککەوتنی نۆزدە قۆڵی هێزە کوردستانی و عێراقییەکان لە تەرابلوس لە ڕۆژی (1983.2.6).

**چوارەم:** ڕێککەوتنی (1983.2.19)ی کانیبەرد لە سنووری مەڵبەندی (4)ی بالیسان.

**پێنجەم:** ڕێککەوتنی (1983.3.8)ی دەشتی هەولێر (بەستی شەرغە)، لەنێوان بەرەی جود و یەکێتی، لە سنووری مەڵبەندی (4)ی بالیسان.

**شەشەم:** ڕێککەوتنی (1983.4.16)ی یەکەمی شێخ وەسانان لە سنووری مەڵبەندی (4)ی بالیسان، کە حزبی شیوعی داوایان کرد دکتۆر کەمال حەمەد بایز ناسراو بە کەمال خۆشناو (1931-2004.12.12)، ئەندامی سەرکردایەتی و لێپرسراوی مەڵبەندی چوار و کەریم کەریم ڕەسوڵ ناسراو بە ملازم سەید کەریم هاودیانی (1949-1984.9.15)، بچنە شێخ وەسانان و لەگەڵ شیوعیەکان دانیشن، بۆ ئەوەی بیانکوژن، بەڵام نەچوون چونکە پێشمەرگەیەک کە لە نێو حزبی شیوعی پێوەندی بە یەکێتی هەبوو هەواڵی نیاز خراپی ئەوانی بۆ دکتۆر کەمال خۆشناو و سەید کەریم ناردبوو کە خۆیان نەیەن، چونکە حزبی شیوعی سیناریۆی کوشتنیانی بەشێوەی کوشتنی شەماڵ و سەرباز داڕشتووە. چەند جارێکی دیکە ئەبو حیکمەت داوای کرد کە دکتۆر کەمال و سەید

کەریم خۆیان یان یەکێکیان بچن، بەڵام کەسیان نەچوون، ئەو پێشمەرگەیەی یەکێتی کە خۆی خزاندبووە نێو حزبی شیوعی لەگەڵ پەلاماری بەرەی جود بۆ سەر مەڵبەندی بالیسان ڕیزەکانی شیوعی جێهێشت و خۆی گەیاندە کانیبەرد و بالیسان.

**حەوتەم:** ڕێککەوتنی (1983.4.26)ی دووەمی شێخ وەسانان، سەرەڕای ڕێککەوتنەکانی ژمارە (6 و 7)، کەچی حزبی شیوعی لە بەرەبەیانی ڕۆژی (1983.4.27)دا لەگەڵ هاوپەیمانەکانی خۆی لە بەرەی جود (پاسۆک، پدک و حسک) هێرشی کردە سەر مەڵبەندی چواری یەکێتی لە گوندی بالیسان.

حزبی شیوعی عێراق، دەبوایە بەر لە بەشداریکردن لە شەڕی نێرەگین بە هاوبەشی لەگەڵ هێزەکانی بەرەی جود، کوشتنی (شەماڵ، سەرباز، سەعدی، کامەران) و هێرشکردنە سەر مەڵبەندی چواری یەکێتی لە بالیسان بیری لەوە بکردبایەوە کە ناکرێت بەشداری هێرشکردنە سەر یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بکات، لەکاتێکدا کە چەندان ڕێککەوتنی دوو قۆڵی و چەند قۆڵی لەگەڵ یەکێتیدا هەیە، نەک ئەو لەکاتی هێرشکردنە هاوبەشەکانیان لەچوارچێوەی بەرەی جود بۆ سەر یەکێتی تەواوی ڕێککەوتنەکانی خۆی لەگەڵ یەکێتی پشتگوێ بخات، تەنیا لەکاتی دۆڕان، شکست و تێکشکاندنەکانیان لە بەرەی شەڕەکانیان لەدژی یەکێتی و بەتایبەت تێکشکاندنی سەختیان لە پشتئاشانی یەکەم و دووەم (قەندیل)، شینی حەسەن و حوسێن بۆ ڕێککەوتنەکان بکات و گوایە یەکێتی پابەندی ڕێککەوتنەکان نەبووە، لەکاتێک دا کە خۆی وەکو حزبی

شیوعی تۆمەتبارە لە وابەستە نەبوون بە هیچ ڕێککەوتنێکی خۆیان و یەکێتی!

8. پلانی پتەوکردنی کردنی سەرکردایەتی خۆیان لە پشتئاشان فەرامۆش کردبوو، چونکە ئەوەندە لووتبەرز بوون وایان دەزانی زۆر بەئاسانی و بە سووکە هێرشێک یەکێتی لەناو دەبەن، یان هەر بە ئەنقەست پشتگوێیان خستبوو تا ئەندامە نەیارەکانی خۆیان (فصیل تحت البطانیة)، بە دەستی یەکێتی لەنێوبەرن و بە بەردێک دوو چۆلەکە بکوژن.

9. پشتئاشان، شوێنێکی گونجاو نەبوو بۆ بارەگای مەکتەبی سیاسیی، مەکتەبی سەربازی، ناوەندی ڕاگەیاندن و بنکە تەندروستییەکان، سەرەڕای ئاگادار کردنەوەیان لەلایەن مام جەلال، بەرپرسانی یەکێتی و بەرپرسانی خۆیشیان، کەچی گرنگیان بە بۆچوون و ئامۆژگاری کەس نەدا، چونکە دەیانویست لە زووترین کاتدا پەلاماری یەکێتی بدەن و پێش پەلاماردانەکە ئەوان لە بارەگاو بنکەکانی یەکێتی دوور کەوتبنەوە.

10. حزبی شیوعی دەیتوانی خۆی لە شەڕەکان بەدوور بگرێت، بەڵام لەبەرئەوەی بەرنامە و پلانی خۆی هەبوو، بۆیە خۆی تێکەڵ بە شەڕەکان کرد. یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، زۆر هەوڵیدا لە حشع نەدات، بەڵام حشع هەوڵەکانی ئەوانی پووچەڵ کردەوە و خۆی هاوێشتە نێو پەلامار و شەڕەکان.

11. حشع، خۆی ڕادەستی بەرژەوەندییەکانی پدک کردبوو، پدک-یش بە ئێران. لە شەڕی دووەمی قەندیل لە مانگی ئەیلولی ساڵی (1983)دا پدک بەتەواوی شەڕی بۆ ئێران دەکرد و حشع-یش لە ڕێی پدک و بەرەی جود بۆ ئێران. پدک، لەکاتی هێرشی ئێران بۆ سەر حاجی ئۆمەران و ناوچەکانی قەڵادزێ، بەرەی (جود)یشی تێوە گلاند و شانبەشانی ئێران لەلایەک (پدک و ئەرتەشی ئێران) هێرشیان بۆ سەر هێزەکانی سوپای عێراق دەبرد و لەلاکەی دیکەشەوە بەرەی جود (پدک، حسک، حشع و پاسۆک) شانبەشانی پاسدار هێرشیان دەهێنایە سەر هێزەکانی یەکێتی.

12. حشع، سەرکردایەتییەکی پیر، پەککەوتە، بێتوانا، ناهۆشیار، ناسیاسیی، ترسنوک، شکستخواردوو، کورتبین و ئاژاوەگێڕیان هەبوو، کە تووشی ئەو شکستە گەورەی کردن، کۆمیتەی ناوەندی و مەکتەبی سیاسیی حزبی شیوعی عێراق ڕۆژی (1983.4.30)، بڕیاری پاشەکشەیان دابوو لە پشتئاشان، ئاشقوڵکە و قڕناقاو بێ ئەوەی ئاگاداری لق و بەتالیۆنەکانی خۆیان بکەنەوە کە لە لیوژێ، بۆڵێ، بیانە و دەوروبەری سەرکردایەتی لە سەنگەردابوون، تا لەلایەک ئەندامە نەیارەکانی خۆیان لە فەسیڵی ژێر بەتانی بەدەستی یەکێتی لەنێوبەرن، لەلاکەی دیکەشەوە بیانکەن بە قەڵغانی خۆپاراستن بۆ ئەوەی خۆیان سەدا سەد بە ساغی بگەنە ناو خاکی ڕۆژهەڵاتی کوردستانی ژێردەستی ئێران، هەروەکو پێشتریش کۆمیتەی ناوەندی و مەکتەبی سیاسیی حزبی شیوعی عێراق، لە کۆتایی ساڵی (1978) و سەرەتای ساڵی (1979)دا، بەنهێنی بڕیاری خۆدەربازکردنی خۆیان لە عێراق دابوو، بێ ئەوەی

ئەندامانی خۆیان لە ڕاکردنیان و چوونە دەرەوە ئاگادار بکەنەوە، کە زۆربەیان بە سکرتێری یەکەم عەزیز محەمەد-ەوە لە ڕێی فرۆکەخانەی بەغدادەوە دەرچوون. بە پێچەوانەی ڕاکردنی سەرانی حزبی شیوعی عێراق، چەندان ئەندامی مەکتەبی سیاسیی و سەرکردایەتی یەکێتی و کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان بە کردەوە سەرپەرشتی ڕاستەوخۆی شەڕەکانیان دەکرد و لەنێو پێشمەرگەکانی خۆیاندا بوون.

13. یەکێک لە هۆکارەکانی بەشداریکردنی حشع لە شەڕی یەکێتیدا هەبوونی دەستەیەکی دەسەڵاتدار و بڕیاردەر لەناو سەرکردایەتی و مەکتەبی سیاسیی حزبی شیوعی، کە حەزیان بە شەڕی یەکێتی دەکرد و بە خەیاڵی خۆیان لە ڕێی (بەرەی جود)ەوە بە ئاسانی دەتوانن یەکێتی، بەتایبەت کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان لەنێو بەرن، کە خەونیان بەم ئاواتەوە دەبینی، چونکە پێیانوابوو کۆمەڵە لە کوردستاندا ڕکابەری ئەوانە و جەماوەری ئەوان بۆ خۆی ڕادەکێشێت، یان گەر بۆیان نەکرا لەناویان بەرن بە قسەی خۆیان بیانکەنەوە ناو حکومەت و بیانکەن بە جاشی بەکرەجۆ، کە لە کۆبوونەوەکان، سیمیناری لادێکان و میدیاکانی خۆیان زۆر لەم قسە بێمانایانەیان دەکرد، ئەو دەستە شەڕخوازەی نێو حشع بریتی بوون لە: (عەزیز محەمەد، کەریم ئەحمەد پیرداود، ئەحمەد قادر محەمەد بانیخێڵانی ناسراو بە ئەبو سەرباز، باقر ئیبراهیم ئەحمەد ئەلموسەوی، تۆما سادق شەمۆ تۆماس، حوسێن سوڵتان حەمادی ئەلخالیدی، ڕەحیم موحسین محەمەد عەجینە، زەکی خەیری سەعید، سلێمان یوسف ئیستیفان بوکە ناسراو بە

ئەبو عامل، عامر عەبدوڵڵا عومەر ئەلعانی، عەبدولڕەزاق جەمیل عەبدولکەریم ئەلسافی، عومەر عەلی شێخ محەمەد ئەلیاس ناسراو بە ئەبو فاروق، ماجد عەبدولڕەزا نوری ئەلتائی، یوسف حەنا یوسف ئەلقەس ناسراو بە ئەبو حیکمەت و دەیان و سەدان کادری دیکەی پێشکەوتوویان)، کە چارەنووسی حزبی شیوعیان بە ڕۆژگارێک گەیاند کە کەس ئاواتی بۆ نەدەخواست. حزبی شیوعی کێشەی ناوخۆی زۆری هەبوو، بەتایبەت ئەو عەرەبانەی کە لە پشتئاشان بوون، لە ڕاگەیاندن و نەخۆشخانەدا کاریان دەکرد، بە بەردەوامی گلەییان هەبوو و ڕەخنەیان لە کۆمیتەی ناوەندی و مەکتەبی سیاسیی حزب دەگرت، زۆرترینی گلەیی و ڕەخنەکانیان لەسەر نەبەستنی کۆنگرە، خەباتی چەکداری و شەڕکردنیان بوو لەدژی حکومەتی عێراق لە کاتێک کە سوپای عێراق سەرقاڵی جەنگی دژواری ئێرانە، بۆیە سەرانی حزبی شیوعی بەئەنقەست پشتئاشان پشتگوێ دەخەن تا هێزەکانی یەکێتی ئەو دەنگە ناڕازیانە (فصيل تحت البطانية)یان بۆ لەناوببات، ئەوانیش بە بەردێک دوو چۆلەکە بکوژن! دکتۆر تاریق یوسف ئیسماعیل، لە لاپەڕە (409)ی (صعود الحزب الشيوعي العراقي وإنحداره)، سەبارەت بەوەی کە حزبی شیوعی بەئەنقەست لەپێناوی کپکردن و نەهێشتنی دەنگە ناڕازییەکانی نێو خۆی حزبەکەی، خۆی تێکەڵ بە شەڕەکە کردووە و پاراستنی پشتئاشانی فەرامۆش کردووە، نووسیویەتی: (چەند سەرچاوەیەک لەنێو حزبی شیوعی - سەرکردایەتی ناوەندی، ئاماژەیان بەوە داوە کە حزبی شیوعی عێراق - کۆمیتەی ناوەندی هۆکاری کوشتارگەی پشتئاشان بووینە بەئەنقەست لەپێناوی

ڕزگاربوونیان لەو ئەندامانەی کە ڕووبەڕووی سیاسەتەکانی کۆمیتەی ناوەندی دەبوونەوە، ئەوانەی کە هەردەم سووربوون لەسەر بانگەواز بۆ بەستنی کۆنگرەی چوارەم؛ کە وەریگرتووە لە: الغد، العدد 21، لندن، تشرين الثاني 1987، ص22). ئەوانەی دکتۆر تاریق یوسف ئاماژەی پێکردوون بە فڕتوفێڵ لە ئەوروپا هێنرابوونەوە، هەردەم ڕەخنە و گلەییان لە حزبی شیوعی و سەرکردەکانیان هەبوو، هیچ ئەرک و کارێکی حزبیان جێبەجێ نەدەکرد، چونکە دەیانویست بگەڕێنەوە بۆ ئەوروپا بەڵام سەرانی حزبی شیوعی ڕێیان نەدەدان، ئەوانیش لە ڕقان تەنیا خەریکی خواردن و خەوتن بوون، بەشداری ئێشکگری شەوانە و ژمارەیەکیان بەشداری ئەرکی خواردن دروست کردنیشیان نەدەکرد، بۆیە لەلایەن هاوڕێکانی دیکەیانەوە ناویان لێ نرابوو فەسیلی ژێر بەتانی، کەواتە ڕێی تێ دەچێت بەئەنقەست لەلایەن سەرکردایەتی حزبی شیوعی بەکوشت درابن.

تۆما تۆماس، زیاتر و قوڵتر لە لاپەڕە (212–213)ی (أوراق توما توماس)، لە بابەتێک لەژێر ناونیشانی (دعم النضال المسلح – التجنيد في الخارج)، دێتە سەر (فصيل تحت البطانية) و باسی ئەوە دەکات کە سەرکردایەتی حزبی شیوعی عێراق ژمارەیەکی زۆر لە ئەندامانی حزبەکەی هەڵخەڵەتاندووە، یان هەڕەشەی لێکردوون و گوشاری خستوونەتە سەر بۆ ئەوەی وەکو خۆبەخش بگەڕێنەوە کوردستان و پەیوەندی بە ڕیزی پێشمەرگەی حزبەکەیانەوە بکەن، کە هەندێکیان خوێندکاری دواساڵی قۆناغەکانی خوێندنی زانکۆ بووینە و هەڕەشەی بڕینی دەرماڵە، یارمەتی و دەرکردنیانی لە

حزب لێکردوون گەر نەگەڕێنەوە بۆ کوردستان. هەروەها هەندێکیان درۆیان بۆ کردوون و (بە قسە بەهاریان بۆ هێناونەتە چۆکان) و پێیان ڕاگەیاندوون کە هێزی پێشمەرگە لە نزیک شارە گەورەکانن و لەوانەیە گەر پەلە نەکەن لە گەڕانەوە بۆ شاخەکانی کوردستان بەوە ڕانەگەن و دوابکەون لە چوونیان لەگەڵ هێزی پێشمەرگە بۆ ناو شارە گەورەکان. زۆربەی ئەوانەی لە دەرەوەی وڵات گەڕابوونەوە بۆ کوردستان بە مەبەستی پێشمەرگایەتی کردن وا تێگەیەنرابوون کە هێزی پێشمەرگە دەتوانێت سوپای عێراق تێکبشکێنێت و دەست بەسەر شارە گەورەکاندا بگرێت و تیایاندا سەنگەر بگرێت و بمێنێتەوە، بەڵام بە گەیشتنیان بۆ بارەگاکانی حزبی شیوعی لە کوردستان تووشی شۆک دەبن بەوەی کە لە دەرەوە بۆیان باسکرابوو. ئەم ناڕاستییانە تووشی بێهیوایی و تێکشکانی کردبوون، داوای گەڕانەوەیان دەکرد بۆ دەرەوە بۆ ئەو وڵاتانەی لێیەوە هاتبوون. بەڵام دوای ماوەیەک ئەو تێکشاوانە دەستەیەکیان پێکهێنا کە تەنانەت بەشداری ئەرکەکانی ڕۆژانەی وەکو ئێشکگرتن، دارهێنان و خواردن ئامادەکردنیان نەدەکرد، ڕۆژانە هەر خەریکی نووستن بوون جگە لە کاتەکانی نانخواردن. کار گەیشتە ئەو ڕادەیەی کە بەشێک لە هاوڕێیان ناویان بنێن (فەسیلی ژێر بەتانی). ئەوانەی سەرەوە هەمووی قسەی تۆما تۆماس بوون، کە سەرکردە و بەرپرسەکانی حزبی شیوعی عێراق، پەنایان بردۆتە بەر درۆکردن، گوشار خستنە سەر ئەندامەکانیان و هەڵخەڵەتاندنیان لەپێناوی هێناوەیان بۆ چەکهەڵگرتن لە کوردستان.

بۆ ئەوەی حشع دووربخرێتەوە لە شەڕەکان و شەڕی ئەوان نەکرێت، یەکێتی لە کوشتنی شەماڵ و هاوڕێکانیدا ناوی حشع-ی نەهێنا، لە پەلاماردانی بارەگای مەڵبەندی چواری بالیسان و داگیرکردنی دا شیوعیەکانی بەلاوەنا، سێ نامەی بۆ ناردن کە نایانەوێت شەڕی ئەوان بکەن، با ئەوانیش بێلایەنی خۆیان نیشان بدەن و لە حسک، پاسۆک و پدک دوورکەونەوە، بەڵام حشع لەخۆبایی ببوو، وای دەزانی یەکێتی لە بێ هێزی و کەم توانایی خۆیدا ئەم داوایانە دەکات.

شیوعیەکان لە ناوخۆشیاندا بە بەردەوامی لەگەڵ یەک ناکۆک بووینە، کورد لەگەڵ عەرەب، عەرەبی سوننە و شیعە لەنێوخۆیاندا و هەر یەکەیان ویستوویەتی تاوان بخاتە ئەستۆی ئەوەی دیکەیان، چاڵ بۆ ئەوەی دی هەڵبکەنێت، نهێنی و تەنانەت نامە فەرمییەکان لە یەکدی و جێگری سکرتێری حشع بشارنەوە. بۆ نموونە نەوشیروان مستەفا سێ نامە بۆ مەکتەبی سیاسیی حزبی شیوعی دەنێرێت و هیچ وەڵامێکیان نابێت، کە ئیبراهیم جەلال بەرپرسی دارایی مەڵبەندی (3)ی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە وەرتێ، لە لاپەڕە (389-390)ی (چەپکێک لە مێژووی کۆمەڵە)، نووسیویەتی: (ڕۆژی 1983.5.3 نیوەڕۆ لەناو ژووری قوتابخانەی خانەقا، لە دانیشتنی نێوان نەوشیروان مستەفا و مەڵبەندی سێ و نێوان کەریم ئەحمەد، مەلا ئەحمەد و قادر ڕەشید، نەوشیروان پێی وتن: سێ نامەمان بۆ ناردن، دوان بە بروسکە و نامەیەک بە دەستی کە مەڵبەندی سێ بۆی ناردن، ڕۆژی (1983.4.27)، کە ئێمە شەڕمان لەگەڵ حزبی شیوعی نییە تکامان وایە وەک ناتوانن لە ناوبژیکردندا سەرکەوتوو

بن لە شەڕدا بەشداری مەکەن و ئێمە شەڕمان ناوێ، بەڵام ئێوە نە وەڵامی نامەکانتان دایەوە و نە بێلایەن بوون، بەپێچەوانەوە هەر لە ڕێگەماندا لە قەڵاتوکانەوە هێزەکەتان داینە بەر دەستڕێژ و هاوەن. کەریم ئەحمەد نکۆڵی کرد و وتی: هیچ نامەیەکمان پێ نەگەیشتووە، منیش پێم وتن: بەڵێ من خۆم نامەکەم بۆ ناردن و بە تایبەتی و تەتەرەکە دڵنیای کردین، کە دابووی بە کاک مەلا ئەحمەد. سەید مەجیدیش هەر لەو دانیشتنە پشتڕاستی کردەوە و بەڵێ نامەکەمان بە مەلا ئەحمەد گەیشتووە، مەلا ئەحمەد نەیتوانی نکۆڵی لێ بکات، وتی: بەڵێ نامەکانتان گەیشتە لای من. کەریم ئەحمەد ڕووی کردە مەلا ئەحمەد و پێی وت: ئەی بۆ لە منتان شاردۆتەوە، ئاخر کەستان .....تان بە کڵاوی من نەپێوا بۆیە وامان لێ هات). خۆیشم لە ڕۆژی (2014.5.26)، بە تەلەفۆن پرسیاری ئەو نووسینەی ئیبراهیم جەلال-م لە سەید مەجید کرد، ئەویش پشتڕاستی قسەکانی ئەوی کردەوە، هەروەها باسی گفتوگۆی توندی کەریم ئەحمەد و نەوشیروانی کرد، کە لە (پشتئاشان تۆڵە، یان تاوان)، باسم کردووە.

شاردنەوەی ئەو سێ نامەیە لەلایەن ئەحمەد بانیخێڵانی لە کەریم ئەحمەد و مەکتەبی سیاسی، کە نامەکان نەوشیروان و سەرکردایەتی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بۆ مەکتەبی سیاسی حشع-یان ناردبوو، لەلایەک نیازی ئارەزووی تاقمێکی شەڕخواز لەنێو مەکتەبی سیاسی و کۆمیتەی ناوەندی حزبی شیوعی نیشان دەدات، لەلایەکی دیکەشەوە ناتەبایی، بێ سەروبەری حشع، فێڵ لە یەکدی کردن، ڕاستی لە یەکدی شاردنەوە، کڵاونانە سەری یەکدی، ملشکاندنی یەکدی، متمانە نەبوون بە یەکدی، بۆچوونی جیاواز

سەبارەت بە گەلەکۆمەکێی بەرەی جود لە دژی یەکێتی، ناکۆکی گەورەی ناوەخۆ، تاکڕەوی سەرکردەکان لە بڕیاردان، گوێنەدان بە پڕەنسیپ و پەیڕە و پرۆگرامی حزب، لادان لە ڕێبازی مارکسیزم، لینینزم و کۆمۆنیزم، باڵادەستی تەپڵ لێدەرانی شەڕ و دەیان شتی دیکەی ناو کۆمیتەی ناوەندی حشع دەگەیەنێت! لەو باوەڕەدام خۆ ئەگەر نامەکەش لە کەریم ئەحمەد نەشاردرابایەوە هیچ شتێک نەدەگۆڕا، چونکە کەریم ئەحمەد خۆیشی یەکێک بووە لە سەرکردە سەر سەختەکانی حشع کە داوای پاکتاوکردن و لەناوبردنی یەکێتی و کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانی دەکرد، بەڵام ئەو لەبەر دوو هۆ، یەکەمیان: کەسێکی ڕاڕایە و زوو پەشیمان دەبێتەوە و بۆچوونەکانی خۆی سەدا سەد لە دژی بۆچوونی پێشووی دەگۆڕێت، کە ئەمەشی بۆ کەم توانایی هزری دەگەڕێتەوە، دووەم: بۆ ئەستۆپاکی خۆی لای نەوشیروان مستەفا ئەمین و هاوڕێکانی کە گوایە خۆی دژی شەڕ بووە بۆیە گوتویەتی: (ئەی بۆ لە منتان شاردۆتەوە، ئاخر کەستان گوتان بە کڵاوی من نەپێوا بۆیە وامان لێ هات). دەربارەی بە پەشیمان بوونەوە و هەڵگەڕانەوەی کەریم ئەحمەد داود لە بۆچوون و هەڵوێستەکانی پێشووتری خۆی، شەوکەت خەزنەدار لە لاپەڕە (284)ی (سفر ومحطات الحزب الشيوعي العراقي رؤية من الداخل) نووسیویەتی: (هەڵوێستەکانی کەریم ئەحمەد لەلای ئێمە نامۆ نین، ئەو بەدرێژایی ژیانی سیاسیی خۆی خاوەنی هەڵوێستێکی لەرزۆک و پەشیمانی بووە، هەتا لەلای کەسانی دیکەی دەرەوەی حزبەکەشمان وا ناسراوە).

شاردنەوەی سێ نامەی یەک لەدوای یەکی نەوشیران مستەفا و یەکێتی کە بۆ مەکتەبی سیاسی حشع نێردراون لەلایەن ئەحمەد بانیخێڵانیەوە، تاوانی شەڕەکە و کوژرانی سەرجەم پێشمەرگەکانی یەکێتی و بەرەی جود (بەتایبەت ئەوانەی حشع)، هەمووی دەکەوێتە ئەستۆی سەرانی حشع و ئەوەی نامەکانی شاردۆتەوە (واتە ئەحمەد بانیخێڵانی)، چونکە شاردنەوەی نامەکان حەزکردن بە شەڕی نێوان بەرەی جود لە دژی یەکێتی دەگەیەنێت، کە حشع و بەرەی جود ئەو شەڕەیان بەسەر یەکێتی دا سەپاند! هەروەها دەمەوێت بێمەوە سەر کەم توانایی هزری کەریم ئەحمەد کە نەک شیاوی ئەوە نەبووە بکرێتە ئەندامی مەکتەبی سیاسیی شیوعی، چجای جێگری سکرتێری یەکەمی شیوعی، یان کاربەڕێکەری کارەکانی سکرتێری یەکەم لەکاتی بوونی ئەو لە دەرەوەی وڵات، کە چارەنووسی حزبی شیوعی بەم ڕۆژە ڕەشە گەیاند.

14. کەریم ئەحمەد داود، جێگری سکرتێری یەکەمی حزبی شیوعی عێراق، لە ڕۆژی (2016.9.28)، بۆ بەرنامەی سەکۆی چەپ-ی کەناڵی ئاسمانی ڕێگا-ی حزبی شیوعی، لە بەشی (7)، کە عەلی مەحمود ئامادەی دەکرد، گوتی: (ئەبو فاروق، ئەبو سەرباز و ئەبو عامل لیژنە بوون و لەسەر داوای ئەبو حیکمەت بڕیاری شەڕیان دا لە دژی یەکێتی لە بالیسان. پشتئاشانی دووەم: ئەبو فاروق، باقر ئیبراهیم، ئەبو عامل، یوسف حەنا واتە ئەبو حیکمەت لێی بەرپرسن. شەڕی یەکەم لەنێوان خۆماندا بوو. ئەو شەڕەمان بۆ پارتی کرد و بۆ قازانجی پارتی بوو. شەڕی دووەمی قەندیل دەبوایە خۆمانی لێ لادەین، ئەوە لە قازانجی ئێران بوو، ئەمە

شەڕی ئێرانە دەیکەین. سەرکردایەتیم ئاگادارکردەوە کە ئەم شەڕە نەکەین، ئەوە شەڕی ئێران بوو کردمان، هەردوو پشتئاشان بەتایبەت شەڕی دووەم دەبوایە خۆمانی لێ لادەین. هەڵەیەکی گەورە بوو کردمان، لە کۆنگرەی چواری حزبدا باسمان کرد کە هەڵەیەکی گەورەمان کرد، تووشی ئەم هەڵەیە بووین لە ئەنجامی بۆچوونی هەندێ هاوڕێیانمان کە بەرپرسن. هەڵسەنگاندنی ئەوەمان کرد کە پارتی هەڕەشەی ئەوەی لێکردین کە ئەگەر بەشداری شەڕەکان نەکەین لە دژی ینک، لە بەرەی جود دەرماندەکەن. حکومەتی بەعس هیچ تەداخولی ئەو شەڕەی نەکرد و تەماشایان دەکرد و پێیان خۆش بوو).

سەرەتا بە مەبەستی زیاتر پشت ڕاستکردنەوەی بۆچوونەکەم سەبارەت بە شەڕانگێزی کەریم ئەحمەد و سەرانی حشع هەر لە دوای کوشتنی شەماڵ، سەرباز و دوو هاوڕێکەیان، پەنا دەبەمە بەر لاپەڕە (92)ی پەرتووکی (تجربتي)، لە نووسینی دکتۆر محەمەد عەبدولموحسین معارج ناسراو بە دکتۆر محەمەد ئەلحەجاج، دانیشتووی دانمارک کە نووسیویەتی: (ڕووداوەکان بە شێوەیەکی دراماتیکی گەشەیان کرد، دیارترینیان وتارێکی کەریم ئەحمەد ئەندامی مەکتەبی سیاسیی بوو، کە لە ئێزگەی (دەنگی گەلی عێراق) کە بارەگاکەی لە پشتئاشان بوو بڵاوکرایەوە. کە لە وتارەکەدا هاتبوو: (لەوێدا هەندێک کەللە سەری گەرم هەن دەبێ سارد بکرێنەوە/ بإن هناك رؤوسا ساخنة يجب تبريدها)، بەدڵنیایی مەبەستی لەم کەللە سەرانە (یەکێتی) بوو. ئەمەش بووە هۆی خۆئامادەکردن بۆ شەڕێک لە دژیاندا (کە بە شەڕی بالیسان ناسرا)،

کە ژمارەیەکی زۆر لە کادرانی حشع و یەکێک لەوانەدا خۆم بووم کە حزبمان لە دەرئەنجامەکانی ئاگادارکردەوە).

بەگوێرەی بڵاوکردنەوەی ئەو وتارەی کەریم ئەحمەد لە ڕادیۆی دەنگی گەلی عێراق (صوت الشعب العراقي)، کە بە دەیان جار بە دەنگی هەر یەک لە بێژەرانی عەرەبی رجاء ئەحمەد خەلیل ئیبراهیم ئەلزنبوری و موفید محەمەد جەواد ناسراو بە موفید ئەلجەزائیری/ ئەبو نیسان (1939/ بابل)، کە تازە لە ئەوروپا گەڕابۆوە، هەروەها لەلایەن بێژەری کوردی پڕشەنگ سەعید محەمەد ئەمین بە کوردی دووبارە کرایەوە، کە ئەوکاتە نەمدەزانی کێ خاوەنی ئەم نووسینە ئاگرینییەیە تا (تجربتي) دکتۆر محەمەد ئەلحەجاج-م خوێندەوە ئینجا زانیم هی کەریم ئەحمەدە، بۆمان دەردەکەوێت کە هەم مەکتەبی سیاسیی حزبی شیوعی و هەم کەریم ئەحمەد لەگەڵ خۆشکردنی ئاگری شەڕی براکوژی و شەڕکردن بووینە لە دژی هێزەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، ئەگینا ڕادیۆ کە مینبەری حزبە ئەو وتارەی بڵاونەدەکردەوە و پێشمەرگە و هێزەکانی حشع-ی لەدژی یەکێتی هان نەدەدا، دژایەتی کردنی ڕادیۆی حشع بەر لە شەڕەکان بۆچوونی کۆمیتەی ناوەندی، مەکتەبی سیاسیی حزبی شیوعی و مەکتەبی سەربازی ئەوانی یەکلاکردبۆوە کە خوازیاری پەلامار و شەڕن لە دژی یەکێتی. بەهۆی بڵاوکردنەوەی ئەم وتارە کەریم ئەحمەد و حزبی شیوعی هەم ئاگری شەڕەکەیان خۆش کردووە، هەم لایەنگیری خۆیشیان بۆ پدک، حسک و پاسۆک واتە بەرەی جود دووپات کردۆتەوە. کەواتە بڵاوکردنەوەی ئەم وتارە لە ئیزگەی دەنگی گەلی عێراق، بێلایەنی حشع، بێتاوانی شیوعیەکان،

دوورەپەرێزی و بێئاگایی ئەوان بەدرۆ دەخاتەوە، ئەی ئەوە نییە ئەوان بەم وتارەیان هەڕەشە دەکەن، بەنزین دەکەن بەسەر گڕی شەڕ هەڵگیرساندن و هێرش کردنە سەر مەڵبەند، بارەگا و بنکەی مەڵبەندی پێشمەرگەکانی یەکێتی؟ ئەی ئەوە نییە دکتۆر محەمەد ئەلحەجاج باسی ئەوە دەکات کە ئەم وتارەی کەریم ئەحمەد بووە هۆی خۆئامادەکردن بۆ شەڕێک لە دژی یەکێتی، کە بە شەڕی بالیسان ناسرا؟ کەواتە حشع خۆی ئامادەکردبوو بۆ شەڕ، بەڵام پاساوی بێئاگابوون و لە خافڵەتەوە پەلاماردانیان درۆ، بوختان و وڕێنەیە و هیچ بنەمایەکی ڕاستی تێدا نییە!

دواتر بەپێی ئەم وەڵامەی سەرەوەی کەریم ئەحمەد جێگری یەکەمی سکرتێری حشع، دانپێدانانێکی ڕاستەوخۆیە کە ئەوان وەکو کۆمیتەی ناوەندی حشع تۆمەتبارن و هۆکاری هەڵگیرساندنی شەڕەکانی بالیسان و پشتئاشان بووینە لە دژی یەکێتی، بەڵام کەریم ئەحمەد لە شەڕی دووەمی قەندیل (خۆی، عەبدولڕەزاق ئەلسافی، عامر عەبدوڵڵا، زەکی خەیری، ڕەحیم عەجینە و تۆما تۆماس)ی هاوێرکردووە و گوایە لەگەڵ شەڕی دژی یەکێتی نەبووینە، کە لە ڕاستیدا هەموویان لەگەڵ هێرش و شەڕکردن بووینە لەدژی یەکێتی، چونکە کۆمیتەی ناوەندی، مەکتەبی سەربازی و کادرە پێشکەوتووەکانیان بەگوێرەی ڕاپرسییەک بڕیاری بەشداریکردنی (حزبی شیوعی عێراق)یان داوە لە شەڕی لایەنەکانی بەرەی جود لەدژی یەکێتی بە مەبەستی لەنێوبردنی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان، بۆیە دەبێت تۆمەت و دەرئەنجامی شەڕەکان لە ئەستۆی ئەوان بێت نەک لە ئەستۆی

یەکێتی و نەوشیروان مستەفا! کەریم ئەحمەد داود، پێمان دەڵێت کە: (شەڕی یەکەم لەنێوان خۆماندا بوو. ئەو شەڕەمان بۆ پارتی کرد و بۆ قازانجی پارتی بوو. شەڕی دووەمی قەندیل دەبوایە خۆمانی لێ لادەین، ئەوە لە قازانجی ئێران بوو، ئەمە شەڕی ئێرانە دەیکەین)، ئەوەش دانپێدانانێکی ڕاستەوخۆیە کە حشع لە شەڕی یەکەم کرێگرتە، داردەست و جاشی پارتی و لە شەڕی دووەمیش بەهۆی پارتییەوە جاشی ئێران بووە. خۆ کەریم ئەحمەد ڕاستیش دەکات، ئەی پێشمەرگەکانی حشع بەناوی پیاوەکانی بارزانی (أفرادي بارزاني) نەچوونە ئێران و ژێر سێبەری پاسدارانی خومەینی؟ ئەفرادی بارزانی-ش هەموو کەس دەزانێت کە ئەفرادی پاسدار خومەینی و پەسیجی ئێرانی بوون. کاتێک کە حزبی شیوعی عێراق، شەڕی یەکەم بۆ پارتی و شەڕی دووەمیش بۆ ئێران دەکات، کەواتە هەرچییەکی بەسەر هاتبێت خۆی تاوانبارە، چونکە وەکو مریشک خۆی خۆڵی بەسەر سەری خۆیدا کردووە! کاتێکیش کەریم ئەحمەد دەڵێت: (حکومەتی بەعس هیچ تەداخولی ئەو شەڕەی نەکرد و تەماشایان دەکرد و پێیان خۆش بوو)، کەواتە تەواوی تۆمەتەکانی حزبی شیوعی عێراق لە دژی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بوختان و درۆن، کە ئەوان هەردەم دەنگۆی ئەوەیان بڵاودەکردەوە کە گوایە یەکێتی بە پشتیوانی سوپای بەعس هێرشی کردۆتە سەر بەرەی جود و ڕۆژانەش پشتئاشان لەلایەن سوپای ڕژێمەوە بۆردومان کراوە، لەدوای ڕوخانی ڕژێمیش تەنانەت یەک بەڵگە یان نووسراوێکی دەزگاکانی ڕژێمی بەعس نەدۆزرایەوە کە بانگەشەی شیوعیەکان بسەلمێنێت چونکە هیچی ڕاست نەبوون. ئەو

بانگەشەیەی حزبی شیوعی عێراق و لایەنەکانی بەرەی جود ڕێک کارەساتی هەکاری و لەنێوبردنی (800-900) پێشمەرگەی یەکێتی لەلایەن سەرکردایەتی کاتی پارتی (قیادة مؤقتة)مان بیردێنێتەوە، کە زیاتر لە نیوەیان بێچەک بوون، سەرەڕای ئەم تاوانە پارتی تۆمەتی ئەوەی دایە پاڵ یەکێتی کە گوایە ئەمانە جاشی حزبی بەعس و حکومەتی عێراقن لەسەر داوای ڕژێمی بەعس هاتوون پارتی لەناوببەن ئینجا دواتر گفتوگۆ لەگەڵ بکەن، سامی عەبدولڕەحمانی سکرتێری قیادە موەقەتە وتارێکی بە عەرەبی لەژێر ناوی (حملة آلاف الجحوش) نووسیبوو، لە سەرەتای ساڵی (1979)دا ئەو بوختاننامەی ئەوم خوێندۆتەوە، کە دوای پێنج ساڵ لە شەڕی (1983)ی پشتئشان، لەلایەن حزبی شیوعی، پاسۆک، حسک و پارتی هەمان سیناریۆی سامی و پارتی دیموکراتی کوردستان کە پێشتر لە ساڵی (1978)دا بۆ کارەساتی هەکاری دایڕشتبوو، لەلایەن پارتی و بەرەی جود دایانڕشتەوەو دووبارەکرایەوە.

سەرەڕای گشت ئەو هۆکارانەی سەرەوە، هەروەکو دکتۆر ڕەفیق سابیر، لە لاپەڕە (311-312)ی پەرتووکی (لە ستایشی ژیاندا ئەزموونی نووسەرێک)دا، دەڵێ: (ئەگەر سەرکردایەتیی حزبی شیوعی عێراق، بەرەی (جود)ی لەگەڵ پارتی و سۆشیالیست پێک نەهێنابوایە، شەڕی نێوخۆ هێندە فراوان نەدەبوو. چونکە تا ئەو کاتە پارتی و سۆشیالیست لە سەنگەری داکۆکیکردندا بوون، بنکەی جێگیریان لە باڵەکایەتی، دەرگەڵە، گەلاڵە و ناوچەی دیکەی پارێزگای هەولێر نەبوو. بۆیە نەیاندەتوانی هێرش بۆ سەر یەکێتی بەرن. پشتئاشان کە بارەگای سەرکردایەتی حزبی شیوعی لێبوو،

کرایە بنکەی سەرەکیی کۆکردنەوەی هێزی پێشمەرگەی جود، بۆ شەڕی یەکێتی. بەو کارە سەرکردایەتیی حیزبی شیوعی، بەئاگایانە یان بێئاگایانە، خۆی و حزبەکەی کردە کەواسووری بەر لەشکری جود). ئێستا تێگەیشتن کە حشع بۆ جێبەجێکردنی بەرنامەکانی خۆی لەدژی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و بەتایبەت لەپێناوی لەنێوبردن و پاکتاوکردنی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان بارەگای کۆمیتەی ناوەندی و مەکتەبی سیاسیی حزبی شیوعی عێراقی بردە پشتئاشان، بۆ ئەوەی پشتئاشان بکاتە بارەگای کۆکردنەوەی هێزەکانی بەرەی جود (حسک، پدک و پاسۆک) لە دژی یەکێتی؟ لە شەڕەکانی مانگەکانی ئەیلول، ئۆکتۆبەر و نۆڤێمبەری ساڵی (1981)، حشع بە کردەوە ئەوەی دەرخست و هێزی حسک و پارتی بە فڕتوفێڵ بردە نێو گوندی وەرتێ، هەر بە ناوی سەردان لە ڕۆژی (1981.11.8)، دەستیان بەسەر تەواوی بنکە و بارەگاکانی یەکێتی لە گوندی وەرتێ و ناوچەکەدا گرت، کەچی لە ئێزگەی پارتی ئەم پیلانە نەگریسەیان چەواشەکرد، سیناریۆی ئەوەیان داڕشت و وایان ڕاگەیاند کە گوایە لە شەڕێکدا توانیویانە ئەم ناوچەیە لە هێزەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان پاک بکەنەوە، بەڵام دواتر هێزێکی یەکێتی بە فەرماندەیی نەوشیروان مستەفا ئەمین لە ڕۆژی (1981.11.19)دا شکستی بە هێزەکەی بەرەی جود هێناو تەواوی هێزەکانی هەر چوار لایەنی بەرەی جود (حشع، حسک، پارتی و پاسۆک)ی ڕاونا و لە ناوچەکە دەری کردن.

## سوپای بەعس شوێنی پێشمەرگەکان تۆپباران دەکات

هێزەکانی سوپای ڕژێمی بەعس، لەدوای نیوەڕۆی ڕۆژی (1983.4.30)دا لە گوندەکانی ڕەزگە و مارەدوو، لە دەوروبەری کاتژمێری (2)ی نیوەڕۆ تا کاتژمێری (6)ی ئێوارە بۆ ماوەی (4) کاتژمێر ئەو هێزەی یەکێتی کە بە سەرکردایەتی نەوشیروان بەرەو قەندیل دەڕۆیشت، بۆردومان کرد. لەکاتێکدا هێزەکە خەریکی پشوودان و نانخواردن بوون، لەلایەن سەربازگەی قەڵادزێ و ڕەبایەی گوندەکانی (بەردقەڵشیو، شەرویت و کانی شینکە) و پشتی (سێوەیس) درایە بەر تۆپی قورس و هاوەن، لە ئەنجام دا (7) پێشمەرگە کوژران و (22)ش بریندار بوون، کە کوژراوەکان ئەمانەی خوارەوەن:

1. ئیبراهیم ئەحمەد ئیبراهیم عالی ناسراو بە برایم توکنی (کەرکووک/ کفری/ عەزیز قادر).

2. بەدرخان سابیر کەریم سلێمان (1953/ کەرکووک/ ئاغجەلەر/ قامیشە)، فەرماندەی مەفرەزە لە تیپی (21)ی کەرکووک.

3. حامید مەحمود محەمەدئەمین ناسراو بە مام بێستون (1953/ کەرکووک/ ئاغجەلەر/ دێی عەسکەر)، جێگری فەرماندەی تیپی (21)ی کەرکووک.

4. حوسێن فەتاح حەمە حوسێن ناسراو بە ئەمین جامڕێزی (1955/ جامڕێز/ سەنگاو/ کەرکووک).

5. عەلی ئەحمەد خدر شەریف ناسراو بە لەشکر چوارقوڕنەیی (سلێمانی/ چوارقوڕنە/ 1965)، پێشمەرگەی تیپی (99)ی بتوێن.

6. کامیل ئەحمەد محەمەدئەمین محەمەد ناسراو بە کامیل چاوشین (1960/ کەرکووک/ سەنگاو/ ژاڵەی کرپچنە).

7. یاسین عەبدولکەریم مستەفا (1958/ کەرکووک/ کفری/ باوە شاسوار)، پێشمەرگەی تیپی (51)ی گەرمیان.

کوژرانی حەوت پێشمەرگەی یەکێتی بەڵگەی ئەوەن کە سوپای عێراق بۆردومانی هێزی پێشمەرگەی کوردستانی کردووە و لێی کوشتوون، هەروەها بە درۆ خستنەوەی حزبی شیوعی عێراق و بەرەی جود-یشە کە گوایە سوپای عێراق بۆ پشتیوانی یەکێتی سەنگەر، بنکە، بارەگاو هێزەکانی بەرەی جود-ی بۆردومان کردووە. خۆ ئەگەر کارەکە پێچەوانە بوایە و سەربازگەکانی ڕژێم بۆ ماوەی چوار کاتژمێر بۆردومانی هەر لایەنێکی بەرەی جودیان بکردایە و حەوتیان لێ بکوشتنایە و بیست و دووش بریندار، ئەوکاتە شینی حەسەن و حوسێنی بەرەی جود و بەتایبەت شیوعیەکان کە لە پڕوپاگەندە (دیعایە) دەستێکی باڵا و ئەزموونی زۆریان هەیە، هەرگیز کۆتایی نەدەهات! هەر سەبارەت بەوەی کە گوایە سوپای حکومەتی بەعس بۆردومانی بارەگاکانی حزبی شیوعی کردووە لە پشتئاشان، سەلام عەبدولڕەزاق صەگر ئەلحەیدەر ناسراو بە دکتۆر ئەبو تانیا (1952.6.28-2004.1.22)، لە لاپەڕە (60-61)ی (أوراق أنصارية)، نووسیویەتی، لە ڕۆژی (1983.4.26)دا، بەهۆی چەند گوللە تۆپێکی سووک کە لەلایەن

یەکێتی ئاراستەی پشتئاشان کراوە ئەبو ماجید شانی بە سووکی بریندار بووە. ناوی تەواوی ئەبو ماجید، حامید خەلیل ئیبراهیم حەمادی ئەلخەتیب ئالوسی (1939/ عانە/ ڕومادی)، ئەندامی مەکتەبی سەربازی بووە، کە دواتر لە ڕۆژی (1983.5.3)دا، لە پشتئاشان کوژرا. لە ڕاستیدا یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان هەر ئەو چەند گوللە تۆپە یان هاوەنەی بە پشتئاشان وەناوە، کەچی ئێزگەی شیوعی، پارتی و ڕاگەیاندنەکانی بەرەی جود ئەوکات ڕایانگەیاند کە گوایە سوپای عێراق وەکو هەماهەنگی و پشتیوانی لە یەکێتی بارەگاکانی پشتئاشانی شیوعی و ئاشقوڵکەی حسکی بە تۆپی دوورهاوێژ و فڕۆکە بۆردومان کردووە، دواتریش زۆربەی سەرکردە و فەرماندەی پارتەکانی بەرەی جود لە یاداشت و بیرەوەرییەکانیان ڕاگەیاندنی ئێزگەکانی پارتی و شیوعیان کردە بانگەشەی ئەوەی گوایە بنکە و بارەگاکانیان لەلایەن ڕژێمەوە وەکو هاوکارییەک بۆ هێزەکانی یەکێتی بۆردومان کراوە. ئەوان لە بەرەی جود و بەتایبەت شیوعیەکان گەر ڕاستگۆن با ناوی یەک کوژراو یان برینداری خۆیان بێنن کە ئەو پڕوپاندە ژەهراوی و بانگەشەیان بسەلمێنێت، خۆ زیاتر لە (42) ساڵە و دوای سێ مانگ و نیوێک دەبێتە (43) ساڵ، بە هەموو بەرەی جود ناوی کوژراو یان برینداریکیان نەنووسیوە. لای ئەندامانی حزبی شیوعی عێراق، درۆکردن لەدژی نەیارەکانیان و بوختان هەڵبەستن بۆیان بۆتە بەشێک لە کولتووریان، لێرەدا دوو نموونە لە درۆکانی حزبی شیوعی عێراق دەهێنمەوە.

یەکەم: عزیز سباهی خەڵەف، لە لاپەڕە (223)ی بەشی سێیەمی (عقود من تأريخ الحزب الشيوعي العراقي)دا دەڵێ: (لە سەرەتای مانگی ئایاری ساڵی 1983، یەکێتی هێزێکی کۆکردەوە کە ژمارەیان نزیکەی هەزار و حەوت سەد شەڕکەری مەشق پێکراوی باش کە بۆ ماوەیەکی درێژ توانای شەڕکردنیان هەبێ، کە زۆربەیان بە چەکی بیکەیسی (BKC) پڕچەک کرابوون. ئەم جۆرە چەکە جۆرە چەکێکی دوور هاوێژە و ڕژێم ئەو چەکانەی پێ دابوون. بەڵام کۆی ئەو شیوعیانە و کەسوکاریان کە لە پشتئاشان بوون لە (300) کەس تێپەڕی نەدەکرد. شەڕکەرانی یەکێتی شارەزایی باشی ناوچەکە بوون و ئامێری پەیوەندی کردنیان لەلایەن ڕژێمی دەسەڵاتدارەوە پێ درابوو، هەروەها ئاسانکاری تێپەڕبوونی هێزەکانی لە چەند ڕێگایەکی جیاوازەوە بۆ کردن. حکومەت بەر لە هێرشی هێزەکانی یەکێتی تۆپبارانی ناوچەی پشتئاشانی کرد، لەگەڵ سوسەکردن و پشکنینی ئاسمانی، کۆکردنەوەی هێزی بەکرێگیراوانی ڕژێم (جاشەکان) بۆ پشتیوانیکردنی پەلاماری یەکێتی تا ئەو کاتەش سەرکردایەتی سەربازی و سیاسی پێشمەرگەی شیوعی لەم باوەڕەدا بوون کە ئەوان لەلایەن حکومەتەوە شەڕیان پێ دەفرۆشرێ. حشع هێشتا باوەڕی بە یەکێتی هەبوو).

ئەو ناڕاستیانەی لەم چەند دێرەی عەزیز سباهی بەدی ئەکرێت ئەمانەن:

1. ژمارەیان نزیکەی (1700) شەڕکەر بوو.

ڕاستییەکەی هێزەکەی یەکێتی ڕێک (1230) پێشمەرگە بوون، چونکە بە تۆپبارانی حکومەت (7) کوژراو و (22) بریندارییان دا، هەروەها لە ڕمکان شیوعیەکانیش تەقەیان لە دوا کاروانی هێزەکەی یەکێتی کردو وریای مام قادر کوژراو غەریب عەسکەری بەسەختی بریندار کرا، بۆیە (8) کوژراو، (23) بریندار و نزیکەی (20) پێشمەرگەی دیکە لەگەڵ کوژراو و بریندارەکان گەڕانەوە، کە کۆی کوژراو، بریندار و گەڕاوەکان نزیکەی (50) پێشمەرگە دەبوون، ئەگینا ژمارەی ئەو هێزەی کە لە سەرکردایەتی یەکێتی بەرەو ئاشقوڵکە، پشتئاشان، قەندیل و قرناقاو بەڕێکەوت ڕێک (1280) پێشمەرگە بوو.

2. مەشق پێکراوی باش و توانای شەڕیان هەبوو بۆ ماوەیەکی درێژ.

دووره لە ڕاستی، بەڵام هەر کەسێک بهاتبایە ناو هێزی پێشمەرگە، گەر پێشتر سەربازی یان پێشمەرگایەتی نەکردبێت، فێری بەکارهێنانی چەک دەکرا و یەکێتی هیچ سەربازگەیەکی مەشق پێ کردنی نەبوو! چەکی دەستی پێشمەرگەکانی یەکێتی چەکی پتەوی بیروباوەڕیان بوو لەگەڵ ڕقی تۆڵەی خوێنی ئەو کوژراوانەی کە بە ناڕەوا لە باداوان و بالیسان بەدەستی حشع و هاوپەیمانەکانیان لە بەرەی جود کوژران!

3. ئەو (1700) پێشمەرگەیە زۆربەیان بە چەکی (BKC) ئامادە کرابوون، کە ڕژێم ئەو چەکانەی پێ دابوون.

کە دەڵێ (زۆربەیان)، واتە لەنێوان نیوە و نزیکەی تەواوی هێزەکەدا، بەڵام ئێمە وەکو نموونە دوو لە سەر سێی وەردەگرین، کەواتە دەبێ هێزەکە نزیکەی (1134) چەکی (BKC) لەگەڵ بوو بێ! ئەوەیان هەر ئێجگار زۆر دوورە لە ڕاستی و تا ئەو کاتەش هێزی پێشمەرگەی یەکێتی سی چەکی (BKC) نەبوو، لەدوای شەڕ پشتئاشان و لە داستانی حەمامۆک لە ڕۆژی (1983.6.16)، کەرتی (3)ی چەمچەماڵی سەر بە تیپی (21)ی کەرکووک، بە فەرماندەیی شۆڕش عەبدولڕەحمان ڕەشید، دوو (BKC) دەستکەوتیان بوو کە بە دیاری درانە دەستەی پارێزگاری بارەگای مام جەلال و دەستەی پارێزگاری نەوشیروان مستەفا، واتە تا ئەوکاتە دەستەی پارێزگاری مام جەلال و نەوشیروان مستەفا چەکی (BKC)یان نەبووە! ئەم بێویژدانیەی سباهی و شیوعیەکان کە ژمارەیەک لەو شیوعیانەی یاداشتی خۆیان نووسیوەتەوە هەمان ژمارەیان داناوە، کە ئەو درۆیە هەموو سنووڕێکی بەزاندووە، چونکە بوختانێکی گەورەو زۆر دوورە لە ڕاستی. خۆ ئەگەر لەم ژمارەیە نەک سەد دانە بەڵکو پەنجا دانەیان بۆ بالیسان بناردبایە، هەرگیز مەڵبەندی چواری بالیسان بە نۆ سەد بۆ هەزار و دوو سەد پێشمەرگەی بەرەی جود (حشع، حسک، پدک و پاسۆک) نەدەگیرا، کە حسک زۆرینە و هێزە سەرەکییەکە بوو!

4. شەڕکەرانی یەکێتی شارەزایی باشی ناوچەکە بوون و ئامێری پەیوەندی کردنیان لەلایەن ڕژێمی دەسەڵاتدارەوە پێ درابوو، هەروەها ئاسانکاری تێپەڕبوونی هێزەکانی لە چەند ڕێگایەکی جیاوازەوە بۆ کردن. حکومەت بەر لە هێرشی هێزەکانی

یەکێتی تۆپبارانی ناوچەی پشتئاشانی کرد، لەگەڵ سوسەکردن و پشکنینی ئاسمانی، کۆکردنەوەی هێزی بەکرێگیراوانی ڕژێم (جاشەکان) بۆ پشتیوانیکردنی پەلاماری یەکێتی تا ئەو کاتەش سەرکردایەتی سەربازی و سیاسیی پێشمەرگەی حزبی شیوعی لەم باوەڕەدا بوون کە ئەوان لەلایەن سوپای ڕژێمەوە شەڕیان پێ دەفرۆشرێ.

ئەوەشیان هەر بەتەواوی درۆیە و مێژووی ئەو حزبە پڕیەتی لە درۆ و بوختانی لەم شێوەیە، حکومەت گەر ئامێری پێوەندی کردنی بە یەکێتی دابێت، ڕێی پەڕینەوەی بۆ خۆشکردبێت، تۆپبارانی ناوچەکانی حزبی شیوعی کردبێت و بە سوسەکردن، پشکنینی ئاسمانی جاش هاوکاری یەکێتی کردبێت، ئەی بۆ حەوت پێشمەرگەی یەکێتی بە تۆپبارانی سوپای ڕژێم کوژران و بیست و دووش بریندار بوون، لەکاتێکدا یەک شیوعی یان هیچ لایەنێکی بەرەی جود نەک نەکوژران بەڵکو برینداریش نەبوون؟ بۆتان دەرکەوت کە مرۆڤ، پارت، سەرکردەو مێژوونووسی درۆزن و بوختانکەر چۆن بە درۆ و بوختانەکانیان لە شێوەی عەزیز سباهی، کۆمیتەی ناوەندی، مەکتەبی سیاسیی حزبی شیوعی عێراق و بەرەی جود تێ دەکەون و هەر بۆ ماوەیەک بە درۆکانیان دەتوانن کۆمەڵانی خەڵک هەڵخەڵەتێنن؟

دووەم: الصوت الشیوعي، لە لاپەڕە (6)ی بەشی یەکەمی (کراس المنحرفون من الحرس القومي)، نووسیویەتی: (لەماوەی نۆ مانگی دەسەڵاتی حزبی بەعسی فاشی لە ساڵی 1963ی ڕەشدا (670)

هەزار هاووڵاتی عێراقی کوژران کە بەشی شیوعیەکان (500) هەزار کوژراو بوو، (150) هەزارەکیش بەشی پارتە چەپە عێراقییەکان و ئەوانەی دیکەش قوربانی تێکەڵ لە نەتەوەی عەرەب و کورد و بێتاوان بوون. لەم ماوە ڕەشەدا بەشێوەیەکی هۆڤیانە و بەربەرییانە دەستدرێژی سێکسی کرایە سەر (100) هەزار ژنی شیوعی عێراقی بە ئامانجی ناچارکردنیان بۆ سکپڕی بەزۆر کە بووە هۆی ئەوەی (80) هەزار منداڵی زۆڵ لەدایک بن). ئەوەی (الصوت الشيوعي) نووسیویەتی یەکێکە لە درۆیە زلەکانی حزبی شیوعی عێراق کە لە مێژوودا هاوتای نییە، مەگەر درۆی وا گەورە و زۆریان لەدژی یەکێتی کردبێ، چونکە ژمارەی کوژراوەکانی حزبی شیوعی عێراق نەک نەدەگەیشتنە پێنج سەد هەزار بەڵکو (250–350) کەس دەبوو، با بزانن کە سەرکردایەتی و ئەندامانی حزبی شیوعی عێراق ئەو ژمارەیە دەکەن بە پێنج سەد هەزار کوژراو، سەبارەت بە ژنانی سکپڕکراویش لەلایەن حەرەس قەومی بەعس کە تاوانی دەسدرێژی کردنە سەر کچان و ژنانی خانەوادەی نەیارانی کردبووە بەرنامەی خۆی، بەڵام بەدڵنیایی سەد هەزار دەستدرێژی و لەدایکبوونی هەشتا هەزار منداڵی زۆڵ ژمارەیەکی نەک هەر زۆرە، بەڵکو درۆیەکی هەرە گەورەو دوورە لە ڕاستی، هەر لە ئەنجامی درۆی گەورە و بوختانی زۆری شیوعیەکان، وەکو وەڵامێک بۆ گومان لە هەر قسەیەک کە کەسێکی درۆزن لە نێو کۆمەڵگەی کوردیدا بیکات، پێی دەڵێن: (وانییە، ئەوە پڕوپاگەندە/ دیعایەی شیوعیەکانە، یان لە دیعایەی شیوعیەکان دەچێت)، بەو واتایەی (ڕاست نییە و درۆی شیوعیەکانە). سەبارەت بە ڕادەی ئەو

درۆ و بوختانانەی حزبی شیوعی عێراق بەرانبەر بە نەیارەکانیان، مالک سەیف لە لاپەڕە (5)ی (للتأريخ لسان ذكريات وقضايا خاصة بالحزب الشيوعي العراقي منذ تأسيسه حتى اليوم) نووسیویەتی: (إن لدى الحركة الشيوعية في العراق قوة لاتقاوم وأسلحة دعائية فتاكة/ بزووتنەوەی کۆمۆنیستی لە عێراق خاوەنی هێزێکی بەرگەنەگیراو و چەکی پڕوپاگەندەی کوشندەیە)، مالک سەیف، کە فەهدی سکرتێری یەکەمی شیوعی بە نامەیەک ئەوی ڕاسپاردووە بکرێتە سکرتێر، بەڵام یەهودا سدیق ئیبراهیم نامەکە لە مالک دەشارێتەوە و خۆی دەکات بە سکرتێر، ئەو باش ڕەفتار، ڕەوشت و ویژدانی شیوعیەکانی ناسیووە بۆیە بەمشێوەیە پێناسەی کردوون.

حزبی شیوعی عێراق، گفتوگۆی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و ڕژێمی بەعسی ئێراق، کە گفتوگۆکە بە ئاشکراو لەماوەی نێوان (1983.12.4–1985.1.15)دا بە جاشایەتی، ناپاکی و داردەستی یەکێتی بۆ ڕژێم هەژمار دەکەن، لەکاتێکدا یەکێتی هەر لە سەرەتای گفتوگۆوە بە نامە سکرتێری حزبی شیوعی عێراق و کەریم ئەحمەدی جێگری ئاگادارکردۆتەوە و عەزیز محەمەد خۆی، مام جەلالی ناردووە کە گفتوگۆ بکات، پاشان دوای ڕاپەڕینی ساڵی (1991) و ڕوخانی ڕژێمی بەعس لە ڕۆژی (2003.4.9)دا تاکە بەڵگەیەک نەدۆزرایەوە کە بانگەشەکەی حشع و بەرەی جود بسەلمێنێت بەوەی گوایە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بۆ ڕێ خۆشکردنی گفتوگۆ لەگەڵ بەعس، لە ساڵی (1983)دا پەلاماری حسک، پارتی و شیوعیەکانی لە پشتئاشان دابێت! مەکتەبی سیاسیی

یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، لە لاپەڕە (1)ی (گفتوگۆی شۆڕش لەگەڵ میری)، کە لە مانگی یەکی ساڵی (1985)دا چاپ کراوە، نووسیویەتی: (پار گفتوگۆی یەکێتی و میری هاتە ڕوو. پێشتریش میری چەندان جار پەیوەندی بە یەکێتی- ەوە کردبوو بەنیازی گفتوگۆکردن. سەرکردایەتی ئێمەش حشع و حدک و هەندێ هێزی سیاسی تری لەمە ئاگادار کردبوو. حشع وای پێ باش بوو کە ئەو گفتوگۆیەی میری لە لایەکەوە لەگەڵ پدک دەیکرد و ئەوەی بەتەمایە لەگەڵ یەکێتی–یش بیکا پچڕ پچڕ و بێ ئاگاداری یەکتر نەبیت، بەڵکو هەڵوێستەکان یەکخرێن، ئێمەش پێمان باش بوو. هەر بۆیەش عەزیز محەمەدمان سەرپشک کرد لەگەڵ مەسعود بارزانی قسە بکا بۆ یەکخستنی هەڵوێستەکان. هەروەک سەرپشکیشمان کرد تا لە دەرەوەی وڵاتیش لەگەڵ دۆستانی گەلی کورد پرسی گفتوگۆ باس بکات و پرس و ڕای پێویستیان پێ بکات. لەسەر ئەمەش بەڵگەنامەمان بە خەتی عەزیز محەمەد بەدەستەوەیە. بەڵام بەداخەوە ئەو هەوڵوتەقەڵایە سەریان نەگرت. سەبارەت بەوەی کە (بەند – جود) شەڕەکەی بەسەر یەکێتی دا سەپاند، دوای ئەوەی دەستیان کرد بە جێبەجێ کردنی ئەو نەخشەیەی لەنێوخۆیاندا دایان نابوو بۆ دەرپەڕاندنی یەکێتی لە گۆڕەپانی کوردستان)، کەواتە گفتوگۆی یەکێتی و ڕژێم ئاشکرا بووە نەک وەکو ئەوەی حزبی شیوعی عێراق و بەرەی جود لەدوای شەڕ و شکستیان لە پشتئاشان دەهۆڵی بوختان و درۆیان بە توندی بۆ دەکوتا. یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، بەگوێرەی نامیلکەی (گفتوگۆی شۆڕش لەگەڵ میری)، بە نامە عەزیز محەمەد، کەریم ئەحمەد و سەرانی

حزبی شیوعی، پارتی دیموکراتی کوردستان و چەند لایەنێکی دیکەی لە هاتنی شاندی حکومەت بۆ سەرکردایەتی یەکێتی ئاگادار کردۆتەوە، هەروەها فاتیح ڕەسوڵ-یش لە بەرگی سێیەمی (چەند لاپەڕەیەک لە مێژووی خەباتی گەلی کورد)دا، دەقی نامەیەکی مام جەلالی تاڵەبانی بە مێژووی (1983.2.14)، کە بۆ کەریم ئەحمەد جێگری سکرتێری حشع نێردراوە نووسیوەتەوە، کە زۆربەی ناوەڕۆکی نامەکە سەبارەت بە هاتنی شاندی حکومەتە بۆ لای یەکێتی لە ڕۆژی (1983.2.13)دا، کەواتە ئەوەی کە حزبی شیوعی عێراق، سەرکردەکانیان، کادرەکانیان، ئەندام و فەرماندەکانیان لە بیرەوەری، یاداشت، چاوپێکەوتنی تەلەفزیۆن، ڕادیۆ، گۆڤار و ڕۆژنامەکان باسی دەکەن کە گوایە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بە نهێنی گفتوگۆی لەگەڵ میری هەبووە و میری ئەوەی بەسەردا سەپاندوون کە دەبێ شیوعیەکان و بەرەی جود وەدەربنێن ئینجا گفتوگۆیان لەگەڵ دەکات، جگە لە درۆیەکی هەرزان و بێکەلک شتێکی دیکە نییە. ژمارەیەکی زۆر لە شیوعیەکان و بەتایبەت عەرەبەکانیان، لە وتار، یاداشت و دیمانە تەلەفزیۆنییەکان و ڕادیۆ باسی ئەوە دەکەن کە بەرزان تکریتی و عومەر دەبابە لە بالیسان یەکتریان دیوە و لەسەر هێرش کردنە سەر پشتئاشان پێکهاتوون، لێرەدا ئەحمەد ئەلناسری وەکو نموونە دێنمەوە، ئەو لە وتارێک دا لەژێر ناوی (في الذكرى الثلاثين لجريمة پشتئاشان/ لە یادی سی ساڵەی تاوانی پشتئاشان)، کە لە ڕۆژی (2013.5.1)دا، بڵاوی کردۆتەوە، گوایە بەرزان تکریتی و عومەر دەبابە ئەندامی مەکتەبی سیاسیی یەکێتی لە گوندی بالیسان بەر لە شەڕی پشتئاشان

یەکتریان دیوە و پێک هاتوون لە سەر هێرشکردنە سەر پشتئاشان. ئەلناسری، لە بەشی دووەمی بەرنامەی (شهادات خاصة)دا، کە لە ڕۆژی (2018.9.30)دا لە کەناڵی (یوتوپ) دانراوە، باسی هەمان چاوپێکەوتنی بەرزان تکریتی و عومەر دەبابە دەکاتەوە، کە جگە لە درۆیەکی شاخدار هیچی دیکە نییە، چونکە عومەر سۆفی مستەفا محەمەد ئەمین ناسراو بە عومەر دەبابە بەهۆی نەخۆشی دڵەوە بەر لە ڕۆژی دامەزراندنی یەکێتیی شۆڕشگێڕانی کوردستان (کە لەدوای یەکگرتنەوەی هێڵی گشتی و بزووتنەوەی سۆسیالیستی کوردستان لە ڕۆژی (1982.9.11)دا دروست بوو)، کوردستانی جێهێشت و چووە لەندەن، واتە ئەو لە ساڵی (1983)دا هەر لە کوردستان نەبووە، دواتریش عومەر دەبابە چەند مانگێک دوای ڕاپەڕینی ساڵی (1991)و بەر لە بەستنی کۆنگرەی یەکەمی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان گەڕایەوە و بۆ کوردستان، ئەوەبوو لە ڕۆژی (1992.1.29)دا، لە شاری سلێمانی و لەناو کۆنگرەدا بەهۆی نەخۆشی دڵەوە کۆچی دوایی کرد.

نموونەیەکی دیکە لە درۆکانی شیوعیەکان، دەنگی گەلی عێراق و دەنگی کوردستانی عێراق-ی پارتی و بڵاوکراوەکانی (شیوعی، پدک، پاسۆک و حسک)، بێشەرمانە ژەهری ناکۆکی نێوان کورد و عەرەبیان دەڕشت، بەردەوام بۆ چەند مانگێک ڕۆژانە بڵاویان دەکردەوە گوایە: (تەواوی کوژراوەکانی پشتئاشانی حزبی شیوعی عێراق لە یەکی ئایار عەرەبن، تەرمەکانیان تا دوای نزیکەی مانگێک هەر لە مەیدانی شەڕەکەدا مابۆوە، کە دوای دیل کردنیان گوللە باران کراون. یەکێک لە گوللە باران کراوەکان ژنێکی عەرەبە و

منداڵێکی ساوای شیرەخۆرەی هەبووەو پێشمەرگەکانی یەکێتی منداڵەکەشیان هەر بە باوەشی دایکییەوە کوشتووە). بەڕاستی مرۆڤ کە بوختانی وەکو کوشتنی ئەو منداڵەی بەرگوێ دەکەوێت، هیچ بڕوای بە بەرەی جود (حشع، پدک، حسک و پاسۆک) و بەتایبەت بە شیوعیەکان نامێنێت و سەرجەم قسەکانیان بە ڕاستەکانیشەوە بە درۆ دەزانێت، کە زۆربەیان درۆشن! ئاخر تاکە ژنە شیوعی کە لە پشتئاشان کوژرابێ (عەمیدە عەزبی حالوب ئەلخومەیسی) بووە و شیوعیەکان خۆیان ئەو ژنە بە پاڵەوانی شەڕی لێوژە دادەنێن، کە گوایە تا دوا فیشەک شەڕی کردووەتو بە تۆپ هاوێژە قارەمانەکەی لێوژێ ناوی دەبەن! باشە کە تا دوا فیشەک شەڕی کردبێت و تۆپی بە هێزەکانی یەکێتی وەنابێت، ئەی بۆ یەکێتی بۆی نەبێت فیشەکی پێوە بنێت و بیکوژێت بۆ ئەوەی تۆپەکانی کە بەدەستی عەمیدە عەزبی ئاراستەی ئەوان دەکرێت و لەوانەیە پێشمەرگەی یەکێتی کوشتبێت یان بکوژێت، تۆپەکانی بێدەنگ بکەن؟ عەمیدە عەزبی خۆیی و هاوسەرەکەی (سالم تەها سالم) ناسراو بە ملازم عەلی، هیچ منداڵیان نەبوو، ئەوە بە درۆی شاخدار ئەو منداڵەیان چۆن و لە کوێ بۆ هێنان؟ شیوعیەکان تەنانەت ئەوەشیان بڵاوکردەوە کە گوایە پێشمەرگەکانی یەکێتی دوای بەدیلکوشتنی عەمیدە پەنجەی دەبڕن لەپێناو ئەڵقەکەی، سەرەتا عەمیدە لە شەڕدا کوژراوە و بەدیلی نەکوژراوە، با بڵێین بەدیلی کوژراوە، باشە بۆ بەر لە کوشتنی ئەڵقەکەیان لێ وەرنەدەگرت، یان هەر دوای گوللە بارانکردنی گەرما و گەرم ئەڵقەکەیان لە پەنجەی دەرنەدەهێنا و چ پێویستی دەکرد پەنجەی

ببڕنەوە؟ شیوعیەکان ئەزموونیان هەیە لە پەنجە بڕینەوەی ژنان و دەرهێنانی ئەنگوستیلەی پەنجەیان بۆیە ئەو تۆمەتە دەدەنە پاڵ یەکێتی تا پەنجە بڕینەوەی (حفصة الحاج علي العمري) تەمەن (22) ساڵ، کە لە ڕۆژی (1959.3.9)دا لە موسڵ دوای کوشتنی ئەو کچە مارەبڕە و باوکی حەفصة واتە (الحاج علي العمري)، کە تەنیا لەپێناو ئەنگوستیلەیەکی زێڕ پەنجەی ئەو کچەیان بڕیبۆوە، جا ئێستاکە هاتوون تاوانەکەی بەر لە (24) ساڵی خۆیان وەکو سیناریۆ دادەڕێژن لەدژی یەکێتی بۆ ئەوەی ئەو تاوانە لەبیر دانیشتوانی موسڵ و کۆمەڵانی خەڵک بەرنەوە. هەر سەبارەت بە کوژرانی ژن لە شەڕی پشتئاشان و قەندیل، سیروان فاتیح (Sirwan Fatih)، ئەندامی حزبی شیوعی عێراقی، لە ڕۆژی (2012.12.3)، ئەم وێنەیەی خوارەوەی لە دیواری فەیسبووکی خۆی داناوە کە چەند ژنە پێشمەرگەیەکی شیوعی-ن و لەخوار وێنەکەدا بە زمانەکانی کوردی و عەرەبی نووسیویەتی: (وێنەی پێشمەرگەکانی حزبی شیوعی کە هیچیان ڕزگاریان نەبوو لە قەسابخانەکەی پشتئاشان کە لەلایەن یەکێتی نیشتمانی کرا بۆ سەر ئەو حزبە). سیروان فاتیح، بێویژدانییەکی گەورەی لە ئاست یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان دا کردووە، چونکە تاکە ژنە پێشمەرگەی شیوعی کە لە شەڕەکان کوژرابێت ئەوە عەمیدە عزێبی حالوب بووە، کە بە (ئەحلام) ناسرابوو، کەچی لە وێنەکەدا شەش ژنە چەکدار دیارن و گوایە هەموویان بەدەستی یەکێتی کوژراون، کە زۆر دوورە لە ڕاستی و تەنیا ئەحلام کوژراوە! بەڵام سیروان فاتیح، یەک دەکات بە شەش، کەواتە لە سەدا (83.3٪)ی دەخاتە

سەر، کە ئەمەش ڕێژەیەکی زۆرە و شیوعیەکانی دیکەش لە سیروان فاتیح باشتر نەبووینە ئەگەر خراپتر نەبووبن لە تۆمەت بەخشینەوە بە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و هێزی پێشمەرگەی کوردستان! لێرە بۆتان دەرکەوت کە یەک دەکرێت بە شەش و درۆ و تۆمەت بەخشینەوەش هەر باجی لەسەر نییە، ئەوەی بینیبێتم لە درۆی شیوعیەکان وێنەم گرتوون و هەموویانم لە پەرتووکی (پشتئاشان، تۆڵە یان تاوان؟) داناوە و وەڵامم داونەتەوە و درۆکانیانم ئاشکرا کردووون.

نموونەیەکی دیکە لە درۆکانیان، موحسین سابت ئەلجیلاوی (محسن صابط الجيلاوي)، لە بەشی سێیەمی بەرنامەی (شهادات خاصة/ شایەدی تایبەت)دا، کە لە ڕۆژی (2016.4.23)دا خراوەتە سەر کەناڵی (یوتوپ)، سەبارەت بە شەڕی پشتئاشان دەڵێت: (فەرهاد سەنگاوی، بێژەری ئێزگەی ڕادیۆی یەکێتی هاواری دەکرد و دەیگوت: مردن بۆ عەرەبەکان و پاسدارانی ئێرانی، مەبەستی لە عەرەبەکان شیوعیە عەرەبەکان بوو، مەبەستیشی لە پاسدارانی ئێرانی پارتی دیموکراتی کوردستان بوو. فەرهاد دەیگوت: عەرەبەکان بکوژن. کوردستان پاککەنەوە لە عەرەبەکان). موحسین سابت ئەلجیلاوی شۆڤینیستی عەرەبی خۆحەشاردراو لەژێر چەتری پارتێکی بەناو ئینتەرناسیۆنالیزم (أممي) و کۆمۆنیستی و بە کردەوە پارتێکی عەرەبی و عێراقی وەکو حزبی شیوعی عێراق زیاتر ڕق و ڕووی ڕاستەقینەی خۆی تەنانەت بەرانبەر بە ئەندام و سەرکردە کوردە شیوعیەکانی نێو حزبی شیوعی دەردەبڕێت و دەڵێت: (نووسەر حەنا بەتاتۆ، سەبارەت بە سەرکردە کوردەکانی

نێو حزبی شیوعی عێراق دەڵێت: (پابەندبوونی سەرکردە کوردەکان لەناو حشع، پابەندبوونێکی قوڵ نییە بۆ ئینتەرناسیونالیزم، بە واتایەک پێیەکیان لەنێو ئینتەرناسیۆنالیزم و پێکەی دیکەیان لەناو نەتەوەپەرستییە). دکتۆر ڕەفیق سابیر، لە پێشەکی بەرگی یەکەمی (چەند لاپەڕەیەک لە مێژووی خەباتی نەتەوەی کوردمان ڕووداو و بەڵگەنامە 1979)، لە نووسینی فاتیح ڕەسوڵ، کە لە ڕۆژی (1991.6.13)دا پێشەکییەکەی بۆ نووسیوە، وەکو ئەندامێکی حزبی شیوعی عێراق پێیوایە حزبەکە هەردەم خۆی بە بەشێک لە بزووتنەوەی عەرەب و عێراقیشی بە هەردوو هەرێمی عەرەبی و باشووری کوردستانەوە بە بەشێک لە وڵاتی عەرەب زانیوە، بە درێژایی مێژووی خۆیشی تەنیا بەرژەوەندی عەرەبی و عروبەی عێراقی ڕەچاو کردووە، شیوعیە کوردەکانیش بۆ بەرژەوەندی عەرەب و عێراق تێکۆشاون، کە ئەمە بۆچوونی دکتۆر ڕەفیق سابیرە بەگوێرەی ئەو پێشەکیەی کە خۆی نووسیویەتی، بەدڵنیاییەوە فاتیح ڕەسوڵ لەگەڵ ئەو بۆچوونەی دکتۆر ڕەفیق بووە ئەگینا قایل نەدەبوو ئەو پێشەکییەی ئەو لە پەرتووکەکەی خۆی دابنێت، بەڵام پێموایە دکتۆر ڕەفیق سابیر و فاتیح ڕەسوڵ ئەم بۆچوونەیان بەدرەنگەوە لەسەر حزبی شیوعی عێراق لا دروست بووە، کە حزبێکی عەرەبی و عێراقییە و تەنیا بۆ بەرژەوەندی عەرەب و عروبەی عێراق تێکۆشاون، لە هەمان کاتدا باشووری کوردستانیان بە بەشێک لە خاکی عەرەب زانیوە، شیوعیە کوردەکانیش خزمەتی بەرژەوەندی شۆڤێنییەتی عروبە و عێراقی داگیرکەریان کردووە، بەدرێژایی مێژووی حزبەکەیان لە

ساڵی (1934)ەوە تا دامەزراندنی حزبی شیوعی کوردستان لە ڕۆژی (1993.6.30) و دواتر پارتی کاری سەربەخۆیی کوردستان لە ڕۆژی (1993.10.22)دا، بە کردەوە بۆ بەرژەوەندی عەرەب، عێراق و دەمارگیری عەرەبی لەدژی نەتەوەو خاکی کوردستان وەستاونەتەوە! بۆ زیاتر سەلماندنی ئەو بۆچوونەم، پەنا دەبەمە بەر لاپەڕە (63)ی پەرتووکی (دکتور طارق یوسف إسماعیل، صعود الحزب الشیوعي العراقي وإنحدارە)، کە ئاماژە بەوە دەکات کە سەرەتای دامەزراندنی حزبی شیوعی عێراق، فەهد و حزبی شیوعی بەیاننامە و بڵاوکراوەکانیان بە دروشمی نەتەوەپەرستی (ئەی کرێکاران و جوتیارانی جیهانی عەرەبی یەکگرن) بڵاودەکردەوە؛ بڵاوکردنەوەی بەیاننامەکانی حزبی شیوعی عێراق بەم دروشمەوە، دەیسەلمێنێت کە حزبی شیوعی عێراق هیچ پێوەندی بە مارکسیزم، لینینزم، کۆمۆنیزم و ئینتەرناسیۆنالیزمەوە نەبووە، بەڵکو پارتێکی نەتەوەپەرستی پانعەرەبیسزم بووە، چونکە داوای یەکگرتنی کرێکاران و جوتیارانی عەرەبی تەواوی وڵاتە عەرەبییەکان دەکات، نەک تەنیا عەرەبی عێراق، ئەی باشە ئەم پارتە بۆ دەبێت پارتی پێشڕەوی چینی کرێکارانی تەواوی عێراق، کۆمۆنیستی و ئینتەرناسیۆنالیستی تەواوی گەلی عێراق بێت؟ هەر ئەو دروشمەیە بۆتە هۆکاری ئەوەی کە زۆربەی ئەندامانی مەکتەبی سیاسیی، کۆمیتەی ناوەندی و کادرە پلەبەرزەکانی ئەم حزبە بە عەرەب و کوردەکانیشەوە لە پەنا مارکسیزم، کۆمۆنیزم و ئینتەرناسیۆنالیزم و لەژێرەوە بە بیری شۆڤێنیزمی عەرەبی و عێراقچێتی داگیرکەر و نکۆڵیکەر لە نیشتمان و خاکی کورد (کوردستان) پەروەردە بکرێن.

شیوعیەکانی عێراق بە عەرەب و کوردەوە بە دامەزراندنی دەوڵەتی عێراق لەلایەن ئیمپریالیزمی بەریتانیاوە قایل و زۆر دڵخۆش بوون، بەڵام هەرکاتێک شۆڕشی کوردستان، یان پارتێکی کوردستانی فیشەکێکیان لە بەریتانیا، ئەمریکا و هەر وڵاتێکی دیکە وەرگرتبێت، دەهۆڵیان بۆ لێداون و بە ناپاک، خۆفرۆش و کرێگرتە تۆمەتباریان کردوون!

دکتۆر تاریق یوسف، لە لاپەڕەکانی (87–88)ی هەمان سەرچاوەی پێشوو، سەبارەت بە گوێڕایەڵی سەدا سەدی فەهد و حزبی شیوعی عێراق بۆ بڕیارەکانی ستالین و ڕووسیا دەڵێ: (سەرکردایەتی فەهد لەسەر نموونەی ستالینی دامەزرا. فەهد گوتویەتی: هەر شتێک کە ستالین گوتی یان فەرمانی پێدا دەبێتە ئەرکێکی پیرۆز و پێویستە گوێ ڕایەڵی بن، نەک تەنیا لەلایەن ئەندامانی حزبی شیوعی سۆڤیەتی، چینی پرۆلیتاری سۆڤیەتی و گەلی سۆڤیەتی، بەڵکو لەلایەن هەموو پرۆلیتاریای جیهانەوە)، ئەوەندەی دەربارەی ستالین خوێندبێتمەوە ئەو هیچ خەسڵەتێکی مرۆڤێتی، مارکسیستی و کۆمۆنیستی تێدا نەبووە، ئەو دیکتاتۆرێکی هاوشێوەی هیتلەر، چاوسیسکۆ، سەدام و هۆگۆ سوارێز–ی پۆلیڤی بووە، سەرەڕای ئەوەی کە ئەو دیکتاتۆر و مرۆڤکوژە گەورەیە بە ملیۆنان لە ئەندامانی پارتەکەی خۆیی و هەموو دەنگێکی ئازادی لەنێو سۆڤیەت بێدەنگ کردووە، کۆماری سووری کوردستانی وەک کۆمارێکی یەکێتیی سۆڤییت (1923.7.7–1929.4.8)، کە لە سێ شاری (لاچین، گەڵبەجار و قوبادلی) دامەزرا، لاچین پێیتەختەکەی بوو لەسەر داوای کەمال ئەتاتورک هەڵیوەشاندەوە، سیاسەتی

گوێزانەوەی زۆرەملێیانەی لە دژی کوردی پیادەکرد، سەرەڕای هەموو ئەمانەش ستالین تەنانەت تۆزقاڵێک باوەڕی بە کۆمۆنیزمی جیهانی و خەباتی نێونەتەوەیی چینی کرێکارانی جیهان نەبوو، تەنیا باوەڕی بە سۆسیالیزم لە ڕووسیا هەبوو. خرۆچۆڤ لەدوای مردنی جۆزێف ستالین کە دەسەڵاتی یەکێتیی سۆڤیەت یان ڕووسیای گرتەدەست، تاوانەکان و سیاسەتی ڕابردووی ئەوی شەرمەزارکرد، کە ئەمەش بەڵگە و سەلمێنەری ئەو ڕاستیانەن کە ستالین دیکتاتۆر، مرۆڤکوژ، نادادپەروەر و نادیموکراسی بووە، هەروەها هیچ پێوەندییەکی بە مارکسیزم، سۆسیالیزم، کۆمۆنیزم و ئینتەرناسیۆنالیزم نەبووە.

حزبی شیوعی عێراق، **یەکەم:** حزبێکی تەواو لادەر (ڕیڤیژینیست/تحريفي)، دوور لە ڕێبازی مارکسیزم، سۆسیالیزم، کۆمۆنیزم و ئینتەرناسیۆنالیزم بووە، چونکە بەتەواوی خزاوەتە نێو بیری عەرەبی بۆرژوازی، شۆڤینیزم و بەلای عەرەب و عروبەی عێراقیدا شکاندۆتەوە، تەنانەت لە شەستەکانی سەدەی ڕابردوو بە دەیان جار و لە حەفتاکانیش چەند جارێک داوای خۆهەڵوەشاندنەوە و چوونە نێو دوو حزبی عەرەبپەرست، بۆرژوازی، ڕەگەزپەرست و دیکتاتۆری وەکو یەکێتیی سۆسیالیستی عەرەبی (ألإتحاد ألإشتراكي العربي)ی عەبدولسەلام محەمەد عارف و (حزب البعث العربي ألإشتراكي) بەکر - سەدام-یان کردووە، هەر بەوەش نەوەستاون و تەنانەت ویستویانە لقێکی یەکێتیی سۆسیالیستی عەرەبی لە پارتەکەی عەبدولسەلام عارف لە کوردستان بکەنەوە، ئەوانەی دەیانویست خۆیان هەڵوەشێننەوە و بچنە نێو پارتەکەی عارف و

لقێک بۆ پارتەکەی ناوبراو لە کوردستان بکەنەوە، لەناو حشع ناویان نرابوو لادەرانی هێڵی ئاب (منحرفي خط آب/ 1964)، کە پێیانوابوو یەکێتیی سۆسیالیستی عەرەبی پارتێکی سۆسیالیستییە و دەسەڵاتی عەبدولسەلام عارف ڕژێمێکی پێشکەوتنخوازە و بە سەلام پارتەکەی لە ڕێی گەشەکردنی ناسەرمایەداریەوە بەبێ حزبی شیوعی عێراق دەتوانن عێراق بگەیەننە سۆسیالیزم و کۆمۆنیزم، بۆیە بوونی ئەوان زیادە و پێویستە خۆیان هەڵوەشێننەوە. بۆیە وازهێنان لە گرتنە دەستی دەسەڵات، بڕیاری خۆهەڵوەشاندنە لەنێو پارتێکی نەتەوەپەرستی ڕەگەزپەرست، هەم لادانە لە بیروباوەڕی مارکسیزم و کۆمۆنیزم، هەم ئەوە دەسەلمێنێت کە بیری نەتەوەپەرستی عەرەبی بەسەر سەران و ئەندامانی حزبی شیوعی عێراق زاڵە و ئەوانە دوورن لە ئینتەرناسیۆنالیزم و زیاتر پارتێکی عەرەبین. بۆ پشتڕاستکردنەوە قسەکانم پەنا دەبەمە بەر سەمیر عەبدولکەریم، کە لە لاپەڕە (20)ی بەرگی چوارەمی (أضواء على الحركة الشيوعية في العراق)، نووسیویەتی: (حزبی شیوعی عێراق، لە حوزەیرانی ساڵی 1964، بڕیاری ناردنی جەماوەر، ئەندامان و لایەنگرانی خۆی دا بۆ نێو یەکێتیی سۆشیالیستی عەرەبی بە مەبەستی قوڵبوونەوە لە پێکهاتەی پێشکەوتنخوازانەی، هەتا لە کوردستان ویستی هاوکاری دامەزراندنی لقێکی یەکێتی سۆشیالیستی عەرەبی بکات؛ وەریگرتووە لە: مناضل الحزب، القيادة المركزية، أواخر آب 1968)، هەروەها لە لاپەڕە (102)ی هەمان سەرچاوە باسی ئەوە دەکات کە لەنێو لقی کوردی حزبی شیوعی عێراق بە سەرکردایەتی فاتیح

ڕەسوڵ ڕەوتێک دەرکەوت بۆ سەپاندنی سیاسەتی لادەرانەی هێڵی ئابی لادەرانەی لەنێو لقی کوردی حزبی شیوعی عێراق، کە ڕەوتەکە داوای خۆهەڵوەشاندنەوەی لقی کوردی حزبی شیوعی و تێکەڵکردنی حزبەکەیان و چوونە نێو یەکێتیی سۆسیالیستی عەرەبی دەکرد.

**دووەم:** حشع بەدرێژایی تەمەنی خۆی و تا جیابوونەوەی کوردەکان و دامەزراندنی حزبی شیوعی کوردستان، ئەندامانی خۆیی و لەنێویاندا زۆربەی شیوعیە کوردەکانی سەربە حزبی شیوعی عێراق وا پەروەردە کرابوون کە باوەڕیان بە کورد و کوردستان نەبێت، کوردێک نییە ئەوە نەزانێت کە ئەوان دژی ناوهێنانی کورد و کوردستان بوون، تەنانەت لەسەردەمی کەریم قاسم کە نیاز وابوو بەڕێوەبەرێتی پەروەردەی کوردستان لە کەرکووک دابمەزرێت، ئەوان دژی وەستانەوە و وەکو سووکایەتی و تانەلێدان دەیانگوت: (پەروەردەی قیاسان)، لە ساڵانی (1960-1958)دا شیوعیە کوردەکان لە زۆربەی شارەکانی باشووردی کوردستان کە دەگەیشتنە هەر ئەندامێکی پارتی دیموکراتی کوردستان یان کوردێکی نەتەوەیی و کوردستانی، دەیانگوت: (بڕوخێ کورد و کوردستان)، یان (مردن بۆ کورد و کوردستان)، کە مام جەلال و مەسعود بارزانی لە پەرتووکەکانی خۆیاندا لە ساڵانی دەسەڵاتی کەریم قاسمی دیکتاتۆر ئاماژەیان بەم دژایەتیەی حزبی شیوعی عێراق کردووە لە دژی کورد و کوردستان، کە سەرانی حزبی شیوعی عێراق، حزبی شیوعی کوردستان و ئەندامەکانیان نکۆڵی تەواو لە هەر تاوان، وەستانەوە لە دژی

داخوازییەکانی گەلی کوردستان و دژایەتی حزبی شیوعی عێراق بۆ کورد و کوردستان دەکەن. ئەوە حزبە ئەوەندە بە زەلیلی و سەرکزی چووە نێو بەرەی نیشتمانیی و نەتەوەیی پێشکەوتنخواز (الجبهة الوطنية القومية التقدمية)ی خۆڕادەستکردن و سازشکار، سەرەڕای سازشکردنی لەسەر بیروباوەڕیی مارکسیزم و کۆمۆنیزم، تەنانەت دانی بەوەدا نا کە کۆدەتای شوومی ڕۆژی (1963.11.18)ی دیکتاتۆر عەبدولڕەحمان عارف و کۆدەتای حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالیست لە ڕۆژی (1968.7.14)دا شۆڕشن و لە ڕۆژنامەکانی خۆیاندا لە ماوەی نێوان (-1979.5.27 1973.7.17)دا بەئاشکەراو بێشەرمانە کۆدەتای تەمووزی ساڵی (1968)ی (بەکر - سەدام)یان بە شۆڕشی پێشکەوتنخواز و حکومەتەکەیان بە میری نیشتمانیی ناودەبرد، ئەگەر حزبی بەعس تۆزێک گوشاری دیکەی بخستبایە سەریان کۆدەتای یەکەمی بەعسی-ش کە لە ڕۆژی (1963.2.8)دا کردیان و نزیکەی سێ سەد شیوعیان کوشت بە سەلام عادل-ی سکرتێرەوە، ئەویشیان بەئاشکرا بە شۆڕش دەناساند نەک بە شەرمەوە، بێگومان ئەو سازشانەش هەمووی دەچنە خانەی لادان واتە ڕیڤیژینستی.

موحسین ئەلجیلاوی، کەسێکی درۆزنە و کۆمەڵێک درۆی کردووە کە باوەڕناکەم کەس توانای گوێ لێگرتنیشی هەبێت، مەگەر تەنیا بۆ ئاشکرا کردنی درۆکانی گوێی لێبگرن، چونکە فەرهاد سەنگاوی و ئێزگەی یەکێتی باسی کوشتنی عەرەب و پاکردنەوەی کوردستانیان لە عەرەب نەکردووە، ژمارەیەکی زۆر لە شیوعیەکان، منداڵ و نەوەکانیشیان کە ئەوکات هێشتاکە لەدایک

نەبوونی بەهۆی درۆی شیوعیەکان وەکو ئیسلامییەکان ڕقیان لە فەرهاد سەنگاوییە، دەتوانم بڵێم کە ڕقی شیوعیەکان لە بێژەرەکان بۆماوەییە هەروەکو پێشتریش ئەوەندە ڕقیان لە فازڵ حەمادی ئەلشەگرە (1921/ موسڵ) دەبووەوە، تەنیا چونکە یەکێک بووە لە بێژەرەکانی ڕادیۆی موسڵ، پشتیوانی عەقید شەوافی کردووە و پەرتووکخانەیەکیشی هەبووە بۆ پەرتووک فرۆشتن کە شیوعیەکان سووتاندیان، تۆمەتی ئەوەیان بۆ دروستکرد کە گوایە ئەو لە ڕۆژی (1959.3.8)دا یەکەم بەیانی کۆدەتاکەی عەقید ڕوکن عەبدولوەهاب عەبدولمەلیک تەها عەبدولڕەزاق ئەلشەواف (1916-1959.3.9)ی خوێندۆتەوە، بۆیە لە دادگای بەدناوی فازڵ عەباس مەهداوی کە عەواد بەندەری شیوعیەکان بوو، سزای سێدارەیان دا و لە ڕۆژی (1959.8.25)دا لەسێدارە درا، کەچی لە ڕاستیدا مەحمود حەسەن ئەلدوڕە (1910-1995.8.18)، بەیانەکەی خوێندبۆوە. بەر لە هەموو شتێک ئەم بەچکەیەی عروبە و پەروەردەی دەستی هاوڕێکانی (باقر ئیبراهیم ئەحمەد موسەوی، عامر عەبدوڵڵا عومەر ئەلعانی و ماجد عەبدولڕەزا نوری ئەلتائی)، کە هەر سێکیان ئەندامی مەکتەبی سیاسیی حزبی شیوعی عێراق بوون، لەدوای شەڕی کەنداوی یەکەم و دەرکردنی سوپای عێراق لە کوێت پیاوی سەدام و بەعس دەرچوون یەکەم و سێیەمیان چوونەوە باوەشی ڕژێم، کە ماجد دواتر کەوتە سەر شەقامەکان تا لە ڕۆژی (2005.2.23)دا لە بەغدا بە شێتی مرد، پشتئاشان بە هەڵەبجەی عەرەبان و قوڵتر لەوەش دەزانێت! ئەلجیلاوی، دەیان و سەدان شیوعی عەرەب سەرکردە کوردەکانی ناو حزبی شیوعی یان بە

نەتەوەپەرست تۆمەتبار دەکرد، کەچی لە ساڵی (1982) بەدواوە سەدان و هەر سێ بەناو سەرکردەی شیوعی بە بیانوی مەترسی هەبوون لەسەر خاکی نیشتمان بەهۆی جەنگی عێراق - ئێران داوای گەڕانەوەیان دەکرد بۆ باوەشی بۆگەنی ڕژێمی بەعس، کە پێشتریش بۆ ماوەی نۆ ساڵ لەم باوەشە بۆگەنەدا بوون.

سەرکردە کوردەکانی حشع، نەک هەر ئینتەرناسیۆنالیزم بوون، بەڵکو زۆر لەوە تێپەڕیان کردبوو و ببوون بە (کۆسمۆپۆلیتی)، واتە وابەستەی نەتەوەیی (کوردبوونی خۆیان) ڕەتدەکەنەوە و بەناوی جیهانبینییەوە مافی بڕیاردانی چارەنووس بۆ گەلی کوردی خاک داگیرکراو و ستەمدیدە پێشێل دەکەن و بە ڕەوای نابینن بۆ کورد. ڕەتکردنەوەی وابەستەی نەتەوەیی تا کۆتایی هەشتاکان لای زۆربەی زۆری سەرکردایەتی و ئەندامە کوردەکانی حشع کارێکی زۆر ئاسایی بوو، شیوعیە کوردەکان وا پەروەردە کرابوون کە ڕقیان لە نەتەوەی خۆیان بێتەوە و دژایەتی هەموو پیرۆزییەکانی نەتەوەی خۆیان بکەن، هەموو باسێکی نەتەوەیی کوردیان بە شۆڤینیەت دادەنا و دژی دەوەستانەوە، لە هەمان کاتدا دەهۆڵ کوتانیان بۆ نەتەوەی عەرەبی داگیرکەرو دەسەڵاتدار بە بەرزو پیرۆز دەبینی. شیوعیە کوردەکان ڕقیان لە هەموو شتێکی کوردی و کوردستانی دەبۆوە و لەناو زۆلکاوی بیری عروبە و عێراقی حشع نقووم ببوون، کەچی موحسین جیلاوی ڕەگەزپەرستی هاوڕێی خەبات و هاوسەنگەریان ئەم تۆمەتە بێبنەمایەیان دەداتە پاڵ. عەرەبە شیوعیەکان دژ بە دامەزراندنی پارتی کۆمۆنیستی باشووری کوردستان بوون، ناوهێنانی کوردستان و سەربەخۆیی

باشووری کوردستان یان بە کوفر دەزانی و لە وەڵام دا دەیانگوت: (دوائامانجی ئێمە ئەوەیە کە سنوور نەمێنێت و هەموو ئەو دەوڵەتانەی هەن لە یەک دەوڵەتی سۆسیالیستی و کۆمۆنیزمی دا یەک بگرن، بۆیە پێویست بەوە ناکات عێراق دابەش بکرێ و کوردستان ببێ بە دەوڵەت. بۆ ڕێگا لە خۆمان دوور بکەینەوە و کوردستان لە عێراق جیا بێتەوە، کە دوا ئامانجی ئێمەی کۆمۆنیست ئەوەیە هەموو جیهان بکەین بە یەک دەوڵەتی سۆسیالیست و کۆمۆنیست)! کەچی هەر شیوعیە کۆسمۆپۆلیتە کوردەکان، لەکاتێکدا ڕێیان لە دامەزراندنی پارتی کۆمۆنیستی کوردستان و دەوڵەتی باشووری کوردستان دەگرت، بە شانازییەوە داوای دامەزراندنی دەوڵەتێکی عەرەبیان دەکرد لە فەلەستین، کە پێیان وابوو بەم داوایانەیان زیاتر دەبنە کەسێکی مارکسی، لینینی، سۆسیالیستی، کۆمۆنیستی و ئینتەرناسیۆنالیزمی! ئەوان تەنیا بەوە قایل نەدەبوون کە دەوڵەتێکی عەرەبی بۆ فەلەستینییەکان لەسەر خاکی ئیسرائیل دابمەزرێت، بەڵکو دەیانویست سەرەتا جوولەکە کۆمەڵکوژ بکرێت ئینجا دەوڵەتی عروبەی فەلەستین لەسەر تەواوی خاکی ئێستاکەی ئیسرائیل دابمەزرێت، چونکە هەموو جولەکەیان بە سەهیۆنی و ئیمپریالیزم دەزانی!

موحسین ئەلجیلاوی شۆڤینیستی عەرەب، دڵڕەق و ناخڕەش بەرانبەر بە کورد و کوردستان لە بەرنامەی بۆ مێژوو (للتأريخ)ی کەناڵی (البغدادية)ی عێراقی، لە وەڵامی ئامادەکەری بەرنامە دکتۆر حەمید عەبدوڵڵا، ئایە پشتئاشان هەڵەبجەی عەرەبان نییە؟ لە وەڵامدا ئەو بێشەرمانە گوتی: (بەڵێ، پشتئاشان لە هەڵەبجە قوڵترە.

لەوانەیە فرۆکەوانێکی نابەرپرس لەخۆیەوە ئەم کارەی هەڵەبجەی کردبێت)، هەمان قسەی موحسین جیلاوی، جاسم محەمەد ئەلحفی (1960/ بەغدا)، ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی حزبی شیوعی عێراق بۆ هەمان بەرنامە و کەناڵ بە جۆرێکی دیکە گوتی: (پشتئاشان هەڵەبجەی عەرەبانە)، کە ئەو دوو شۆڤینیستە عەرەبەی نێو حزبی شیوعی عێراق، سەدان و هەزاران شیوعی دیکەش هەمان پاکانە بۆ کیمیابارانی هەڵەبجە دەکەن لەلایەن ڕژێمی ڕەگەزپەرستی عەفلەقی عەرەبی و پاساوی بێبنەمای بۆ کۆمەڵکوژی سیڤیل، ژن و منداڵی هەڵەبجە دێننەوە کە چەکیان لە دژی ڕژێم هەڵنەگرتبوو، لە هەمانکات کە خۆیان (شیوعیەکان) دەستپێشخەر و هەڵگیرسێنەری شەڕی نێوان بەرەی جود و یەکێتی بووینە، لە شەڕدا بووینە لەگەڵ یەکێتی و شانبەشانی لایەنەکانی بەرەی جود بەشدار بووینە لە چەندان تاوانی کوشتنی کادر، فەرماندە و پێشمەرگەی یەکێتی، کەچی نەک یەکێتی بەڵکو کوردیش بە تاوانبار دادەنێن لە بەرانبەر کوشتنی تەنیا شیوعی عەرەب بەدەستی پێشمەرگەی یەکێتی کە کورد بووینە، ئا ئەوەیە لوتبەرزی بەناو کۆمۆنیستە نێونەتەوەییە عەرەبە شیوعیەکان لەکاتێکدا کە یەکێتی شیوعی کورد و عەرەبی کوشتووە لە شەڕەکاندا، کەچی ئەوان باسی ئەوە دەکەن کە تەنیا شیوعی عەرەب کوژراوە، هەروەها چەندان پێشمەرگەی یەکێتی بەدەستی ئەندامانی حزبی شیوعی عێراق کوژراون کە ڕۆژێک لە ڕۆژان یەکێتی وای بڵاونەکردەوە کە پێشمەرگەی یەکێتی بەدەستی عەرەب یان شیوعی عەرەب کوژراون! شیوعی کوردو عەرەب لە شەڕی پشتئاشان کوژراون، بە تەنیا عەرەب نەکوژراون، شەڕ

شەڕی نێوان کورد و عەرەب نەبووە، نە کورد عەرەبی کردۆتە ئامانج بۆ پاکتاوکردنی ڕەگەزی نە عەرەبیش کوردی کردۆتە ئامانج، بەڵام بەرەی جود (شیوعی، پاسۆک، پدک و حسک) لەنێوبردنی یەکێتی ئامانجیان بوو، لە کاردانەوەش یەکێتی ئەوانی کردە ئامانج بۆ پەلاماردان و دەرپەڕاندنیان لە کوردستان، وەلێ دیارە شۆڤینیستە عەرەبەکان کوژراوە کوردەکانیشیان بە عەرەب هەژمار کردووە بۆیە بەئەنقەست بانگەشەی پاکتاوکردنی عەرەب دەکەن لەلایەن یەکێتییەوە. هەر شیوعیەک لە شەڕی پشتئاشان کوژرابێ (کورد یان عەرەب)، بەهۆکاری ئەوە کوژراون کە لە شەڕدا بووینە لەدژی یەکێتی، ئەگینا لە هەمان هێرش و هەمان ڕۆژ، حسک-یش دەڵێن: (یەکێتی شەش پێشمەرگەی ئێمەی بەدیلی کوشتووە)، ئایە ئەو دیلانەی حسک بۆ کوژران، ئەوانیش عەرەب بوون، یان کاردانەوەیەکی لەخۆڕا و تاکەکەسی بووە نەک بە بڕیار و پلانی پێشوەختی سەرکردایەتی یەکێتی، یان لە تۆڵەی بەناڕەوا کوشتنی شەماڵ و هاوڕێکانی، هەشت کوژراوەکەی بالیسان و هەشتەکەی ڕەزگە و مارەدوو بووە؟ ئەی بۆ چل و شەش دیلی شیوعی و پێنجی دیکەی حسک نەکوژران، ئەمەش دەیسەلمێنێت کە کوشتنی دیل بە بڕیارو پلان نەبووە ئەگینا ئەو پەنجاو یەک دیلەش دەکوژران کە عەرەبیشیان تیابووە و ناوی هەمووشیانم کۆکردۆتەوە؟ کوشتنی هەر پێشمەرگەیەک لە بۆسەدا تاوانەکەی گەورەترە لە تاوانی کوشتنی دیل، چونکە ئەوانەی لە بۆسەدا دەکوژرێن فیشەکیان نەتەقاندووە و شەڕیان نەکردووە، بەڵام دیلێکی شەڕ، فیشەکی تەقاندووە، شەڕی کردووە، لەوانەیە یەکێک

یان چەندانی لە هێزی بەرانبەر کوشتبێ یان بریندار کردبێت، بۆیە کوشتنی پێشمەرگە لە بۆسە تاوانێکی گەورەترە لە کوشتنی دیل، کە دیلکوشتنش هەر تاوانە. لە پشتئاشان شەست و یەک شیوعی کوژران، نۆزدە کورد، چل عەرەب، یەک ئاشووری و یەک مەندائی، کە کورد ڕێژەی (31:14%)، عەرەب (66.66%)، ئاشووری (1.6%) و مەندائی (1.6%) پێک دەهێنن، ئەمەش بەهۆی ئەوە بووە کە عەرەبەکان زۆرتر لە فەسیڵی ژێر بەتانی بوون و بەفرتوفێڵ هەندێکیان هێنابوونەوە باشووری کوردستان و ئەوانیش نەدەچوونە سریە، بەتالیۆن و لقەکانی حزبی شیوعی عێراق تا بەشداری شەڕەکان بکەن، زۆربەیان لە پشتئاشان مابوونەوە کە زۆربەی بارەگاکانی پشتئاشان عەرەب بوون، بۆیە زۆرتر کوژراون، هەڵبەت کورد لە بارەگاکانی پشتئاشان کەمینە بوون، بۆیە کەمتریان لێ کوژراوە. عەرەبەکانی (فصیل تحت البطانیة)، لە پشتئاشان خۆیان دوورەپەرێز گرتبوو تا دەرفەتێکیان بۆ برەخسێت و بگەڕێنەوە ئەو وڵاتانە کە لێی هاتبوون، بەڵام بەر لە ڕەخساندنی دەرفەتێک بۆیان سەرانی حزبی شیوعی ژمارەیەکی زۆری بەئەنقەست بە مەبەستی کپکردنی دەنگە ناڕازییەکان بەکوشتدان.

لە شەڕی دووەمی قەندیل (8.13-1983.9.1)، یازدە شیوعی، چل و شەش پارتی و شەش حسک کوژران. لە یازدە شیوعی کوژراو، هەشت عەرەب (72:72%)، دوو کورد (18:19%) و یەک ئاشووری (9:9%) بوون. لەم شەڕەدا حزبی شیوعی خۆی هێزەکانی خۆی، شوێن و کاتی شەڕەکانی هەڵبژاردبوو، کەچی ڕێژەی کوژراوانی عەرەب نزیکەی شەش لە سەد لە شەڕی

پشتئاشان (قەندیلی یەکەم) زیاترە! ئەمەش بانگەشەی حزبی شیوعی عێراق، عەرەبە شیوعیە شۆڤینیستەکانی نێو حزبی شیوعی عێراق و کوردە شیوعیە داخ لە دڵەکانی دژ بە کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان و یەکێتی پووچەڵ دەکاتەوە بەوەی گوایە یەکێتی لە پشتئاشان و قەندیل پاکتاوی ڕەگەزی عەرەبی کردووە. ماوەی چل و دوو ساڵی ڕەبەقە (2025.5.1-1983.5.1)، ئەم قەوانە سواوە، درۆیە بێ بەڵگەیە و تۆمەتە ناڕەوایە سەتبارە و هەزاربارە دەکەنەوە. شیوعیەکانی پشتئاشان زۆربەیان عەرەب بوون، لە پەرچەکردارێک کە سەرکردایەتی حزبی شیوعی عێراق ئەوانی لەژێر گوشاری بڕینی یارمەتی حزبی، دەرکردن لە کۆلیژ، کار، ئیشوکاری حزبی و تەنانەت هەڕەشەی دەرکردنیان لە وڵاتانی بەناو سۆسیالیستی، بەکارهێنانی فڕتوفێڵ و هەڵخەڵەتان لەگەڵ هەڵگیرساندنی جەنگی ئێران – عێراق لە هەندەران ژمارەیەکی زۆر ئەندامی شیوعیان هێنابۆوە، ئەوانەی بە فڕتوفێڵ هێنرابوونەوە وا تێگەیەندرابوون کە هێزی پێشمەرگەی کوردستان و حزبی شیوعی عێراق لەگەڵ دەستپێکردنی جەنگی ئێران – عێراق، بە تەواوی لە شارە گەورەکان نزیک بوونەتەوەو زۆر ناوچەیان ڕزگارکردووە، گەر پەلە نەکەن لەگەڕانەوەیان لەوانەیە تا ئەوان دەگەن، پێشمەرگە و جەماوەر شارەکانی ڕزگار کردبێت و ڕژێم ڕوخابێت، کەچی کە ئەوان لە کۆتایی ساڵی (1980) و ساڵانی (1981–1982)دا گەڕانەوە، بینییان هیچ وانییە و درۆیان لەگەڵ کراوە بۆیە ئەوان وەک مانگرتن زۆربەیان نەچوونە هیچ سریە، بەتالیۆن و لقێک، بەڵکو لە بارەگاکانی سەرکردایەتی پشتئاشان وەکو فەسیلی ژێر بەتانی مانەوە، تەنانەت مەشقیان لەسەر بەکارهێنانی چەکیش

نەکرد. کەواتە ئەوانە تەنیا بۆ پاڵدانەوە لە پشتئاشان بوون نەک بۆ پێشمەرگایەتی، لەوێ کەس بە کەس نەبوو، حزبایەتی و دیسیپلین هیچی نەبوو، بۆ پشت ڕاستکردنەوەی قسەکانم پەنا دەبەمە بەر باقر ئیبراهیم، لە لاپەڕە (210)ی (مذکرات باقر ئیبراهیم)دا نووسیویەتی: (لە سەرەتای ساڵی 1983، لە بەرەبەیانی ڕۆژی سێی کانوونی دووەم دا کۆمەڵێک زیندانیی لە زیندانی بارەگای حزبی شیوعی هەڵاتن، کە کاریگەرییەکی مەعنەوی خراپی لەسەر پێشمەرگەکانمان جێهێشت. زیندانییە ڕاکردووەکان، لە ژووری زیندانیی کردنەکەیان کورتە نامەیەکیان بۆ هاوڕێ پاسەوانەکانمان بەجێ هێشتبوو کە تیایدا هاتبوو: هیوای خەوێکی ئارامتان بۆ دەخوازین). ئەوان لە تەمبەڵی خۆیان، تەنانەت پاسەوانیان بۆ زیندان دانەنابوو، وەرە کۆمەڵێک زیندانی ڕابکەن و چەند بارەگایەکی تەنیشت یەکتری هیچیان پاسەوانیان نەبووە، ئەگینا هەستیان بە شکاندنی زیندان و ڕاکردنی زیندانییەکان دەکرد، زیندانییەکانیش توانا و تەمبەڵی ئەوانیان ناسیبوو بۆیە بە گاڵتە پێکردنەوە نامەیەکیان بۆ جێدەهێڵن.

## حزبی شیوعیش دیل دەکوژێت

کوشتن لە بۆسەدا هەر بە دیلکوشتن دادەنێم، بۆیە ئەو دیلانەی یەکێتی کە لەلایەن حزبی شیوعی بەبێ تەقە گیراون و گوللە باران کراون، یان لە بۆسەی حزبی شیوعی عێراق کوژرابن، هەمووی بە دیلکوشتن بەدەستی حزبی شیوعی عێراق دەنووسم:

عەبدوڵڵا حوسێن قادر ڕەسوڵ ناسراو بە عەبدوڵڵا ماویلی (1953/ ماویلیان)، کۆن شیوعی، دواتر حسک و حسکیش تا ڕۆژی (1979.3.21)، بەشێک بوون لە یەکێتی، سێ کادرو پێشمەرگەی یەکێتی لە ڕۆژی (1978.10.23)، لە گرتک و ڕوست قۆڵبەست کرد و ڕادەستی بەعسی کردن، کە ئەمانەی خوارەوە بوون.

1. حوسێن عومەر مستەفا عومەر ناسراو بە حوسێن شیوەلۆکی (1952/ هەولێر/ چۆمان/ شیوەلۆک).

2. ڕەسوڵ عومەر قادر عەلی ناسراو بە وەستا ڕەسوڵی خەیات (1951/ هەولێر/ گەڵاڵە)، هەڵبەستوان، هونەرمەند و لێپرسراوی لیژنەی ناوچەی چۆمان.

3. ڕەقیب عوسمان حەمەدئەمین حەسەن باڵەک ناسراو بە ڕەوەز (1955/ هەولێر/ ڕووستێ). حکومەتی بەعس لە ڕێکەوتی (1979.2.21)، ئەو سێ پێشمەرگەیەی لە زیندانی موسڵ لە سێدارەی دان. بەشێک لە شیوعیەکان تەنانەت ڕادەستکردنەوەی سێ پێشمەرگەی یەکێتی لەلایەن عەبدوڵڵا ماویلی ڕەتدەکەنەوە و

بە بوختانی یەکێتی لەدژی حزبی شیوعی و پاساوی کوشتنی ماویلی لەلایەن یەکێتی ناوی دەهێنن.

عەبدوڵڵا ماویلی، دوای ڕادەست کردنەوەی ئەو سێ پێشمەرگەیەی ناوەکانم نووسیون، کرایە فەرماندەی مەفرەزە خاسەی بەعس چەندان پێشمەرگەی دیکەی لە پارتی، سۆسیالیست و تەنانەت شیوعیشی کوشت. لە هاوینی ساڵی (1981)دا ماویلی ڕووی کردە شاخ و چووە لای شیوعی، ئەوان نەک داڵدەیان دا، بەڵکو وەکو پاڵەوانێک لەلایەن شیوعی و خدر کاکیل پێشوازی لێکرا، کردیان بە بەنزینی ئاگر خۆشکردنی شەڕی نێوخۆ کە دەمێک بوو حزبی شیوعی بەدوایدا دەگەڕا، یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان داوای لە حزبی شیوعی کرد ماویلی پێشمەرگەی ئەوانی ڕادەستی بەعس کردۆتەوە و بەعسیش لەسێدارەی داون بۆیە دەیانەوێت ماویلی ڕادەستی یەکێتی بکەن، یەکێتی لەژێر گوشاری کەسوکار و هاوڕێیانی لە سێدارەدراوەکان، زۆر هەوڵی دا ماویلی لە حزبی شیوعی وەرگرێت، بەڵام هەوڵەکانی یەکێتی بێ بەرهەم بوو، یەکێتی بێئومێد بوو، نەشی دەویست شەڕی شیوعی بکات ئەگینا دەیتوانی بەئاسانی ماویلی بکوژێت و ئەوانەی لەنێو حزبی شیوعیش کە داکۆکی لە ماویلی دەکەن بە دەردی ماویلی ببات، وەلێ بۆ ئەوەی خوێن لەنێوان یەکێتی و شیوعی نەڕژێت داوای لە حزبی شیوعی کرد کە مادام نایانەوێت ماویلی ڕادەستی یەکێتی بکەن، با ماویلی تەنیا لە باڵەکایەتی دووربخەنەوە کە کەسوکار و هاوڕێیانی سێ لەسێدارە دراوەکەی لێیە و ئەوان گوشار دەخەنە سەر یەکێتی کە ماویلی وەرگرێتەوەو دادگایی بکات، بەڵام حزبی شیوعی عێراق، بە

لەخۆبایی بوون و لووتبەرزی خۆی ئەو جارەش داواکەی یەکێتی ڕەتکردەوە، چونکە پێیوابوو یەکێتی لە بێدەسەڵاتی و بێهێزی خۆیەتی لە بەرانبەر بەرەی جود بۆیە داوای دەکاتەوە ئەگینا پەلاماری ماویلی دەدات و دەیکوژێت. حزبی شیوعی عێراق بۆ نانەوەی ئاژاوە دوای ماوەی نزیکەی یەک مانگ عەبدوڵڵا ماویلی ناردەوە وەرتێ و ڕۆژانە لەگەڵ شیوعیەکان بە بەردەم چاوی کەسوکاری کوژراوەکاندا دەهات و دەچوو، مەفرەزەیەکی یەکێتی لە ڕۆژی (1981.9.4)، لە گوندی دەرگەڵە دەرفەت وەردەگرن و دەچنە سەر ماویلی کە تەنیا چەند جاشێک لەو جاشانەی لەگەڵ بوو کە خزموکەسی خۆی بوون و هەر لەگەڵ ئەویش ڕوویان کردبووە نێو حزبی شیوعی، دوای کورتە شەڕێک بەدیلیان دەگرن و هەمان ڕۆژ لە زارگەلی ماویلی گوللە باران دەکەن و ئەوانەی تریش ئازادکران.

دوای کوشتنی عەبدوڵڵا ماویلی، بە بڕیاری سەرکردایەتی حزبی شیوعی عێراق، عەلی کلاشینکۆف (عەلی محەمەد عەزیز سەعید/ 1942/ هەڵەبجە-1986.11.11/ دۆڵی کەڕەجاڵ)، فەرماندەی بەتالیۆنی (5)ی هەولێری حزبی شیوعی، ئەبوبەکر ئەحمەد سەعید ئەحمەد ناسراو بە بەکر جۆلا، خدر کاکیل یەحیا (1929/ ڕواندز/ کاولۆکان - 1983.5.2) و فەتاح تۆفیق فەتاح عەبدوڵڵا ناسراو بە مەلا حەسەن (1922-2008.2.29)دا و چەند فەرماندە و پێشمەرگەی حزبی شیوعی عێراق، کە بریندار و دەربازبووەکانی مزگەوتی گوندی گەرەوان ناوی بەرپرس و ژمارەی شیوعیەکانیان بۆ باسکردم کە ژمارەیان نزیکەی شەست چەکدار دەبوو، لە ڕۆژی

(1981.9.5)دا، وەسمان بەگی فەرماندەی کەرتی باڵەک، ئەحمەد نەبی حەمەد نەبی ناسراو بە حەمەلاو و دوو پێشمەرگەی دیکە بە فیێڵی دانیشتن، کۆبوونەوە و گفتوگۆکردن بەدەستی خۆیان و مەفرەزەکەی حشع لەناو مزگەوتی گەرەوان گوایە لە تۆڵەی کوژرانی عەبدوڵڵا ماویلی دەکوژن، دوو پێشمەرگە (عەزیز حەمەدئەمین ساڵح ناسراو بە عەزیز بەگ ماویلی و فکری جەمال ساڵح ماویلی) بریندار و دوانیش (عوسمان سەدرەدین عوسمان و قادر حوسێن شۆڕش) بەر لە تەقەکردن چەک دەکەن و دەستبەسەریان دەکەن، وەلێ دوای تەقەکردنی نێو مزگەوت شیوعیەکان ڕادەکەن، تەنیا دوو چەکی دەستبەسەرەکان دەبەن و ئەوانیش ئازاد دەبن. کوژراوەکانی دەستی عەلی کلاشینکۆف، مەلا حەسەن و شیوعیەکان ئەمانەن:

1. ئەحمەد نەبی حەمەد نەبی ناسراو بە حەمەلاو گەلاڵی (1955/ ڕەواندز)، کادری کۆمەڵە و لێپرسراوی ناوچەی ڕەواندزی یەکێتی لە هەرێمی باڵەک.

2. خدر محیەدین حارس ناسراو بە کارۆخ (1963/ هەولێر/ ڕەواندز/ سەران)، لە ساڵی (1976)دا بۆتە پێشمەرگە لەکاتێکدا کە هێشتاکە حزبی شیوعی عێراق لە بەرەی جاشێتی بووە لەگەڵ حزبی بەعسی فاشی.

3. لوقمان ئەحمەد بادین ئەمین ناسراو بە لوقمان ماویلی (1957/ ماویلیان/ ڕەواندز)، لە ساڵی (1976)دا بۆتە پێشمەرگە.

4. عوسمان حەمەد ئەحمەد ناسراو بە وەسمان بەگ (1935/ هەولێر/ ڕەواندز/ گەرەوانی خواروو)، لەساڵی (1976) بۆتە پێشمەرگە و فەرماندەی کەرت لە هەرێمی باڵەک. لە شیوعیەکان، تەنیا دکتۆر ڕەفیق سابیر، بەڕاستگۆیی و بە ویژدانەوە، لە لاپەڕە (308)ی (لە ستایشی ژیاندا ئەزموونی نووسەرێک)، ئاماژەی بە ڕاستی کوشتنی وەسمان بەگ و سێ هاوڕێکەی کردووە، کە بە بڕیاری سەرکردایەتی حزبی شیوعی عێراق و لە خافڵەتەوە پەلاماری عوسمان بەگ و هاوڕێکانی داوە کە ئەوان ئاگاداری کوشتنی عەبدوڵڵا ماویلی نەبووینە، هەروەها دکتۆر ڕەفیق سابیر لە پەڕاوێزی هەمان لاپەڕە نووسیویەتی: (سەرنج: چەند سەرکردەی حزبی شیوعی، لە یادەوەرییەکانیاندا بە جۆرێک باسی ئەو ڕووداوە دەکەن وەک ئەوەی عەلی کلاشینکۆف خۆی، نەک بە بڕیاری سەرکردایەتی و مەکتەبی عەسکەری ئەو کارەی کردبێت)، ئەمەش بۆمان دەسەلمێنێت کە مەکتەبی سیاسی و مەکتەبی سەربازی حزبی شیوعی عێراق داوایان لە عەلی کلاشینکۆف کردووە کە لە تۆڵەی کوژرانی کۆنە جاشێک کە پێشتریش سێ پێشمەرگەی یەکێتی ڕادەستی بەعس کردۆتەوە و لەسێدارە دراون، چواری دیکە بکوژن و چەندی دیکەش بریندار بکەن بۆ ئەوەی ئاگری شەڕی ناوخۆ خۆش بکەن لەدژی یەکێتی. کوشتنی چوار پێشمەرگە بە بیانوی گفتوگۆکردن و دانیشتن، چ جیاوازییەکی هەیە لەگەڵ دیلکوشتن گەر تاوانی کوشتنی لەناکاو لە تاوانی کوشتنی دیل گەورەتر نەبێت؟

5. لەتیف مارف لەتیف قادر ناسراو بە لەتیفی شێخ مارف (سلێمانی/ قەرەداغ/ گەڕەزیل)، پێشمەرگەی تیپی (57)ی سەگرمە، لە شەوی (1982.3.18/17)دا لە گوندی تافان لە سنووری قەرەداغ بەدەستی حشع کوژرا.

6. محەمەد حوسێن، پێشمەرگەی دەشتی شوان لە سنووری کەرکووک، لە ساڵی (1982) بەدەستی حزبی شیوعی عێراقی کوژرا؛ (چۆن حزبی شیوعی عێراقی شەڕی بەسەرماندا سەپاندەوە، ل24).

7. مەحمود عەبدولڕەحمان محەمەد ساڵح (1963.3.1/ کەرکووک/ شوان)، لە ساڵی (1982)، لە گوندی گۆپتەپە بەدەستی حشع کوژرا، دوای ڕاپەڕین کردیانە شەهیدی خۆیان و گوایە بەهەڵە کوژراوە.

هەشتەم و نۆیەم لەلایەن هێزێکی لقی کۆیەی حزبی شیوعی عێراق بە فەرماندەیی عەلی حاجی نادر، محەمەد حەمەدئەمین عەبدوڵڵا ناسراو بە حەمەی حەلاق و ئیبراهیم کوێخا ئەحمەد ساڵح ناسراو بە کاوە کەڵکەسماقی، لە شەوی (1982.2.20)دا لە گوندی قامیشە لە سنووری خەلەکان کوژراون، لەکاتی چوونە سەر ماڵی پێشمەرگەیەکی تیپی (93)ی کۆیە بەناوی ڕەفیق تۆفیق عومەر (1957/ دوکان)، بەڵام ئەم شەوە ڕەفیق لە ماڵی ئەو برایە فیرارەی (عەباس) نابێت کە بەهۆی فیراری هاتبووە گوندی ماڵی باوکی هاوسەرەکەی، شیوعیەکان لە پەنجەرەوە تەقە لە ماڵەکە دەکەن و دوو منداڵی برایەکی ئەو پێشمەرگەیە دەکوژن. کاتێک کە عەباس

باوکی دوو منداڵە کوژراوەکە بە ڕووی شیوعیەاندا دەتەقێتەوە بۆ تەقەیان لێکردن و بە ناڕەوا دوو منداڵیان کوشت بەتایبەت کە سێ لە تەقەکەرەکان ناسراون (حوسێن گەرمیانی، قادر کلێسەیی و کاوە کەڵکەسماقی)، کە دووانیان نانی ئێوارەیان لە ماڵی ئەو خواردووە و بەتانیان لێوەرگرتوون، بەتانی وەرگرتن بلیتی نانخواردنی بەیانیش بووە لە ماڵی خاوەن بەتانییەکان، شیوعیەکان بە بوختانێک وەڵامی دەدەنەوە کە گوایە لەنێو ماڵی ئەودا تەقەیان لێکراوە بۆیە ئەوانیش دەستڕێژیان لە ماڵەکەی ئەو کردووە. ئایە شیوعیە منداڵکوژەکان دەزانن منداڵ چەند بێتاوانە، کە تەنانەت نازانن چەک، فیشەک، تەقەکردن، ململانێی سیاسیی، ناکۆکی، ڕق، کوشتن و دیلکوشتن چییە؟ ئایە شیوعیەکان هەرچەندە بەناو شیوعی و لە ڕەفتار و کردەوەیاندا دڕندە و فاشی و هاوشێوەی بەعسی هاوپەیمانیان بووینە دەزانن کە تاوانی کوشتنی منداڵی ساوا هەزاران و ملیۆنان قات لە تاوانی دیلکوشتن گەورەترە؟ ئایە ئەو دوو منداڵە پەپوولەیە چ تاوانێکیان کردبوو بەرانبەر بە حزبی شیوعی عێراق؟ ئایە منداڵەکان چەکیان لەدژی ئەوان هەڵگرتبوو، یان دەیانزانی چەک چییە و زیانەکانی بەکارهێنانی چەک بەشێوەیەکی ناڕەوا چەند زیان بەخشە؟ ئایە ئەو دوو منداڵە تەقەیان لە شیوعیەکان کردبوو، وەکو شیوعیەکان ئەو بوختانەیان هۆنییەوە بۆ پاساوی بە ناڕەوا کوشتنی ئەو دوو فریشتەیە؟ ئەو دوو منداڵەی بەدەستی شیوعیە منداڵکوژەکانی لقی کۆیەی حزبی شیوعی عێراق کوژران ئەو دوو پەپولەیەی خوارەوە بوون:

8. ڕێزان عەباس تۆفیق عومەر (1981/ دوکان)، تەمەن کەمتر لە یەک ساڵ.

9. کارزان عەباس تۆفیق عومەر (1980/ دوکان)، تەمەنی کەمتر لە دوو ساڵ بوو. چوار شیوعی تەقەیان کردووە و ئەو دوو منداڵەیان کوشتووە، سیانیان ناسراون بە ناوەکانی (حوسێن گەرمیانی، قادر کلێسەیی و ئیبراهیم کوێخا ئەحمەد ساڵح ناسراو بە کاوە کەڵکەسماقی). حزبی شیوعی عێراق، بۆ ئاشتکردنەوەی دایک، باوک و بنەماڵەی ئەو دوو منداڵە کوژراوەی دەستی خۆیان، لە ساڵی (2008)دا مووچەی شەهیدانەیان بەناوی کارزان بۆ سەبریە قادر خدر و لە ساڵی (2010)شدا بەناوی ڕێزان بۆ عەباس تۆفیق عومەر–ی باوکی بڕییەوە، کە یەکێتی پێشتر بۆی نەکردبوون.

دەستەیەک لە پێشمەرگەکانی لقی کۆیەی حزبی شیوعی بە فەرماندەیی ئیبراهیم ئەحمەد کوێخا ساڵح ناسراو بە کاوە کەڵکەسماقی، دوای کوشتنی ڕێزان و کارزان لە گوندی قامیشە لە شەوی (1982.2.20)، دەچنە گوندی کەڵکەسماق لە سنووری دوکان و پەلاماری ماڵی حەسەن مەحمود حەسەن دەدەن تەنیا لەبەرئەوەی دوو کوڕیان پێشمەرگەی یەکێتی بوون بە ناوەکانی (بەنگین حەسەن مەحمود و کاکەمەم حەسەن مەحمود). بەنگین، فەرماندەی مەفرەزە بوو لە تیپی (47)ی پیرەمەگرون و کاکەمەم پێشمەرگەی هەمان تیپ بوو. بەنگین، ئەم شەوە لە ماڵ دەبێت چونکە ماوەیەک پێشتر لە شەڕێک لەدژی ڕژێم بریندار ببوو، بەڵام توانی خۆی لە دەست شیوعیەکان ڕزگار بکات. شیوعیەکان،

دەکەونە لێدانی مام حەسەن و دەبێت بە شەڕیان، لە ئەنجام دا نۆ گولله لە مام حەسەن دەدەن و برینداری دەکەن، پور یەمەنی دایکی ئەم دوو پێشمەرگەیە لوولەی چەکی یەکێک لە شیوعیە تەقەکەرەکان دەگرێت، ئەویش چەند گوللەیەک دەتەقێنێت کە بەر دەستی پور یەمەن دەکەوێت. کاکەمەم، دواتر دەبێتە فەرماندەی تیپی (29)ی کەڵکەسماق و پاشان لە ساڵی (1988)دا خۆی و عومەری کوڕی کە تەمەنی یازدە ساڵ بوو لە شەڕێکدا دەکوژرێن. حەسەن مەحمود حەسەن لە ڕۆژی (1988.5.2)دا لە گۆپتەپە بەر کیمیایی دەکەوێت و دەکوژرێت، پور یەمەن، هاوسەر و منداڵەکانی بەنگین، هاوسەر و منداڵەکانی کاکەمەم جگە لە عەلی کوڕی، هەموویان لە گۆپتەپە بەر شاڵاوی ئەنفال دەکەون و تیادەچن. بریندارکردنی دایک و باوکی پێشمەرگە ئازایەتی و کارێکی ناڕەوایە یان ترسنۆکی و دڕندەیی بکەرەکانی؟

10. ئازاد عەبدولسەمەد تۆفیق فەتاح ناسراو بە ئازاد قولی (1968/ شەقڵاوە/ نازەنین)، پێشمەرگەی مێردمنداڵی تیپی (86)ی دەشتی هەولێر و کەرتی (2)ی شەهید ئەحمەد قەمبەری، دوای گەڕانەوەی لەناو شاری هەولێر لە ڕۆژی (1983.8.1)، لە چالاکییەک لەگەڵ ئیبراهیم بیلال عەبدوڵڵا خدر ناسراو بە بلە ویزە و هێنانی ئۆتۆمۆبیلێکی حکومەت دەچنە گوندی شێخ شەروان و بەدیلی کەوتنە دەستی هێزێکی شیوعی و حسک، کە لەنێوان خۆیاندا ئەو دوو دیلەیان دابەش کرد، ئازاد قولی بەر شیوعی مرۆڤدۆست و و بلە ویزە بە قەولی شیوعیەکان بەر حسکی ڕاوڕووتکەر کەوت. دوای چەند ڕۆژێک، ئازاد قولی لەلایەن

حوسێن نەبی عەبدوڵڵا سلێمان ناسراو بە کارزان بەدەست خنکێنرا، کە کارزان پێشتر برایەکی بەناوی محەمەد ناسراو بە گەیلان لە ڕێکەوتی (1983.2.6)دا، لە شەڕی نێرەگین بەدەستی یەکێتی کوژرابوو. ئەم تاوانەی حزبی شیوعی، مەگەر لەلایەن جەللادانی بەعس یان فاشیستە تورکەکان پێشتر ئەنجام درابێت، ئەگینا وێنەی نەبووە لە مێژوودا. حزبی شیوعی، ئێستاشی لەگەڵدا بێت، بەعس ئاسا دوای (42) ساڵ تەنانەت تەرمی ئازاد قولی پێشمەرگەی تەمەن پازدە ساڵانەی نەدایەوە. دوای یەک دوو مانگ، حسکی بەناو ڕاوڕووتکەر بلە ویزەی لەگەڵ دیلێکی خۆیان کە لای یەکێتی بوو گۆڕییەوە. بلە ویزە، پاشان لە ڕۆژی (2003.10.7)، لە نزیک کارگەی قیڕی لەتیفاوە لەکاتی گەڕانەوەی بە ماتۆڕ بۆ گوندی قەتەوی بە ڕووداوی خۆپێکدادان بە ئۆتۆمۆبێل کۆچی دوایی کرد. هەروەها (کارزان)ی پێشمەرگەی حشع دوای ئەم تاوانە گەڕایەوە ناو ڕژێم و بوو بە فەرماندەی سریەی جاش لە فەوجی ژمارە (10)ی سەید قەهار حوسێن شەریف و دوای ڕاپەڕین ئۆتۆماتیکی بۆ ناو ڕیزەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان.

11. وەلی ئەکرەم محیەدین ئەحمەد ناسراو بە دکتۆر هۆشمەند (1955/ کەرکووک).

12. مەحمود محەمەد ئەکبەر ئەرکەوازی ناسراو بە شێرزاد (1955/ بانمیل/ خانەقین). یازدەو دوازدە، لە ڕۆژی (1983.9.8)، لەلایەن مەفرەزەیەکی شیوعیەکان کوژران، کە فەرماندەیان عەلی سلێمان محەمەد (1952/ سلێمانی/ دەربەندیخان/ چرچەقەڵا)یی

بوو، ناوبراو بە فڕتوفێڵ و بە بیانوی ئەوەی کە گوایە ژنێکی گوندەکە نەخۆشە و ژیانی لە مەترسی دایە لالە عەلی چرچەقەڵایی دەنێرن بە دوای دکتۆر هۆشمەند، کە لە شاخی زەردە بوو. دکتۆر هۆشمەند وەکو کارێکی مرۆڤانە و پزیشکی لەگەڵ سێ پێشمەرگەی دیکە (ئەحمەد ئەخرەس، عومەر محەمەد شەریف ناسراو بە عومەر حەمەدێزە (1950/ خانەقین) و مەحمود محەمەد ئەکبەر لە شاخی (زەردە)وە دەچنە چرچەقەڵا، کەچی عەلی سلێمان چرچەقەڵایی و مەفرەزەکەی لە بۆسەیەکدا تەقەیان لێ دەکەن و دکتۆر هۆشمەند و مەحمود محەمەد ئەکبەر دەکوژن و ئەحمەد ئەخرەس و عومەر محەمەد شەریف ناسراو بە عومەر حەمەدێزە بریندار دەکەن. عەلی سلێمان چرچەقەڵایی، دواتر لە مانگی نیسانی ساڵی (1988)، لە گەرمیان ئەنفال کرا. ئایە کوشتنی لەم جۆرە ئەگەر لەدیلکوشتن نامرۆڤانەتر و تاوانێکی گەورەتر نەبێت، دەبێت چ جۆرە تاوانێکی سەردەم بێت؟

13. ئەحمەد ئەمین حوسێن حەمەدئەمین قادر عەباس ناسراو بە ئەحمەد هیرانی (1954/ هەولێر/ هیران)، جێگری فەرماندەی کەرتی (2)ی تیپی (91)ی سەفین، بەدیلی لە بۆسەی (1984.6.24)دا شیوعییەکان لە زێبارۆک کوشتبوویان و کلاشینکۆفەکەی کەوتبووە دەست شاخەوان گەرمیانی لە حزبی شیوعی.

14. کامەران کاکۆ قەرەنی عومەر (1963/ هەولێر/ سێتاقان)، پێشمەرگەی کەرتی (1)، تیپی (91)ی سەفین، لە بۆسەی ڕۆژی (1984.6.24)ی شیوعییەکان لە زێبارۆک کە قاچی بریندار بوو،

بەدیل گیرابوو، کەچی شیوعییەکان بەدیلی چواردە گوللەیان لە سنگی دابوو، تەنانەت وێنەیەکی لینینی لە بەرۆکی دابوو، ئەویشیان بردبوو. کاتێک شیوعی بریندارى دیل دەکوژێت، دەبێ چاوەڕێی ئەوەش بکات دیلی خۆیشی دەکوژرێت.

15. سەلاح مستەفا قادر مستەفا ناسراو بە بێکەس (1963/ کۆیە/ مام قلینج)، فەرماندەی مەفرەزە لە کەرتی (5)ی گۆڕقەرەجی تیپی (86)ی دەشتی هەولێر، لە ڕۆژی (1984.7.1)، لە هەمزەبەگ و حاجی وسوو بە بریندارى کەوتە دەست حزبی شیوعی و ئەو بەناو مرۆڤدۆستانە بەدیلی کوشتیان.

16. بورهان محەمەد ڕەزا عەلی مەحمود ناسراو بە ئاکۆ (1963/ کەرکووک/ پردێ/ بیرەسپان)، پێشمەرگەی کەرتی (1)ی سالەیی تیپی (21)ی کەرکووک.

17. شەوکەت یاسین محەمەدئەمین ناسراو بە ڕێباز (1957.9.2/ قەرەبەگ/ پردێ/ کەرکووک)، پێشمەرگەی کەرتی (1)ی سالەیی تیپی (21)ی کەرکووک.

ژمارە شازدەو حەڤدە لەلایەن هێزێکی حزبی شیوعی لە ڕۆژی (1985.6.8)دا، لە دەرەوەی گوندی کانی گوند بەدیل گیران، لەسەر بڕیاری شیوعیە عەرەبەکان بەدیلی دەکوژرێن لە تۆڵەی کوژراوانی شەڕی پشتئاشان، لە کاتێکدا دیلی شەڕ نەبوون، یەک فیشەکیان بەرانبەر بە حزبی شیوعی نەتەقاندبوو، بەڵکو تا چەک نەکرابوون نەیانزانیبوو کە ئەوانە شیوعین.

18. ئاسۆ ڕەئوف ساڵح قادر (1963.7.1/ هەولێر/ کۆیە)، ڕابەر سیاسی کەرتی چواری تیپی (93)ی کۆیە.

19. سەرباز عەبدولڕەزاق حەکیم ناسراو بە ڕزگار (1960/ هەولێر/ کۆیە)، کارگێڕی ناوچەی سەفینی سەر بە لقی چواری شۆڕشگێڕان.

ژمارە هەژدە و نۆزدە، لە ڕۆژی (1985.6.10)، لە کانی گوند، لەلایەن مەفرەزەیەکی لقی کۆیەی حزبی شیوعی عێراق بەبێ تەقە بەدیل گیران، دواتر لە ئێوارەی ڕۆژی (1985.6.12)، دووبارە شیوعیە عەرەبەکان زۆر لە شیوعیە کوردەکان دەکەن کە بڕیاری گوللە باران کردنیان بدەن و گوللە باران دەکرێن، لە هەمانکات شیوعیە عەرەبەکان داکۆکیان لە سەرباز، کۆماندۆ و جەیشی شەعبی عەرەب دەکرد کە لە شەڕەکان دەگیران و هەرگیز قایل نەدەبوون گوللە باران بکرێن و بکوژرێن، کەچی ئاسۆ و سەرباز لەنێوان باواجی و کانیبی دوای ئەشکەنجەی دڕندانە، کە بەتایبەت ئەشکەنجەی زۆر نامرۆڤانە و دڕندانەی سەرباز درابوو، گوللەباران دەکرێن.

20. ئیبراهیم ئەنوەر حەسەن زێندین (1957/ هەولێر/ مەخمور)، فەرماندەی کەرتی (6) لە تیپی (87)ی قەرەچوغ.

21. ستار حەسەن عەبدوڵڵا حوسێن جاف (1966/ هەولێر/ قوشتەپە/ پۆڕیجە).

22. لوقمان عەبدولڕەحمان ئەحمەد ئیسماعیل خۆشناو (1966/ هەولێر/ شەمامک/ بێریات).

ژمارە بیست، بیست و یەک و بیست و دوو، پێشمەرگەی کەرتی (6)ی تیپی (86)ی دەشتی هەولێری یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بوون، کە لە ڕۆژی (1985.6.16)دا بەرەو گوندی 'سیاو'ی دەشتی شەمامک دەڕۆیشتن، هەرکە دەگەنە ناو گوند بێ پێشەکی و لە ناکاو لەلایەن کۆمەڵێک پێشمەرگەی حزبی شیوعی عێراق بە فەرماندەیی کانەبی عوسمان کانەبی خدر (1951-1988.6.8) و موحسین سادق قادر هێلەوەیی (1955-2023.10.21)، تەقەیان لێ دەکرێت و هەر سێکیان دەستبەجێ دەکوژن بێ ئەوەی یەک فیشەکیان بە شیوعیەکانەوە نابێت، یان پێشتر لە بۆسەیەکدا تەقەیان لە شیوعیەکان کردبێت. سەرکردایەتی و ئەندامانی حزبی شیوعی عێراق، هەرچ تاوانێکیان لە دژی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان کردبێت خۆیانی لێ لادەدەن و باسی ناکەن، کاتێکیش هەر کەسێک باسی تاوانەکانیان بکات کە ئەوان دەستپێشخەر بووینە و لەدژی یەکێتی کردبێتیان، هەڵدەچن و پەنا دەبەنە بەر قسەی بێمانا و هێرشی ناڕەوا. لەنێو نەتەوە و گەلانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست و وڵاتانی ئیسلامی کوشتنی دیل و بۆسە دانانەوە و سیناریۆ داڕشتن بۆ کوشتنی نەیارەکانیان بۆتە بەشێک لە کولتووری دانیشتوان، پارت و لایەنە ئیسلامی، نەتەوەیی و کۆمۆنیستەکانی ئەم ناوچە و وڵاتانە، ئەوە شتێک نییە تایبەت بێت بە لایەنێک و بەس، حزبی شیوعی عێراق لە ماوەی نێوان (1958.7.14–1963.2.8)دا بە دەیان و سەدان هاووڵاتی و

ئەندامی پارتەکانی دیکەیان بە ڕاکێشان بەدوای ئۆتۆمۆبێل (السحل) کوشتووە، هەر شیوعیەکان بوون بۆ یەکەم جار لە مێژووی عێراق، میلیشیای بەرگری میللی (المقاومة الشعبية)یان دامەزراند کە میلیشیایەکی زۆر دڕندە بوو بە سەدان تاوانیان لە بەغدا، موسڵ، کەرکووک و شارەکانی دیکە ئەنجام دا، بۆیە کەریم قاسم بە بڕیارێک ئەو میلیشیا شیوعیەی هەڵوەشاندەوە، حزبی بەعسیش دواتر چاوی لە شیوعیەکان کرد، سەرەتا حەرەس قەومی و پاشان جەیشی شەعبی دامەزراند، دیسان هەر ئەوان بوون. لەنێو دادگە قەرەقوشییەکەی مەهداوی ئەم دروشمانەیان دەگوتەوە: (ماكو مؤامرة أتصير والحبال موجودة/ إعدم إعدم، جيش وشعب يحميك من كل خائن، السحل مصير كل خائن/ هیچ پیلانگێڕییەک نابێت، پەت ئامادەیە/ هەڵواسە هەڵواسە، یان لەسێدارە بدە لەسێدارە بدە، سوپا و گەل لە هەموو ناپاکێک دەتپارێزێت/ ڕاکێشان بەدوای ئۆتۆمۆبێل چارەنووسی هەموو ناپاکێکە)، لە کاتێکدا کە مارکس گوتویەتی: (مرۆڤی بەنرخترین سەرمایەیە لە جیهاندا)، کەچی ئەوان هیچ نرخێکیان بۆ مرۆڤ دانەناوە. بەناو ڕۆشنبیر و زاناکانیان لە نەزان و نەخوێندەوارەکانیان سەد قات خراپتر بووینە، بۆ نموونە هەڵبەستوانی شیوعی عەبدولوەهاب ئەلبەیاتی قسەیەکی ناسراوی هەیە کە دەڵێت: (إنا سنصنع من جماجمهم منافض السجائر/ ئێمە لە کەللەسەری ئەواندا تەپڵەجگەرە دروست دەکەین)، هەروەها کۆمەڵناس عەلی وەردی خۆی لە شیوعیەکی بیسوتووە کە بە شانازییەوە گوتویەتی: (الشعب العراقي أمتاز على الشعوب الاخرى بإبتكاره لطريقة السحل/ گەلی عێراق بە داهێنانی ڕاکێشان بەدوای ئۆتۆمۆبێل لە گەلانی دیکە جیا دەکرێتەوە و نایابترە).

**ژمارە و بەڵگەکان دەدوێن:**

ماوەی (42) بۆ (43) ساڵە حزبی شیوعی عێراق ژەهر بەتایبەت لە دژی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و کورد بە گشتی دەڕێژێت، بەردەوامن لە درۆکردن، تۆمەت و بوختان هەڵبەستن. ئەوان هەر لەخۆیانەوەو بێ بەڵگە تۆمەت هەڵدەبەستن، ژمارە فڕێ دەدەن لە کوژراوەکانیان و دیلکوشتن بەدەستی هێزەکانی یەکێتی، وەکو ئەوەی خۆیان فریشتە بن و پێشمەرگەی یەکێتی بەدەستی ئەوان نەکوژرابێت و بەدیلی گوللەباران نەکرابن کە لە سەرەوەدا ئاماژەم بە چەندان تاوانی ئەوان داوە لە دیلکوشتنی پێشمەرگەی یەکێتی کە هیچ کامێکیش لە دیلەکان لە شەڕ بەدیل نەگیراون، بەڵکو هەموویان بەهەڵە چوونەتە نێو هێزەکانی حزبی شیوعی عێراق و تا دیلکراون هەر وایان زانیوە پێشمەرگە و هێزەکانی خۆیانن نەک حزبی شیوعی.

شەڕەکانی ناوخۆی ساڵی (1983)، کە بە شەڕی ناوەخۆ و براکوژی ناسراوە، شەڕێک بووە لەنێوان بەرەی جود (پدک، پاسۆک، حسک و شیوعی) و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان. شەڕەکە بە کوشتنی چوار پێشمەرگەی یەکێتی لە باداوان، پەلاماری بەرەی جود بۆ سەر مەڵبەندی چواری بالیسان و کوشتنی هەشت پێشمەرگە و داگیرکردنی مەڵبەندەکە و کوشتنی کادرێکی پێشکەوتوو و بریندارکردنی فەرماندەی تیپێک هەڵگیرسا، کە هەر سێ تاوانی حزبی شیوعی عێراق و هاوپەیمانەکانی لە بەرەی جود

لە دژی یەکێتی بەر لە شەڕی پشتئاشان بوون. کە حزبی شیوعی و هاوپەیمانەکانی لە بەرەی جود سێزدە پێشمەرگەی یەکێتی بکوژن، مەڵبەندێک داگیربکەن و بیانەوێت مەڵبەندی سێی وەرتێ و سەرکردایەتی یەکێتی لە ناوزەنگ بگرن، تاکە ڕێ لەبەردەم یەکێتی مایەوە کە لە ئێزگەی دەنگی گەلی کوردستان بە دروشمی: (تۆڵە بە سەبرە، ئەما بەزەبرە)، هەڵمەت بەرێتە سەر بنکەو بارەگاکانی سەرکردایەتی پاسۆک، حسک و شیوعی لە ئاشقوڵکان، پشتئاشان و قڕناقاو، ئەی خۆ چاوەڕێ ناکەن ئەوان پەلاماری مەڵبەند و بارەگای سەرکردایەتیان بدەن و زیاتریان لێ بکوژن و لەناویان بەرن، یان بە قسەی خۆیان یەکێتی سەرلێشێواو بە دەردی بالیسان ببەن؟ هەرچەندە دوای کوژرانی شێخ شەماڵ و هاوڕێکانی لە ناوەڕاستی نیسانی ساڵی (1983)دا یەکێتی بۆ خۆلادان لە شەڕی کورد بە کورد بەکوشتدان دەیان جار و ڕۆژانە دروشمی (شەڕمان شەڕە و، ئاشتیشمان ئاشتی)، لە ئێزگەی دەنگی گەلی کوردستان بڵاودەکردەوە بۆ ئەوەی بەرەی جود واز لە شەڕ و گێچەڵکردن بە یەکێتی بێنن، وەلێ ئەوان وایان دەزانی یەکێتی لە لاوازی و لە ترسی بەرەی جود ئەو دروشمە ئەوەندە دووبارە دەکاتە، کە جود وازی لە شەڕفرۆشتن نەهێنا، یەکێتی بە کردار سەلماندی کە شەڕیان شەڕە و تۆڵەشیان بە سەربرە ئەمما بە زەبرە!

حکومەت و حزبی بەعسی عەرەبی لە ساڵانی (1968-1978)، (265) ئەندامی حزبی شیوعی عێراقی تیرۆرکرد، کە (174)یان بەر لەوەی شیوعی بچێتە بەرە، (91) ئەندامیشی دوای بەرە کوژران، (39) ئەندامیشی لە مایسی ساڵی (1978)دا لێ لەسێدارە دان، کە

تێکڕای کوژراوانی حزبی شیوعی عێراق بەدەستی حزبی بەعس لەکاتی بەرەی بەناو پێشکەوتنخواز دەکاتە (91+39=130) سەد و سی ئەندام، هەروەها حزبی شیوعی عێراق (تەنیا کوردەکان)، لەنێوان سالآنی (1973-1975)، چەکی بۆ ڕژێمی بەعس لەدژی کورد و شۆڕشەکەی هەڵگرت، (120) جاشی لەدژی کورد و بۆ خزمەتی بەعس کوژران، کە دەکاتە (265+39+120=424) چوار سەدو بیست و چوار شیوعی بەدەستی بەعس و بۆ بەرژەوەندی حکومەتی بەعس کوژراون، لەکاتێکدا لەگەڵ بەعس نەک لە شەڕدا نەبووینە بەڵکو هاوپەیمان و هاوسەنگەریش بووینە لەدژی کورد، واتە ڕژێمی بەعس لە پەنای ئاشتی و هاوپەیمانێتیدا هەشت بەقەد یەکێتی لێکوشتوون، ئەوە بێجگە لەوەی کە پێشتریش نزیکەی (350) ئەندامی حزبی شیوعی عێراق لە کۆدەتای هەشتی شوباتی ساڵی (1963)دا لەلایەن ڕژێمی بەعس کوژرابوو، کە تێکڕا دەکاتە (350+424=772)، کەچی لە شەڕەکانی نێوان یەکێتی لەلایەک و حزبی شیوعی و هاوپەیمانەکانی لە بەرەی جود هەموویان چەکدار بووینە و ئەوان شەڕیان بەسەر یەکێتی سەپاندبوو، حزبی شیوعی عێراق لە ماوەی نۆ ساڵی بەرەی سازشکارانەی خۆی لەگەڵ بەعسی هاوپەیمانیدا، بەعس (130) شیوعی کوشت، لە بەرانبەردا حزبی شیوعی عێراق نەک بەعسییەکی نەکوشت و تۆڵەی هیچیانی نەکردووە، بەڵکو بوێری ئەوەی تێدا نەبوو یەک شەق لە بەعسییەک، ئەمنێک، ئیستخباراتێک بدات کە ئەوان ڕۆژانە تۆپ تۆپێنیان بە شیوعی دەکرد. یەکێتی لەو شەڕە سەپێنراوەدا (72) شیوعی کوشت و لە بەرانبەردا (60) یەکێتی بەدەستی شیوعی،

پدک، پاسۆک و حسک کوژران، وەلێ حزبی شیوعی عێراق سەد بەقەد بەعس زیاتر پەلاماری یەکێتی دەدەن و شیوعیە عەرەبەکان تەنانەت پەلاماری گەلی کوردیش دەدەن! باشە خۆ حزبی شیوعی هاوپەیمانی بەعس بوون، شەڕیان لەدژی کورد بۆ بەعس دەکرد، چەکیان لەدژی بەعس بەکارنەهێنا و تاکە یەک ئەندامی حزبی بەعس بەدەستی ئەوان نەکوژرابوو، حزبی شیوعی شەڕی لە دژی حکومەت و حزبی بەعسی عەرەبی ڕانەگەیاندبوو، بە پێچەوانەوە کوردی بۆ بەعس دەکوشت، لە بەرانبەردا حزبی شیوعی عێراق بە هاوکاری بەرەی جود شەڕی بەسەر یەکێتی سەپاندبوو، لە یەکێتی کوشتبوو، مەڵبەندی لێ داگیرکردبوو، شەڕی لە دژ ڕاگەیاندبوو، ئەی گەر ئەوە ڕقێکی عەرەبی شۆڤینی نێو کۆمیتەی ناوەندی و مەکتەبی سیاسیی حزبی شیوعی عێراق و ساویلکەیی ئەندامە کوردەکانی نێو ئەو حزبە نەبێت، دەبێ چی بێت؟

حزبی شیوعی عێراق، لە کاتێکدا کە خۆی هەڵگیرسێنەری شەڕی نێوخۆی بەهاری ساڵی (1983) بووە، کەچی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانی بە ئاژاوەگێڕ، شەڕفرۆش و هێرشبەر ناساند، هەروەها حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران، کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران و حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالیست (هاوپەیمانی نۆ ساڵەی خۆی) بەوە تۆمەتبار کرد کە گوایە شانبەشانی یەکێتی لەدژی هێزەکانیان و بەرەی جود شەڕیان کردووە. سەرەڕای هەموو ئەمانەی سەرەوەش، ئەوان تەنانەت ئەمریکا، ئیمپریالیزم و وڵاتانی سۆسیال دیموکرات-یشیان بە یارمەتیدەر، هاوکار و پشتیوانی یەکێتی تۆمەتبار کرد و لە

شەڕەکانیان تێوەگلاندبوون! ئێستاش دەمی هەر شیوعیەک بکەیتەوە یەکێک لە هاوپەیمانە گرنگەکانی ئەوکاتی خۆیان لە بەرەی جود کە پارتی دیموکراتی کوردستان-ە بە نۆکەر و بەکرێگیراوی ئەمریکا، ئیسرائیل، زایۆنیزم و ئیمپریالیزم ناودەبەن، بەڵام کاتی هاوپەیمانێتی (بەرەی جود) چاویان لە هەموو خەوش و ناتەواوییەکی پارتی دەپۆشی.

سەرانی حشع دووربین نەبوون و نەیاندەتوانی لە مەودای بەرچاوی خۆیان زیاتر ببینین، بۆیە شەڕێک کە خۆیان هەڵیانگیرساندبێت بۆ دەبێت ئیمپریالیزم، ئەمەریکا، ئیسرائیل و تەنانەت وڵاتانی سۆسیال دیموکرات تۆمەتبار بکەن؟ کورتبینی حشع و بەرەی جود گەیشتبووە ئەو ڕادەیە کە حزب و حکومەتە سۆسیال دیموکراتەکانی ئەوروپا تۆمەتبار بکەن بەوەی کە دەستیان هەبووە لە نانەوەی ئاژاوە، دووبەرەکی و هەڵگیرساندنی شەڕی نێوان بەرەی جود (حشع، پدک، حسک و پاسۆک) لە دژی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان! قەی ناکات گەر بڵێین ڕژێم و حکومەتی فاشی و دیکتاتۆری بەغدا، ڕژێمی ڕەگەزپەرستی سوریا، ڕژێمی بۆگەنی جمهوری ئیسلامی ئێران و تورکیای کەمالی دژ بە کوردو کوردستان، کە نزیکن و بەرژەوەندی خۆیان لە شەڕی ناوخۆی هێزەکانی باشووری کوردستان دەبیننەوە، دەستیان هەبووە، بەڵام سۆسیال دیموکرات بۆ؟ حزبی شیوعی عێراق، بە بەردەوامی هەوڵی داوە لادانی خۆی لە ڕێبازی مارکسیزم - کۆمۆنیزم، ناپاکی لە کرێکاران، لادان لە ئینتەرناسیۆنالیزم و چوونە ژێر چەتری نەتەوەپەرستی عروبە و عێراقچی، نانەوەی شەڕ و

ئاژاوەکانی خۆیی و شکستەکانی بەرەی هەشت نۆ ساڵەی خۆیی و ڕژێمی بەعس (1970-1979) بخاتە ئەستۆی پارتی دیموکراتی کوردستان، حزبی بەعسی عەرەبی فاشی و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان.

ئەوەی یەکێتی لە شەڕی پشتئاشان کردی، وەڵام بوو، تۆڵەی هێرش و تاوانەکانی حزبی شیوعی عێراق و بەرەی جود بوو کە پێشتر لە ئەیلول - نۆڤێمبەری ساڵی (1981)، ڕۆژانی (1983.4.15)، (1983.4.27) و (1983.4.30)دا لەدژی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان کردبووی. حزبی شیوعی عێراق بەهۆی لووتبەرزییەوە، کوشتنی سێزدە پێشمەرگە و بریندارکردنی پازدەی دیکەی یەکێتی بە تاوانیان نازانێت، واتە ئەوەی خۆی بیکات بە ڕەوا و مافی خۆی دەزانێت. سەرەڕای ئەوەی حزبی شیوعی خۆیان لە هەموو ئەو تاوانانەی دژ بە یەکێتی دەستپێشخەر بووینە، هەڵبەت هەموو بۆسە دانانەوە، دیلکوشتن، هێرش و پەلامارێک تاوانە، بەڵام حزبی شیوعی عێراق هەموو ئەوانە بۆ خۆی بە ڕەوا دەزانێت نەک تاوان. کورد گوتەنی: (ئەگەر کردەی بەرانبەرەکەت بە تاوان بزانێت، دەبێت کردەی هاوشێوەی خۆشت بە تاوان بزانێت). کۆمەڵگەی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست بە گشتی، عێراق و کوردستانی بەتایبەت، بە ڕاسترە و چەپڕەو (نەتەوە، ئایین، ئایینزا، پارت و بزووتنەوەکان)، هەموویان باوەڕیان بە تۆڵە هەیە، ئەی حزبی شیوعی عێراق لە مانگی ئابی و ئەیلولی ساڵی (1983)دا ئەوەی کە ناوی لێنرا شەڕی پشتئاشانی دووەم بە هاوکاری ئێران و بەرەی جود هەوڵی تۆڵەسەندنەوەی پشتئاشانی یەکەم نەبوو لە دژی یەکێتی؟ بۆیە

یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە ڕۆژی (1)ی ئایاری ساڵی (1983)دا تۆڵەی (گەرەوان، وەرتێ، باداوان، بالیسان و ڕەزگە، ڕمکان و مارەدوو)ی لە حزبی شیوعی عێراق کردەوە.

## سەرچاوەکان:

1. الدكتور عصام عزيز شريف، مذكرات عزيز شريف، شباط 2010.

2. ڕەفیق سابیر، لە ستایشی ژیاندا ئەزموونی نووسەرێک، چاپخانەی چوار چرا، چاپی یەکەم، 2023.

3. فاتیح ڕەسوڵ، چەند لاپەڕەیەک لە مێژووی خەباتی گەلی کورد ڕووداوو بەڵگەنامە 1982-1990، بەرگی سێیەم، سوید، 1994.

4. ثابت حبيب العاني، صفحات من سيرة الذاتية 1922-1998، 1990.

5. بهاءالدين نوري، مذكرات بهاءالدين نوري، الطبعة الاولى، دار الحكمة - لندن، آب 2001.

6. دكتور محمد عبدالمحسن معارج الحجاج (محمد الحجاج)، تجربتي، بدون سنة ومكات الطبع.

7. قادر ڕەشید ناسک، پشتئاشان لەنێوان ئازار و بێدەنگییدا، چاپی دووەم، وەکو پەرتووکێکی ئەلکترۆنی لە ماڵپەڕی دەنگەکان بڵاوکراوەتەوە.

8. جەلال تاڵەبانی، شۆڕشی نوێ لەپراکتیکدا لەسۆنگەی دیدارێک و کۆبوونەوەی کادیرانی خەتێ - 1983، بۆردی هۆشیاری مەکتەبی ڕاگەیاندن و هۆشیاری یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، چاپخانەی حەمدی، چاپی یەکەم 2024.

9. نەوشیروان مستەفا، پەنجەکان یەکتری ئەشکێنن دیوی ناوەوەی ڕووداوەکانی کوردستانی عیراق 1979-1983، چاپ و بڵاوکردنەوەی ئەڵمانی، 1997.

10. سەید کاکە، بیرەوەری پێشمەرگەیەک، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین، چاپی دووەم، هەولێر، کوردستان، 2000.

لە بڵاوکراوەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، چۆن حزبی شیوعی عێراقی شەڕی بەسەرماندا سەپاندەوە، 1983.

11. إعداد وتقديم نوزاد علي أحمد، صحف الإتحاد الوطني الكوردستاني في أوروپا وبأللغة العربية - صوت الإتحاد، الإتحاد، كفاح الأنصار - 1976-1983، بنكەی ژین، مطبعة شڤان، السليمانية، 2009.

12. د. طارق يوسف إسماعيل، صعود الحزب الشيوعي العراقي وإنحداره، ترجمة عمار كريم محمد، دار سطور للنشر والتوزيع، الطبعة الاولى، 2020.

13. سمير عبدالكريم، أضواء على الحركة الشيوعية في العراق (18 تشرين الثاني 1963 – 30/17 تموز 1968)، الجزء الرابع، دار المرصاد، بيروت، دون سنة الطبع.

14. توما صادق توماس، أوراق توما توماس، إعداد موقع الناس الألكتروني، مطبعة آزادي، .2017

15. ئیبراهیم جەلال، چەپکێک لە مێژووی کۆمەڵە، چاپخانەی چوارچرا، چاپی دووەم، سلێمانی، 2012.

16. شوكت خزندار، سفر ومحطات الحزب الشيوعي العراقي رؤية من الداخل، دار الكنوز الأدبية، الطبعة الاولى، بيروت – لبنان، 2005.

17. دكتور محمد عبدالمحسن معارج الحجاج (محمد الحجاج)، تجربتي، بدون سنة ومكان الطبع.

18. سلام عبدالرزاق الحيدر، أوراق أنصارية من ذكريات النضال المسلح في كوردستان العراق، إعداد فائز عبدالرزاق الحيدر، كندا 2022.

19. عزيز سباهي، عقود من تأريخ الحزب الشيوعي العراقي، الجزء الثالث، دار الرواد، بغداد، 2006.

20. الصوت الشيوعي، كراس المنحرفون من الحرس القومي، منشورات الدليل الدولي للجمهورية العراقية، مكتبة الشيوعين العرب.

21. مالك سيف، للتأريخ لسان ذكريات وقضايا خاصة بالحزب الشيوعي العراقي منذ تأسيسه حتى اليوم، دار الحرية للطباعة، بغداد، .1983

22. مەكتەبی سیاسیی یەكێتیی نیشتمانیی كوردستان، گفتوگۆی شۆڕش لەگەڵ میری، چاپخانەی شەهید جەعفەر، كانوونی دووەمی 1985.

23. باقر إبراهيم، مذكرات باقر إبراهيم، دار الطليعة للطباعة والنشر، بيروت، لبنان.

٢

## رقم ٥٣٢

استنادا الى احكام الفقرة ( آ ) من المادة الثانية والاربعين من الدستور المؤقت .

قرر مجلس قيادة الثورة بجلسته المنعقدة بتاريخ ٢١–٥–١٩٧٥ مايلي : –

١ – اعادة تعيين الدكتور احسان فؤاد في جامعة بغداد ، بنفس راتبه الحالي .

٢ – ينتدب الى وزارة الاعلام بوظيفة ( مدير عام الثقافة الكردية ) مع احتفاظه بمرتبته العلمية . وتعتبر مدة قيامه بهذه الوظيفة بمثابة خدمة جامعية فعلية مع مراعاة الشروط الخاصة بالترقية العلمية المنصوص عليها في المادة التاسعة والعشرين من قانون التعليم العالي والبحث العلمي رقم (١٣٢) لسنة ١٩٧٠ المعدل .

٣ – يتولى الوزراء المختصون تنفيذ هذا القرار .

احمد حسن البكر
رئيس مجلس قيادة الثورة

## رقم ٥٣٣

استنادا الى احكام الفقرة ( آ ) من المادة الثانية والاربعين من الدستور المؤقت .

قرر مجلس قيادة الثورة بجلسته المنعقدة بتاريخ ٢١–٥–١٩٧٥ مايلي : –

١ – اضافة مدة قدرها ( سنة واحدة ) ، الى خدمات علي حسين خضير ، ( المعلم في تربية محافظة بغداد – الرصافة – سابقا ) لغرض نيله الراتب التقاعدي .

٢ – يتولى وزير المالية تنفيذ هذا القرار .

احمد حسن البكر
رئيس مجلس قيادة الثورة

## رقم ٥٣٤

استنادا الى احكام الفقرة ( آ ) من المادة الثانية والاربعين من الدستور المؤقت .

قرر مجلس قيادة الثورة بجلسته المنعقدة بتاريخ ٢١–٥–١٩٧٥ مايلي : –

١ – تعيين مسلم علي الطائي ، المعاون القضائي في محكمة بداءة تلعفر ، بوظيفة مدير ناحية في وزارة الداخلية .

٢ – يتولى وزيرا الداخلية والعدل تنفيذ هذا القرار .

احمد حسن البكر
رئيس مجلس قيادة الثورة

## رقم ٥٣٥

استنادا الى احكام الفقرة ( آ ) من المادة الثانية والاربعين من الدستور المؤقت .

قرر مجلس قيادة الثورة بجلسته المنعقدة بتاريخ ٢١–٥–١٩٧٥ مايلي : –

١ – يصرف لعوائل الاشخاص المدرجة اسماؤهم في ادناه ( الذين استشهدوا في المصادمات مع الزمرة المتمردة في شمال الوطن ) راتب تقاعدي يعادل ما يصرف لعيال الجندي المتطوع الشهيد ، وذلك اعتبارا من تاريخ استشهادهم .

٢ – يتولى وزير المالية تنفيذ هذا القرار .

احمد حسن البكر
رئيس مجلس قيادة الثورة

### قائمة باسماء الشهداء

| التسلسل | الاسم | المنطقة | تاريخ الاستشهاد |
|---|---|---|---|
| ١ – | حمه سعيد بيروس | باني خيلاني/دربندخان | ١٤–٤–١٩٧٤ |
| ٢ – | عبدالقادر علي احمد | كذا | ١٦–٤–١٩٧٤ |
| ٣ – | كريم سعيد احمد | كذا | ٢٠–٤–١٩٧٤ |
| ٤ – | احمد عبدالله سليم | ميدان/خانقين/ديالى | ١٥–٤–١٩٧٤ |
| ٥ – | محمد احمد سليم | كولان / دربندخان | ١٥–٤–١٩٧٤ |
| ٦ – | محمد عبدالله غلام | باني/خيلاني/دربندخان | ٢٢–٤–١٩٧٤ |
| ٧ – | حمه طالب يعقوب | حلبجة / سليمانية | ١٩–٤–١٩٧٤ |
| ٨ – | احمد شيخ فرج مارف | قره داغ / سليمانية | ١٤–٤–١٩٧٤ |
| ٩ – | صابر عزيز علي | دربندخان / سليمانية | ٩–١١–١٩٧٣ |

الوقائع العراقية عدد ٢٤٧٤ — ٢/٦/١٩٧٥

| التسلسل | الاسم | المنطقة | تاريخ الاستشهاد |
|---|---|---|---|
| ١٠- | سلام احمد شيخ سعيد | كلار / كركوك | ١٩٧٣-١١-٩ |
| ١١- | حسين كريم محمود | قره داغ / سليمانية | ١٩٧٣-١١-٩ |
| ١٢- | عبدالله محمد مارف | دربندخان / سليمانية | ١٩٧٣-١٢-٢٦ |
| ١٣- | محمد اسماعيل حبيب | حلبجة / سليمانية | ١٩٧٤-٤-٢٤ |
| ١٤- | عبدالرحمن الحاج كاكه ولا | دربندخان / سليمانية | ١٩٧٤-٥-٢٣ |
| ١٥- | حمه كريم حمه رشيد | دربندخان / سليمانية | ١٩٧٤-٦-١٤ |
| ١٦- | توفيق محمود فرج | دربندخان / سليمانية | ١٩٧٤-٦-١٣ |
| ١٧- | علي احمد يوسف | دربندخان / سليمانية | ١٩٧٤-٦-١٣ |
| ١٨- | امنه حمه خان | دربندخان / سليمانية | ١٩٧٤-٤-١٤ |
| ١٩- | محمد موجهر بارام | حلبجة / سليمانية | ١٩٧٤-٧-٢ |
| ٢٠- | محمد سعيد حمه صالح | حلبجة / سليمانية | ١٩٧٤-٧-٢ |
| ٢١- | عبدالله حمه فرج | دربندخان/باني خيلان/سليمانية | ١٩٧٤-٧-٢ |
| ٢٢- | محمد نقي عبدالقادر | كذا | ١٩٧٤-٧-٢ |
| ٢٣- | محمود حمه شريف | كذا | ١٩٧٤-٧-٢ |
| ٢٤- | اسعد حسن علي | كذا | ١٩٧٤-٧-٧-٦ |
| ٢٥- | نجم عبدالواحد | السليمانية | ١٩٧٤-٧-٧ |
| ٢٦- | نامق احمد فتح‌الله | قره داغ / السليمانية | ١٩٧٤-٧-٧ |
| ٢٧- | احمد حمه صالح | كذا | ١٩٧٤-٧-٧ |
| ٢٨- | حميد رشيد | كذا | ١٩٧٤-٧-٧ |
| ٢٩- | امام شيخ قادر | دربندخان / السليمانية | ١٩٧٤-٧-٧ |
| ٣٠- | حسين عبدالرحمن روستم | كذا | ١٩٧٤-٧-١٣ |
| ٣١- | درويش محمود احمد | كذا | ١٩٧٤-١٢-١٤ |
| ٣٢- | بكر حسن خوشناو | مخمور / اربيل | ١٩٧٣-١١-١٢ |
| ٣٣- | صالح احمد درويش | كذا | ٩٧٣-١١-١٢-١١ |
| ٣٤- | فارس بني نائرالدين | كذا | ٩٧٣-١١-١٢-١١ |
| ٣٥- | علي محمد عمر | كذا | ٩٧٣-١١-١٢-١١ |
| ٣٦- | محمد امين سعيد عمر | كذا | ١٩٧٤-١-٢٥ |
| ٣٧- | ياسين حاجي طاهر | كذا | ١٩٧٣-١١-١٢ |
| ٣٨- | بكر حاجي حيدر | خوشين / اربيل | ١٩٧٤-٤-١٥ |
| ٣٩- | عمر محمود | حرير / شقلاوة / اربيل | ١٩٧٣-١١-١٢ |
| ٤٠- | خليل احمد ميرزا | كذا | ١٩٧٤-٦-١٠ |
| ٤١- | بيا مليوه يوسف | شقلاوة / اربيل | ١٩٧٣-١١-١٢ |
| ٤٢- | مجيد فتاح جوله ساعاتي | الطوز / كركوك | ١٩٧٣-١١-١٢ |
| ٤٣- | عمر غزنفر حسين | كذا | ١٩٧٣-١١-١٢ |
| ٤٤- | ستار كريم اسكندر | كذا | ١٩٧٣-١١-١١ |
| ٤٥- | عمر امين سليم | كذا | ١٩٧٣-١١-١٢ |
| ٤٦- | محمد امين وهاب | كذا | ١٩٧٣-١١-١١ |
| ٤٧- | بكر هيدات نريمان | كذا | ١٩٧٣-١١-١١ |
| ٤٨- | مصطفى نافع رحيم | كذا | ١٩٧٣-١١-١١ |
| ٤٩- | منصور فرج نادر | كذا | ١٩٧٣-١١-١١ |
| ٥٠- | كريم حسن | كفري / كركوك | ١٩٧٤-٧-٦ |
| ٥١- | عبدالكريم امين نادر | الطوز / كركوك | ١٩٧٣-١١-١١ |
| ٥٢- | كمال شكر سعيد | كذا | ١٩٧٤-٦-٧ |
| ٥٣- | خورشيد رشيد صالح | كذا | ١٩٧٣-١١-١١ |
| ٥٤- | كريم محمد أمين وهاب | كفري / كركوك | ١٩٧٣-١١-١٢ |
| ٥٥- | حميد مراد بيلان | الطوز / كركوك | ١٩٧٣-١١-١٢ |
| ٥٦- | وهاب محمد محمود | كذا | ١٩٧٣-١١-١١ |

| التسلسل | الاســـم | المنطقـــة | تاريخ الاستشهاد |
|---|---|---|---|
| ٥٧ــ | ولــي حميــد محمــد | الطــوز / كركــوك | ٧ــ٦ــ١٩٧٤ |
| ٥٨ــ | عبــاس امــين | كفـري / كركــوك | ٢٧ــ٣ــ١٩٧٤ |
| ٥٩ــ | احمــد فتــاح | كـــذا | ٢٧ــ٣ــ١٩٧٤ |
| ٦٠ــ | احمــد رحيـم باوسانـه | الطـوز / كركــوك | ٢٧ــ٣ــ١٩٧٤ |
| ٦١ــ | نعمــو دينــو | تلكيـف / نينـوى | ٢٧ــ٦ــ١٩٧٤ |
| ٦٢ــ | ايليــا جرجيــي | كـــذا | ٢٧ــ٦ــ١٩٧٤ |
| ٦٣ــ | علــي سيســو | كـــذا | ٢٧ــ٦ــ١٩٧٤ |

## رقـــم ٥٣٦

استنادا الى احكام الفقرة ( أ ) من المــادة الثانيــة والاربعـين من الدستور الموقت .

قــرر مجلـس قيــادة الثــورة بجلسته المنعقــدة بتاريــخ ٢١ــ٥ــ١٩٧٥ مايلــــي : ــ

١ ــ تعيين الدكتور عبدالرزاق قاسم الهاشمي ، رئيس شركة المعادن الوطنية العراقية ( الملغاة ) ، بوظيفــة رئيس المؤسسة العامــة للمعادن ، وبنفس راتبــه الحالـــــي .

٢ ــ تعيين احمــد دنهــاش ، نائب رئيس شركة المعادن الوطنية العراقيــة ( الملغاة ) ، بوظيفــة نائب رئيس المؤسســة العامة للمعادن ، وبنفس راتبه الحالي .

٣ ــ تحتسب المدة التي قضاها المذكوران في ( ١ ، ٢ ) اشـلاه بوظائفهما الحالية لاغراض العلاوة والترفيع القادمـــين .

٤ ــ يتولى وزيــر الصناعـــة والمعــادن تنفيــذ هــذا القــــرار .

احمــد حســن البكــر
رئيس مجلس قيادة الثورة

## رقـــم ٥٣٧

استنادا الى احكام الفقرة ( أ ) من المــادة الثانيــة والاربعـين من الدستور الموقت .

قــرر مجلـس قيــادة الثــورة بجلسته المنعقــدة بتاريــخ ٢٤ــ٥ــ١٩٧٥ مايلــــي : ــ

١ ــ يتم تعيين خريجي الكليات والمعاهد العاليــة الذين سبق لهـم ان تقدموا باستماراتهم لاغراض التعيين بموجب قرار مجلس قيــادة الثــورة المرقم (١٠٣) في ٧ــ٢ــ١٩٧٤ ، والتحقوا بالزمــرة المتمردة قبل صدور أوامر تعيينهم ، ثم عادوا الى الصف الوطني استجابة لقانــون العفو العام عن الاكراد العسكريين والمدنيين رقــم (٥٢) لسنة ١٩٧٥ . بشرط ان تتم مراجعتهم الى الجهــاز المركــزي للاحصــاء في مدة اقصاهــا ٢٠ــ٦ــ١٩٧٥ .

٢ ــ تهيــأ الدرجات اللازمة لتعيين الخريجين المذكورين في ميزانية السـنة المالية المبتدأة في ١ــ٤ــ١٩٧٥ .

٣ ــ ينشر هذا القــرار في الجريدة الرسمية ، ويتولى الوزراء المختصون تنفيــذ احكامــه .

احمــد حســن البكــر
رئيس مجلس قيادة الثورة

## رقـــم ٥٣٩

استنادا الى احكام الفقرة ( أ ) من المــادة الثانيــة والاربعـين من الدستور الموقت .

قــرر مجلـس قيــادة الثــورة بجلسته المنعقــدة بتاريــخ ٢٤ــ٥ــ١٩٧٥ مايلــــي : ــ

١ ــ اعفاء المقاولين عبدالله العاني ، ووهبي الحمامي من الغرامات التأخيرية البالغة ( ١٩٦٠٣/١٠٤ ) تسعة عشر الفا وستمائة وثلاثة دنانير ومائة واربعة فلوس المترتبة بذمتهما نتيجة تنفيذ اعمال مناقصة انشاء المجموعــة السكنية في محطــة الاسكندرية المحالــة

## رقم ٥٦١

استنادا الى احكام الفقرة ( آ ) من المادة الثانية والاربعين من الدستور المؤقت .

قرر مجلس قيادة الثورة بجلسته المنعقدة بتاريخ ٢٨-٥-١٩٧٥ مايلي : -

١ - تخصيص راتب تقاعدي مقطوع قدره (٢٥) خمسة وعشرون دينارا شهريا لعيال المتوفى فكرت جاويد ابراهيم ، الموظف في مديرية تنفيذ التبغ في السليمانية سابقا .

٢ - يتولى وزير المالية تنفيذ هذا القرار .

احمد حسن البكر
رئيس مجلس قيادة الثورة

## رقم ٥٦٧

استنادا الى احكام الفقرة ( آ ) من المادة الثانية والاربعين من الدستور المؤقت .

قرر مجلس قيادة الثورة بجلسته المنعقدة بتاريخ ٣١-٥-١٩٧٥ مايلي : -

١ - تخصيص راتب تقاعدي للشرطي السابق احمد كريم وفقا لاحكام الفقرة (٤) من المادة الرابعة عشرة من قانون تقاعد الشرطة والامن رقم (٤) لسنة ١٩٦٤ المعدل .

٢ - يعمل بهذا القرار من تاريخ صدوره ، ويتولى وزيرا الداخلية والمالية تنفيذه .

احمد حسن البكر
رئيس مجلس قيادة الثورة

## رقم ٥٦٩

استنادا الى احكام الفقرة ( آ ) من المادة الثانية والاربعين من الدستور المؤقت .

قرر مجلس قيادة الثورة بجلسته المنعقدة بتاريخ ١-٦-١٩٧٥ مايلي : -

١ - تعيين المهندس خلدون لطف‌الله عبدالله الصالحي ، مديرا عاما لتوزيع الطاقة الكهربائية في المؤسسة العامة للكهرباء ، وبنفس راتبه الحالي .

٢ - يتولى وزير الصناعة والمعادن تنفيذ هذا القرار .

احمد حسن البكر
رئيس مجلس قيادة الثورة

## رقم ٥٧٠


استنادا الى احكام الفقرة ( آ ) من المادة الثانية والاربعين من الدستور المؤقت .

قرر مجلس قيادة الثورة بجلسته المنعقدة بتاريخ ١-٦-١٩٧٥ مايلي : -

١ - تعيين المهندس حسين عبدالجبار عبدالرزاق الامام ، مديرا عاما لتوليد ونقل الطاقة في المؤسسة العامة للكهرباء ، وبنفس راتبه الحالي .

٢ - يتولى وزير الصناعة والمعادن تنفيذ هذا القرار .

احمد حسن البكر
رئيس مجلس قيادة الثورة



تایبەتی و پەلە

حزبی شیوعی کوردستان - عێراق
مەکتەبی سیاسی

بۆ هەڤاڵانی ئەندامی پێشمەرگەی ... باڵەکان
سڵاوی گەرم

وەک ئاگادارن هێزەکانی جەلالییەکان بە فیتی ڕژێم ئیعلانی شەڕی
کردووە دژی (جود) . دوای کوشتنی سەربازو شەماڵ
بە ڕێگەی ئێمە ئەوان خۆیان کێشاوە دوای شکانی خوێندکاریان
لە پێش هەولێر و ... تەسلیم بوون، دوای هەڵگیرسانی ئەم شەڕە
کوێیە . ئەوەبوو لە باڵیسان چەند جار تێکیان شکاندن و
گەڕاندنەوە . هێزەکانی (جود) یان ناچار کرد دوور بن
٧٧/٤ هەموو هێزەکانی جود پێکەوە لیان بدەن و وەکو ئەوی
هاوڕیان شکاند و پێکەوە دەستیان گرت و زۆریان پێ بەزەو
... گوشاریان زۆریان لێ کردووە . ئێمەش (جود)
حوار ... هەیە، دوای باڵیسان خۆشناوەتی
و دەشتی هەولێر بەرەو کۆیە ... هەڵاتن
نەماوە . هەڵوێستی جود زۆر هۆشیارانە بوو لەم
شەڕانەی منطقەی هەولێر .
بۆ ئەوەی ... ئەمین . منطقەکانی ئەمین ...
... بۆ جود پێویستی لە دەرەوە ئەوە بازەیش
یان سەرو بێن ، پێویستە هەموو خۆتانی تان ...

←

لەگەڵ ئەوەی ڕاپۆرتی حزبی شیوعی گەیشتووەتە دەست
بۆ لیژنەی بالا دوا کەوتن . دوو نامەی تریان
نووسیوە بۆ هاتنتان . وا دیارە ئەگەر تێگەیشتوون
دەستتان .
تکایە زۆر بە هەنگاو بڕۆن بەم ٣ نامەیەو بۆ دوا
کەوتن لەگەڵ خۆتانا ئەوان بەرپرس بکەن .
نابێ ئەگەر ڕاپۆرتی حزبی شیوعی شتی تێدا نەهاتبێت یان
هاتبوون پێشتر شێوە هەیە دەبێ بێن . بۆمان ئاگادار بکەن
٧ چەکداری حزب لە دووڵەکەی [illegible] مەحەڕبەدا
لێ وریا بن . درێژە بە ڕێکخستنی تر بدەن [illegible]
[illegible] دوا کەوتنتان [illegible] ئەم نامانە [illegible]
[illegible]
[illegible]

ژ ب ک
ڕێکخراوی دەرەوەی کوردستان
[illegible] . بۆتانا ئاگادار [illegible]

[illegible]

١٩٨٢/٤/٢٨

حزبی شیوعی عیراق
ژمارە/ ٢٣٥
مێژوو/ ٩٨١/١١/١

برایانی بەڕێز و خۆشەویستمان م. س حزبی سوشیالیست

سڵاوێکی شۆڕشگێڕیمان.


هیوادارین پارێزراو بن.

١) برایان سەیدکاکە و ابو ئەیوب دوێنێ بە دەستی پاسەوان گەیشتوون بە سەلامەتی. سبەینێ دانیشتنی هاوبەشمان - بە نیسبەتمان - هەیە. ببورن بە ڕێکەوت لە یادمان نەبوو ئاگادارتان بکەین.

٢) وەک پێشتریش ئەم شێوازە بۆمان نووسین، دووجار هەڤاڵ مام جەلال هاتن بۆلامان داوای بێ لایەنی ئێمەیان کرد لە باڵاتی، وتمان شتی وانیە و ناچین. داوای هودنەی دەوڵەتیان کرد تا بێنە حەلێکی وسط. وتمان ئێمە هاوکاری "جود" ئەکەین.

وە ئەم بروسکەیەمان بۆ ئاس لقا گەیان بۆ هاوڕێیان بار دووی نووسیمانەوە:
"اتصل بنا اوك مرتين طلبوا الحياد ① اكدنا لهم تعاوننا مع اطراف جود ② طلبوا الهدنة كحل في محله لحين الوصول الى حل وسط ③ نشعرون بضعفهم ④ لا تستخدروا ⑤ ربما يريدون كسب الوقت ⑥ اطرحوا الموضوع في لجنة المتابعة عندكم ⑦."

٣) بۆ هاتنتان بۆ فیدرین هاوکارانە. بەڵام تکامان وایە زوو زوو ببینین - العملك كاك طاهر بەڕێزدە خەونیکات - وەک ئەوڕا بۆ ئەلسیا. ئاگادار بن کۆبوونەوەکەمان تێکچێ - چونکە بۆ نیوەڕۆ کۆبوونەوە ئەبێ. تکا لە ڕێگاکانی ڕێڕەوانمان هەیە کە ئەوڕا بۆ لایان لە بێت.





صوت الاتحاد

نشرة دورية يصدرها الاتحاد الوطني الكردستاني - فرع اوربا

العدد 5 تشرين الاول 1982

SAUT AL ITTIHAD
PERIODICAL PUBLICATION OF THE
PATRIOTIC UNION OF KURDISTAN - PUK
EUROPEAN BRANCH

B.P. 37,
Alfortville 94140,
FRANCE

تناضلوا لاسقاط النظام الفاشي في العراق والاتيان بحكم ائتلافي وطني يضمن الحكم الذاتي الحقيقي لكردستان ... قال المناضل ........

## خطوة هامة على طريق تعزيز الوحدة الوطنية

استقبلت جماهير شعبنا البيان المشترك الصادر عن الحزب الشيوعي العراقي و الاتحاد الوطني الكردستاني في ٢-تموز-١٩٨٢ استقبالا حارا و اعتبرته خطوة هامة على طريق تعزيز الوحدة الوطنية وثمنت الجهود البناءة التي بذلتها القيادتين لحل المشاكل بالطرق السلمية و الحوار الديمقراطي

البقية على ص ...

## الافتتاحية

### اسقاط النظام الفاشي في بغداد كان ومايزال وسيبقى شعارنا المركزي

البقية على ص ٧

## تحياتنا النضالية للذكرى الـ ٦٥ لثورة اكتوبر الاشتراكية العظمى

غزو لبنان وتدمير بيروت ومذبحة صبرة وشاتيلا . الدوافع والنتائج ص ٤

## الاتحاد الوطني الكردستاني - فرع اوربا

انهى كونفرانسه السابع بنجاح

## ثورة أيلول — ١٩٦١ — دروس وعبر ..

من: م.س اوك
الى: م.س حشع
العدد: ٤
التاريخ ١٨/٢/١٩٨٣

ان بيان جود هو خرق خطير لاتفاق طرابلس و الاتفاق الثنائي بيننا لا يمكن المرور عليه مرور الكرام مطلقا و قد وقعت بين ايدينا و ثيقة تعاون حزبكم قبل حدوث الأصطدام مع حسك لمقاتلة رفاقنا و هذا خرق خطير آخر من جانبكم للاتفاق. نريد توضيحا جديا قبل الاجابة على برقيتكم الاخيرة.


Sirwan Fatih
صورة مناضلات الشيوعيات للحزب الشيوعي العراقي التي لم
ينجو احداهن من مذبحة پشتئاشان الشهيرة التي قام بها الاتحاد
الوطني الكردستاني
وێنەی پێشمەرگەکانی حزبی شیوعی کە هیچیان ڕزگاریان نەبوو لە
قەسابخانەکەی پشتئاشان کە لەلایەن یەکیتی نیشتیمانی کرا بۆ
سەر ئەو حزبە